ئاڵقەی هەشتەم

دوورخوێنی ڕووپەڕەی هەر بابەتێک بێت بە بەریەوە هەیە ناواخنی لاوەکی بە ڕایەڵە جلوەی تێدا ببەستێت وەک کە سەیری ئەوبەری شەقامت کرد هامووشۆکەر و مەلی نزمفڕیش دێنە بەر نیگاتەوە. ئەو ناواخنە لاوەکیانە تێیاندا هەیە لە بابەتی بنەڕەتی خۆشتر بێت. ئەگەر شیابا مەبەستی بنەڕەتی جێگا چۆڵ بکات بۆ تیۆرێخی لە خۆی خۆشتر دەبوو ئاڵقەیێکی سەرلەبەر، بگرە پتریش، تەرخان بکەم بۆی. دۆست و برادەری بەڕێز زۆرن لەوانەی تێبینی و پرسیاری ورد و داخوازیی تایبەتییان لێ کردووم بە بەڵگەی خۆشامەدییان لەو ئاڵقانەی هەتا ژمارە پێنج ڕیزیان بەستووە ئاڵقەی شەشەم جارێ بلاونەبۆتەوە، خەریکە لە هێلکەدانی چاپخانە بەربێتەوە.

مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور لە کەنەداوە نامەی نارد داوای درێژە و وردکێڵیی پتر و فرەترکردنی بابەت، بە تایبەت هی سەر بە قوتابخانەکان و جۆری نووسین و کتێب... دەکات. وەرامم نووسییەوە بەڵام داخم ناچێ نامەکەیم بزر کرد و ئەدرەسیم لە دەست دا. ئێستە ئەو ڕەنگە وەها بزانێ کەمتەرخەمیم کردبێ. نەخێر، بەردەوام لە پەرۆشدام.

مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی نامەیێکی سی لاپەڕەیی بۆ ناردم، یەک باوەش قسە و خەبەراتی ئەوتۆیان تێدایە کە ئەگەر پێشتر ئاگاداریان ببامایە ئەو پێنج ئاڵقەیە بێعەیبتر دەبوون. پیاوەتیی خۆی بەوەدا تەواو کرد کە دوای دەرچوونی «حەماغای گەورە»ش تێبینیی خۆی لە قەوارەی پتر لە بیست لاپەڕەدا بۆ ناردم، ئەوانیش زانیاریی وەهایان تێدا بوو کە ئەگەر بەر لە دەرچوونی کتێبەکە لێیان بەڵەد بامایە سوودیان بە کتێبەکە دەگەیاند. بە نموونە لە لاپەڕە دەی تێبینییەکاندا دەڵێ: دایکی حەماغای کۆیێ (حەماغای گەورە – وەک خۆم دامناوە) کچی وەستا حەمەدی عەودی دەباغچی کۆیێ بووە، سمایلاغاش هەر لەو ئافرەتە کەوتۆتەوە. من چەندێکی لە غەفوورییەکان پرسیارم کرد لەم ڕووەوە هەر ئەوەندەم زانی کە دایکی حەماغا ڕەحمەخانێک بووە خەبەرەکەش لە یەکێکی حەوێزی وەرگیرابوو... تێبینییەکان زۆر بە کەڵکن ڕۆژی کەڵک لێ وەرگرتنیان دێت، بڵێن ئینشاڵڵا.

د. کوردستان موکریانی، بە تەلەفۆن، لە زاری خۆی و ئەوانەی لێشی بیستوون لە گوێمی چرپاند کە بیرەوەرییەکانم شەبەنگی ئافرەت و دەوری ئافرەت لە ژیانی منیان تێدا نییە. نەختێک لەو ماوە زۆر کورتەی وتووێژی تەلەفۆندا هۆی ڕەنگ نەدانەوەی گوڵ و بەرگ و پەلکەزێرینەی ئافرەت بۆ د. کوردستان ڕوون کرایەوە... تۆ بڵێی نەزانم چێشتی بێخوێ و باغی بێمێوە و مەزرای بێ گوڵ و مەل نوقستانن! بەڵام چۆناوچۆنی دەرفەتی تەسکەبەری ئازادیی تەعبیر لە ڕۆژهەڵاتە خۆشەویستەکەی نەبوردووەکەی چاونەپۆشەکەی خۆمان بەرفراوان بکەم هەتا قافڵەی بە زەنگۆڵەی پڕ هاتوبات و بریقوباقی کالای هەمەچەشنەی خوشکەکەی فرشتە و پەریی کیژۆڵەی کوردستانی دەمی گەنجایەتیمی پێدا بێتە ناو چلچراخانی یادستانی دڵێکی هەستیارەوە!!

چەندین برادەری خۆشەویست و کەسانی کە پێشتر نەمناسیون بە گەرمی لە دەرچوون و دەرنەچوونی بیرەوەرییەکانم دەپرسنەوە، هەتا ئەوەی هێندێکیان پاتەوپات پێیان گوتم کە دڵ شکەستەیی وەهای کرد

ئەو ژمارەیەی کە چاوەڕوان دەکرا ئاڵقەی شەشەمی تێدا بێت و تێیدا نەبوو نەیکڕن... یەکێکی زۆر ڕێز لێ گیراو کە دەبوو هەر جارە لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیرییەوە هەموو ژمارەی گۆڤارەکان و نوسخەی کتێبەکانی بۆ بچێت، گوتی دانەیێکی ئەو ژمارەیەی ئاڵقەی چوارەمی تێدا بوو بە دوو دیناری کڕی... ئەو ژمارەیەی کە برادەران نەیانکڕیبوو باسێکی زمانناسانەی دوور و درێژی خۆیشمی تێدا بوو، تومەز تامەزرۆیی بۆ چەژی ناو گەشتەکە کێشابوونی دەنا دەبوو باسە زمانییەکە دوو هێندەیان بکێشێت.

لە زۆر لاوە خوێنەرانی ئەو ئاڵقانە کورتە مێژووی بنەماڵەی خۆیانیان بۆ ناردووم، بە سپاسەوە پێبەپێ لە جێی پێویستدا بڵاودەکرێنەوە. لێرەدا یەکێک لەو قەردانە دەدەمەوە. لە ئاڵقەیێکی پێشووتردا باسی کوژرانی پیاوێکی سێنانیم کرد، لە هاتوباتی بووک گوێستنەدا گوللەیێکی کوێری بەر کەوتبوو. لەو موناسەبەیەدا معاون پۆلیسی ئەوسای کۆیەم بە چاکە ناوهێنا بێ ئەوەی بە خوێنەرانی بناسێنم، ئەو جوامێرە (رفعت احمد) خەڵقی کفرییە بە وەنداوی مەشوورن. وەک خۆی بۆی گێڕامەوە لە دزەییاتییەوە ڕایان گوێستووە بۆ کفری. دایکی، کیژی فەتاح بەگ، ئامۆزای ڕەشید بەگی ئەحمەد بەگی بێتواتەیە کە لە تیرەی (پشت گەلّی)ی میرەکانی خۆشناون، لە ئەنوەر بەگی میرانی ڕەشید بەگم پرسی، لەگەڵ نەختێک ڕوونکردنەوە، قسەکانی بە ڕاست گێڕا. کاک ڕەفعەت ئێستە ماڵی لە بەغدایە و خانەنشینە.

کە هەر قەرز دانەوە بێت پێویستە بڵێم، ساڵی ١٩٣٥ کە لە خزمەت ماممدا چووین بۆ سلێمانی، زیارەتی ماڵەکەی شێخ مەحموودمان کرد، بەڵام وەها ڕێک کەوت کە هیچ یەکێک لە کوڕانی لە سلێمانی نەبوون، ئەمەشمان دەزانی، بەڵام پێویستێکی ئەدەبی بوو ئەو زیارەتە بکەین.

ناوناوە وردە گلەییم بۆ دێتەوە لە هەندێ باس و خواسی ناو گەشتەکە کە جێی ڕەزامەندی ئەم و ئەو نابێت، من لە بەرنامەمدا نییە بە ئانقەست یەخەگیری کەس ببم کەسێکی موناسەبەش ناوی بهێنێتە ناو گەشتەکەوە بە پارێز قەڵەمی لێ دەگێرم، بەڵام هەروەک زەدەی ناکەم چاکەشی بۆ هەڵنابەستم. تکام ئەوەیە خوێنەرێک کە لە نووسینەکەم ناڕازی بوو هەر چونکە حەزی دەکرد شتێکی شیرنتر بگێڕمەوە لەوەی بەر دۆستێکی، وەیا خزمی خۆی کەوتووە، با ئینساف بەکاربهێنێت و ئەوەندە نووسینەم بە نووسینێکی دیکەی وەک ئەوم بگرێت کە باسی کەسێکی بێگانە بە خۆیم کردووە و لێی ناڕازیش نابێت. کپ کردنی قەڵەمی نووسەر وەک زمان بڕینی مرۆی قسەکەرە. ئەگەر باخەڵ فەڕاحی لە خوێنەرانەوە، وەیا خود لە خاوەن عەلاقانەوە بەکار نەیەت دەبێ هیچ کەسێک هیچ ڕووداوێک و بیروباوەڕێک بڵاونەکاتەوە. ئەوەندەی قسەی ناڕەوا لە بارەی منەوە بڵاوکراوەتەوە کە هێندێکیان قانوونیش دەیگرتن پترە لە تێکڕای ئەو شتانەی من لە بارەی خەڵقەوە نووسیوەتم کە بە چ نیازێکی تایبەتی و دوژمنایەتیشەوە لێم نەبیستراوە.

ساڵانی خوێندنی حقوقم، بێگومان، لە هەموو ڕووەوە جۆرە گۆڕانێک بوو لە ڕێبازی ڕەوتی بەسەر بردنم. شاری بەغدا خۆی بە تەنها تاقیکردنەوەیێکی نوێ بوو بۆم و بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە وەکوو من و پتریش لە من ژیانێکی یەک نەوای سەر بە قەپێلکیان لە شارە بچووکەکەی خۆیاندا ڕادەبوارد. هەرچەند لە بەغداش ڕێم بە خۆم نەدا داوە مەعنەوییەکانی پێوەندی بە ئاکار و ڕەفتاری میراتیم هەڵبڕمەوە تا ئەوەی بە درێژایی چوار ساڵی بەغدام تەنها سێ جاران بە ناچاری لەگەڵ پیاوی ماقووڵدا

چووم بۆ (ملهی) دیسان بەرینایی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و شارستانەتی و سەقافی و خولگەی هەڵسووڕ و داسووڕ لە بەغدا قیاسی هەڵنەدەگرت لە چاو شارەکانی دیکەی وڵات.

جارێک لەو سێ جارانەی کە دەڵێم بە ناچاری چووم بۆ مەلها، ئەوە بوو کە لەگەڵ دکتۆر نەجیب عەبدولنوور، دکتۆری خەستەخانەی کۆیە، شەوێکیان چووینە مەلهایێکی عێراقی کە گۆیا بابەتی یەکەمی مەلهاکان بوو. ئەو شەوە ئافرەتە گۆرانیبێژەکان و سەماکەرەکان ئەوەندە بە ئەدەب و بە نامووس بوون وەهایان لە دکتۆر نەجیب کرد کە بە دڵ شکستەییەوە بڵێت: سەیری تالع و بەخت بکە، تیاترۆکان ئەم شۆ لە ئافرەتی (شارع الرشید) بە ئەدەبترن، قسەکەشی ڕاست بوو، چونکە بەڕاستی جلەکانیان وەهای داپۆشیبوون هیچ جێگەیێکی لەشیان دەرنەدەکەوت کە لە نوێژدا نابێ دەرکەوێت... دکتۆر نەجیب میسری- لوبنانی بوو، هەتا بڵێی نیگافراوان و قسەخۆش و دۆست مەشرەب بوو. لە کۆییان کۆییتر بوو. بە دوایی بووش بە زاوای کۆییان و کچێکی بە ڕێ و جێی خواست کە دکتۆر نەجیب بۆی بوو بە موسڵمان... ئەم خزمایەتیەی دوای دەرچوونم لە حقوق پێک هات، خۆیشم یەک بووم لە دوو کەسان کە داخوازیمان بۆی کرد، کەسەکەی دیکە کاکە زیادی حەماغا بوو. سەد جاران لێی پیرۆز بێت.

نشیمەنم بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لە ژوورێکی خانی حەمەد مستەفاغا و حەمە تەیباغای حەوێزی بوو کە نزیک لە کۆنە مۆزەخانەی بەغدا بە لای ناوەوەی خانووەکانی ئەو گەڕەکە نەک بە لای شەقامەوە هەڵکەوتبوو. بەختی یار وەهای کرد هاوڕێییێکم بۆ بڕەخسێت و لەلایەن خواردنەوە پێوەی بحەسێمەوە. محەمەد کاکەخان کوڕێکی خانەقینی کە ئەوسا لە پلەی ناوەندی دەیخوێند و ژیان فێری کردبوو چێشت لێ بنێت و سەروبەری مەتبەخچیەتی و لەوازمی خواردن بە ئەستۆوە بگرێت. ئا ئەم گەنجە بۆم بوو بە خدری زیندە. من لە ماڵەوە هەرچی خواردەمەنی پەکی لەسەر بکەوتایە وەک برنج و ساوار و نیسک و نۆک و دۆشاو و سماق و... و... بۆم دەهات، وەیاخود لەگەڵ خۆمدا دەمـهێنا، محەمەدیش چی مەنجەڵ و کەتلی و پریمز و کەلوپەلی چێشت لێنان هەیە پێی بوو، فێریش بوو چێشت لێبنێت، بەڕاستی چاکیشی لێ دەنا. تەنها گۆشت و ڕۆن و نانمان لە بازاڕ دەکڕی... چەندێکی بشڵێی تەبیاتی خۆش بوو، لە دڵ ڕاگرتنی برادەر بێقسوور بوو، بە زیادەوەش تێبینیی خواروژووری پلەی خوێندنمانی دەکرد ئیتر بە چاوی برا گەورە سەیری دەکردم، کە من هیچ ئەم لایەنەم بەسەردا نەدەسەپاند، بە پێچەوانەوە لە غەیری چێشت لێنانەکە ڕێم نەدەدا براچووکەیی و گەورەییمان پێوە دیار بێت. محەمەد ناسیاوی ڕەشیدی سمایلاغای باجەلانی خانەقین بوو، کەوا بەر لەوەی من بێمە بەغدا، ڕەشید لەگەڵ (دڵدار- یوونس ڕەئووف) و کاکە حەمەی خانەقا برادەرایەتیی خۆی چەسپاندبوو، بەڵام محەمەد لە ئاست ڕەشیددا خۆشویستن و گلەیی تێکەڵ دەکرد، هەرگیزیش نەچوومە بنج و بناوانی ئەو بارە نەگونجاوەوە. محەمەد، کەوت و ڕەوت، خوێندنی حقوقی تەواو کرد، بەینێک بووە فەرمانبەری میری لە تەسویە، دواتر وازی لەو وەزیفەیە هێنا و ئێستا مەکتەبێکی محاماتی هەیە، شوقەیێکی سەرلەبەری گرتۆتەوە لە «ساحة النصر» ی باب ئەلشەرقی و شوکرێ لە هەموو ڕوویەکەوە دامەزراوە و ڕەگی لە ژیانی تێروتەسەل داکوتاوە... لەوەتەی دەیناسم، کە پتر لە ٤٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، دڵم گەردی لێ نەگرتوە... کاکە ڕەشید باجەلانیش کە لە ڕۆژانی سەرەتای حقوقمەوە ناسیم و بووین بە دۆست هەرگیز لە هیچ

رووییەکەوە بایی سەری دەرزی چ لە حقوق و چ پاش حقوق، دڵ نیگەرانیمان نەبوو. ئەو ساڵێک پێش من بوو، بەینێک محامات و دواتر وەزیفەی دادپرسی دیت هەتا لەو دواییە خۆی خانەنشین کرد. کە یەکدی دەبینین هەر بەو گیانی قوتابیەتیی چلەکان دەدوێین. ناڵێیت تەمەن و لە یەکتری دابڕان دەورێکی هەبوو بێت لە گۆڕینی تەبیات و پەرۆش بۆ یەکتر و لەزەت لێک وەرگرتن. کە گوتاری «میرزا عبدالکریم» دەرچوو لە گۆڤاری کاروان، کاک ڕەشیدم دیت زۆری گوتارەکە پێ خۆش بووبوو. گوتارەکە خۆم نووسیبووم و بڵاوم کردبۆوە ئەویش لە وەفاداری بۆ سەربازێکی بێ دەنگ و هەرای کوردایەتی و دۆست و ناسیاوێکی دراوسێی خانەوادەیەک کە لە ڕۆژگاری باپیری باپیرمەوە لە خزم نزیکتر بوون، ماڵیشمان لە سەربانەوە بۆ بانی ئەوان ٧ متر دوور و لە دەرگەمان بۆ دەرگەیان بە کۆڵانەدا سی مەتر مەودا بوو. بە ئیزنی مامۆستا ڕەشید باجەلان ئەم خەم ڕەوینەوەی سەردەمی خوێندنی حقوقمان بە عەرزی خوێنەر دەگەیەنم: کاکە ڕەشید و کاکە حەمەی خانەقا و دڵدار سێ برادەری هاومەشرەب و هاوباوەڕ بوون، بەزۆری لەگەڵ یەکتردا ڕایان دەبوارد هەرچەند خەوگەی کاک ڕەشید لە بەری «کەرخ» دوور لە شوێنی کاکە حەمە و چەند برادەرێکی دیکەیان بوو... شەوێک لە شوێنەکەی کاکە حەمە برادەران کۆدەبنەوە هەم بۆ ڕابواردن و هەم بۆ خەفتیانی پێداویستەکانی چالاکی سیاسییان. لە دەمی گەپ و نوکتەدا دەکەونە سەر باری قسەی تێکەڵ و تێک ئاڵقاو کە بە زۆری خەڵق بە تەڵەیەوە دەبێت. ڕەشید قسەیەکی ئەوتۆیی لە عەرەبییەوە دادەهێڵێ بەڵکوو بۆڕیان بدات، بریتی بووە لە چەند پات کردنەوەی وشەی «نبگ» کە دارێکی بەرداری بەغدایە، ئیتر: «لنا نبگە ولکم نبگە، نبگ نبگتنا ونبگ نبگتکم...» هتد، کۆمەڵەی برادەران خۆی لێ گێل دەکەن و هەر جارە یەکێکیان لێی داوا دەکات بۆی بڵێتەوە، ئیتر کاکە ڕەشید ماندوو دەکەن تا دوایی دانیشتنیان، دەچێتەوە بۆ خەوگەی خۆی، جارێ نەنووستووە تەلەفۆن داوای دەکات، تومەز جەماعەت داوای دەکەن و دەڵێن هەر ئێستاکە بۆ کارێکی زێدە گرینگ دەبێ بگەیتەوە لامان. ڕەشیدیش لێی مەعینە شتێکی سەر بە حیزبایەتی لزوومی ئەو داوایەی کردووە، بە هەڵەداوان و نەفەسسواری دەگاتەوە ژوورەکەیان و دەڵێ چی ڕووی داوە؟ بە خوێنی ساردەوە دەڵێن: ئەرێ بەخێری خۆت مەسەلەی «نبگ نبگتنا» مان بۆ دووپات بکەوە، باشمان لەبیر نەماوە... بائەوەش بڵێم، کاکە ڕەشید لە تەبیاتیدا نەبوو لە کردەوەی ئەوتۆیی خەریکی تۆڵە ستاندنەوە بێت.

پێوەندیی ناسیاویم بە گەلێک لە گەنجی کوردی ئەوسا کە لە هەموو لایێکی کوردستانەوە بۆ خوێندن هاتبوونە بەغدا بنیات نرا، بەلام زۆر بە خێرایی لەگەڵ کاکە حەمەی خانەقا و عومەر عوسمانی کۆنە هاوڕێی خوێندنی هەولێر وەها نزیک بووینەوە، ڕۆژ و شەو تا دەمی نووستن، بە زۆری لەگەڵ یەکتردا ڕامان دەبوارد ئیتر بە موتالای دەرسەکانمان بێت، وەیا بە کات کوژی بێت. ئەم سێیەمان بە جۆرێک یەکدیمان گرتبۆوە وێنەی نەبوو لە نێوان هیچ جووتە، وەیا تاقمە برادەرێکدا. بەیەکەوە بیتاقەی یانەسیبمان دەکڕی، جارێکیان بیتاقەیێکی پەنجا فلسیمان نیو دیناری بردەوە، سەر و ١٥٠ فلسمان قازانج پێ برا. کاکە حەمە پارەکەی خۆی دایە یەکەم هەژاری پێی گەییشت. من و عومەر نانێکی قاوەڵتی باشمان پێ خوارد کە ئەوسا نەفەرێک لە لۆقینتەی عادەتی کەمتر لە پەنجا فلسی بۆ یەک جەم دەچوو... جارێکی دیکە یانەسیبمان نەبردەوە.

عومەر عوسمان مرۆیێک بوو لە هێوێنی ساغی و ڕاستی و دڵسۆزی و خۆنەویستی دروست کرابوو. لەو ماوەی یەک دوو ساڵێدا کە بەیەکەوە هەر سێمان هاوڕێی خوێندن بووین، ڕۆژەک لە ڕۆژان ئارەزۆی خۆی پێش ئارەزۆی ئێمە نەیەخستەوە... هەر کەسەرێکی لە دڵدا هەیبووبێت نەیدەهێنایە سەر ڕووی. نەمدیت ئەم مەلایەکەت ئاکارە بە هیچ مەسەلەیێکی خۆیەوە بەرنامە گۆڕی وەیا مڵچ و مۆنی و کزی و عاجزی بەسەر ڕابواردنی ڕۆژانەماندا بهێنێت. تۆ بڵێ لە دەستە تەرازووی چ مەردێکدا جێ دەبێتەوە بۆ ئەوەی نەساغیی کوشندەی خۆی بشارێتەوە و ئەرکی لەش ساغی بخاتە سەر لەشە کەنەفتەکەی هەر هەتا بەرنامەی برادەرانی لە ڕابواردنی ڕۆژانەیاندا کەلێنی تێنەکەوێت؟ عومەر دووچاری سیل بوو! بە درەنگەوە ئەو ڕاستییەمان زانی... خوێندنی واز لێهێنا... جوانەمەرگ بوو...

برادەرایەتیی سێ قۆڵی لە نێوان عومەر و کاکە حەمە و مندا دوای مەرگی عومەر سەر لە نوێ بۆوە بە سێ قۆڵی کە دڵدار بوو بە کوچکەی سێیەم. بە دەم گەشتەوە باسی ئەم برادەرایەتییە دێت.

لەو قوتابییانەی پێوەندی نێوانمان گەییشتە برادەری و لەزەت لە یەکتر وەرگرتن چەند کەسێک بوون. لەمانە جەمال ڕەشید و کەمال عەبدوڵڵا کە قوتابی بوون لە کۆلێجی (طب) و دواتر بوون بە دکتۆری سەرکەوتوو. د. جەمال وێڕای شارەزایی لە لەش و مادە لەگەڵ ئەدەب و زمانیش ئاشنا بوو. د. کەمال شەکرێک بوو بۆ خۆی. ئەگەر بڵێم شەرم بە خۆیێک بوو بە هەڵە ڕێی بزر کردبوو بۆ ناو گۆبەندی ئادەمیزاد لێم بە زیاد مەگرە. ڕۆژێکیان لەبەر دەمی دوکانی سیمۆن ئەفەندی (کە هەر ئێستا باسی دێت) د. کەمال و د. جەمال و من ڕاوەستابووین تەعلیقی سەیرۆکەمان لێ دەدا بەسەر ئەوەی دەهاتە پێش چاومان. دکتۆر جەمال و من لە قافیەی (مسرور، مغرور...) بە عەرەبی کوردی ئامێز کە گۆیا خەڵقەکە تێی ناگەن چۆنێکی بۆمان هاتبایە دوڕمان دەقەڵاشت. نۆرەی دکتۆر جەمال بوو شتێکی گوت لەو قافیە هەر ئەو لێ بۆوە کابرایێکی پشت کووڕ گەییشتە ئاستی من و خەریک بوو بۆ لای دکتۆر کەمال ڕەت دەبوو منیش بە قافیە ئارایی و مناسبی وەزعی ئەو کابرایە گوتم: (وپشتە قمبور) بە لای خۆمەوە چ عەرەبێک لەم قسەیەم تێناگات کەچی قەمبوور لای عەرەب ئاشنایە و من نەمدەزانی. کابرا ڕووی وەرگێڕا و بە ترشییەوە دەنگی بۆ د. کەمال هەڵبڕی و دەستێکی لێ هەڵتەکاند و گوتی: خۆش ئاداب یاخود خۆش ئەخلاق... د. کەمال ڕووی مۆر هەڵگەڕا نەشی دەویست تاوانەکە لە خۆی بتەکێنێتەوە بە منی بداتەوە. هەزاران هەزار حەیف کە ئەم مرۆیە نرخدارەمان لە هەرەتی گەنجایەتی وتافی پێگەییشتنی لە کیس چوو. دکتۆر جەمال تا دەمی ئەم نووسینە برادەرمە و بە درێژایی ٤٦ ساڵی ڕابوردوو برادەریمان لە گەشەدا بووە هەرچەند دەرفەتی یەکتر دیتنیش وەزەحمەت کەوتووە.

لە گرووپی قوتابییەکانی حقوق مەگەر چۆنهایەک دەنا هەموو کوردەکان بە ناچاری ناسیاو و ئاشنا بوون. لەگەڵ جەلال و بورهانی حامید بەگ و سەعیدی ئەفراسیاب بەگ و عومەری محەمەداغا و مەجید یاوەر و زەیدی ئەحمەد ئەفەندی و حەمە سەعیدی حاجی برایماغا و جەلیل هۆشیار و (بایز و برایم و جەوهەر و کانەبی)ی عەزیزاغا و بایزی عەبدوڵڵاغا و محەمەدی فەتاح چەلەبی و (برایم و تەلعەت)ی محەمەد عەلیاغا و فەتاح مەحموود و مەحموود تۆفیق... هەمیشە بەیەک دەگەییشتین. لەمانە هێندێکیان

له خوێندنی ناوەندییەوە ناسیاوم بوون کە لە هەولێر بەیەکەوە خوێندبوومان. لەگەڵ هێندێکیان بە پێی ڕێکەوت برادەریمان بەهێزتر بوو. زەیدی ئەحمەد ئەفەندی بە پێی خزمایەتییێکی کە لەگەڵ ماڵی مامم و دوو پوورمدا هەیبوو بۆ منیش سەرەڕای برادەری بە خزم حیساب بوو، لە ١٩٣٠شەوە دەمناسی. هێندێکیان ماڵیان لە بەغدا بوو، یاخود ماڵێکیان لە بەغدا بوو، ناوناوە نیوەڕۆژەشمان لایان دەخوارد، تێیاندا بوو بەر لە من و دوای من گەیشتنە حقوق، هەر بەو پێیە زووتر و درەنگتر لە من حقوقیان تەواوکرد.

قوتابییەکان لە دوکانی سیمۆن ئەفەندی کە پیاوماقووڵێکی ئەرمەنی بوو دەمێک بوو کەوتبوە بەغدا، دوکانەکەشی لە زارکی لاشەقامی ئەکمەگخانە بوو شیر و چایە و نانی سبەینانی دەفرۆشت زۆر خاتری دەویستین و ڕۆژانی جومعە قوتابیی چەندین (کلیە) لێی کۆدەبوونەوە، ئا لەوێدا ئاشنایی نێوان جۆرەها قوتابخانە و (کلیە) دادەمەزرا. مستەفا عەزیز و فەتاح شاڵی و محەمەد ئەمین دەربەندفەقەرە و فەوزی سائیب لە قوتابیانی کولییەی حەربییەم لەو ڕۆژانەدا ناسین. لە برایانی بەری بادین سدیق ئەتروشی و جەمیل ڕەشید و سادیق بەهائەددین ڕووی ئاشنا بوون. نوکتەیێک پەیدا بووبوو دەیگوت ئەوەی کوردە دەبێ هێلکەوڕۆن لای سیمۆن ئەفەندی بخوات و سەری لە (صالون حلاقة الشرق) کە هەر سی چل مەترەیێک لە دوکانەکە دوور بوو بتاشێت و جلک لای وەستا بەشیر موشیر بدورێت. وەستا بەشیریش بە هەمووی سەد مەترەیێک لەو دوو مەرکەزەوە دوور بوو. من لەم سێ ڕوکنە دوانیم هەبوون بەڵام هەرگیز ڕێک نەکەوت بچمە دوکانی بەشیر ئەفەندی. هەر بە بۆنەی هاتوچۆی قوتابییەکان بۆ دوکانی سیمۆن ئەفەندی مێوانی خوێندەواریش کە دەهاتنە بەغدا سەردانی دوکانەکەیان دەکرد. من یەکەم جار فایەق بێکەسم لەو دوکانەدا دیت. ئەو قوتابییانەی وەکوو من نشیمەنیان لە سیمۆن ئەفەندی نزیک بوو هەموو سبەینەیێک نانی سبەینەمان لای ئەو دەخوارد. هێلکەوڕۆنی ئەو دوکانە بێمانەند بوو، سیمۆن ئەفەندیش چاوەدێری قوتابیی کوردی دەکرد. کە حەرب درێژی کێشایەوە و خواردەمەنی عەزیز بوو زۆر سبەینان سیمۆن ئەفەندی هێلکەی گل دەدایەوە بۆ قوتابییەکان و نەیدەدایە کەسی دیکە. قەرزی لای قوتابیی هەژاری کورد کۆدەبۆوە تا ئەوەی وەها ڕێک دەکەوت قەرزەکە دەسووتا... تا بڵێی لامان بەڕێز بوو، خۆیشی لە بنەماڵەکانی ئەرمەنی بوو. خێزانی ناوناوە سەری مێردی دەدا، ئافرەتێک بوو وێ چوویی و خاتوونیی لێ دەباری... دواتر لە سەفەرێکمدا کە چوومە لای سیمۆن ئەفەندی و هەواڵی خێزانەکەیم پرسی دایە گریانێکی بە هەنیسک ئاوی لە چاوی منیش هێنا. گوتی چەند حەفتەیەکە مردوە... دوو کوڕی هەبوون، ژیانی مەیلەو بەڕەڵڵای ئەوسای بەغدا لە چاو وێڵ و تەرتیبێکی کە سیمۆن ئەفەندی و ژنەکەی بە جحێڵی لە مەفتەنی خۆیان تێیدا پەروەردە بووبوون دەرفەتی ئەو دوو کوڕە و دایک و باوکەکەیانی نەدا کە بەیەکەوە بگونجێن، هەمیشە سیمۆن ئەفەندی گلەیی لێیان هەبوو، ناوناوە بەدەم گلەییەوە دەشگریا.

ئەو ساڵەی خوێندنی حقوقم کە بە ساڵی ١٩٤١-١٩٤٢ دەناسرێت هیچ کیژێک وەرنەگیرا. خوا لێ خۆش بووی عەمیدی ئەوسای حقوق مامۆستا (منير القاضي) لەبەر ناتەواویی ئەو خانووەی حقوقی تێدا بوو لە ڕووی پێداویست بۆ حەسانەوەی کیژان بڕیاری دا کیژان وەرنەگیرێن. حقوق ئەوسا لە (باب المعظم) بوو خانوەکەشی کۆن و تەسکەبەرە بوو. زوو بە زوو گوێزراینەوە بۆ بینایێکی دیکەی گەورەتر لە

(وزیریە) بەڵام لەوێشدا حەسانەوەی کچ مسۆگەر نەبوو. خۆم دیتم کچێکی یەک لە وەزیرەکان دەرچوو بۆ لای ماڵە (معێدی)یێک کە لەو نزیکانە زنجێکیان پێکەوە نابوو، بە یارمەتیی ئافرەتەکانی ئەو ماڵە معێدییە کچەکە لە تەنگەتاوی ڕزگار بوو. ئەم ڕووداوە هی ساڵی دووەمی خوێندنم بوو، واتە لەو بینایە نوێیەشدا تا ساڵی بەسەردا تێپەڕی چاری وەزعی کچە قوتابی نەکرابوو. کچان لە ساڵی دووەمی خوێندنم وەرگیران بۆ پۆلی یەکەم بەڵام مامۆستا مونیر ئەلقازی لە عەمیدایەتیدا نەمابوو یەکێکی میسری، د. عەبدولحەمید ئەلوەشاحی بوو، بووە عەمید. بەر لە ئێمە تاک تاکەی کچان لە پۆلی دووەم و سێیەم و چوارەم هەبوون. من دەمگوت بوونی کیژ لە پۆلدا بۆ هاوینان جێگەی پانکە و لە زستاندا جێگەی سۆبە دەگرێتەوە. ئەمەم بۆ نوکتە بوو بەڵام بەڕاستی هەبوونی کچ لە پۆلی کوڕاندا لەنگەرێکی ڕێکوپێکی ماقووڵی و شەرم بەخۆیی و بەخۆوە خەریک بوون ڕادەگرێت.

دوای من بە دوو ساڵ یەکێک لەو کیژانەی وەرگیران ناوی بە جوانی دەرکردبوو لە بەغدا. من لە پۆلی سێیەم بووم ئەو هاتە پۆلی یەکەم. شاعیرێکی (رؤوف الجبوري) ناو کە یەک تاڵ موو بە لەشیەوە نەبوو بەڵام هەتا بڵێی ڕوح سووک و قسەخۆش بوو شیعرێکی بەو کچەدا هەڵگوت نوکتە ئامێزی ئەدیبانە، سەرەتاکەی ئەمە بوو: «الله اكبر يا...! فيم التكبر والدلال...» ئەم شیعرە بە سەلامەتی تێپەڕی بەڵام قەباحەتێکی دیکەی بێئینسافانە دەنگی دایەوە. ئەوسا لە گۆڤارێکی حەفتانەی میسر عەباس مەحموود ئەلعەققاد وەڵامی پرسیاری خەڵقی دەدایەوە بە شێوازە دەوڵەمەندەکەی خۆی، یەکێکی خەفەت لە دڵ بە ئیمزای ئەو کچە نامەی نارد بۆ عەققاد دەڵێ: من کچێکی نیگافراوانم لەگەڵ کوڕان دەردەچم بەڵام بە داخەوە هەر کوڕێکی بیناسم هەر دۆستایەتی و دڵداریم پێشکەش دەکات، کەس نەهات خوازبێنیم بکات... عەقاد بێ ئەوەی بزانێ نامەکە هەڵبەستراوە وەڵامی دایەوە دەڵێ: لە پرسیارت وەڵام دەزاندرێ، ئایا خۆت ڕازی دەبیت شوو بکەیت بە کوڕێک لە لایەن ڕووکراوییەوە وەکوو خۆت بێت؟ کچەکە لە ناخی دڵەوە ئێشی گەییشتێ و شکاتی بردە لای عەمید. نووسەر ناسرا بەڵام نازانم چۆناوچۆنی مەسەلە چارەسەر کرا، نووسەریشم نەناسی چونکە لەو دوو ساڵەی من تێیدا قوتابی بووم هێندە قوتابی وەرگیران نەدەناسران. ئێمە ١٠٠ کەس وەرگیراین، دواتر ٥٠٠، ٦٠٠ - ١٠٠٠ وەردەگیران.

پاش بەرپابوونی شەڕی نێوان ئەڵمانیا و ڕووسیا و لەو ساڵەی ١٩٤١دا، ئەوانەی قەومی بوون لەگەڵ شیوعییەکان لێک دڕدۆنگ بوون تاکوو یەک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٤٢ کوڕی وەزیری عەدل کە شیوعی بوو لەسەر توانجێک کە لە ڕووسیا گیرا لە کۆریدۆری بەینی پۆلەکان یەخەگیری یەکێکی نازی بوو، من لە پێپلکەکانەوە دەهاتمە خوارەوە، جێگەم بەرز بوو تێک هەڵقژانەکەم لە قەڵەباڵغیدا دەدیت. شیوعییەکە کەوتە سەر ئەرز بەڵام خێرا هەڵستایەوە بۆ شەڕ، خەڵقەکە کەوتنە نێوانیانەوە. مامۆستایێکی میسری، د. جابر جاد عەبدورڕەحمان، لەو دەرسەی دوای شەڕەکە بە توندی دوا و زۆر بەسەر ئەوانەدا ڕۆیشت کە شەڕی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتانی دوورەوڵات دەهێننە ناو چوار دیوارەی کولییە. بە ڕێکەوت شەڕکەرەکان هەردوویان قوتابیی پۆلی ئێمە بوون. بەڵام ئەم دووانەی مامۆستا نەیتوانی ببێتە ئاگرکوژێنەوە، بە پێچەوانە پەراوێزی ناکۆکی فراوانتر بوو تا ئەوەی بە دەستە لێکیان دەدا. کار گەییشتە جێگەیێک عەمید مەسەلەی بە حکومەت ڕاگەیاند ئیتر بە دەسەڵاتی وەزارەتی داخلیە کێشەکە چارەسەرکرا. لەگەڵ

ئەمەشدا دەبێ بڵێم زوربەی هەرە زۆری قوتابییەکان هیچ پێوەندییان بەو ناکۆکییەوە نەبوو زۆریشیان پێ ناخۆش بوو هەرا بگاتە ئەو ڕادەیە.

برادەرێکم، (سعاد مبارک)، کە پێشتر نەمدەناسی و لە حقوق شناساییم لەگەڵ پەیدا کرد و پلەیێک لە من هەورازتر بوو لە خوێندن، دۆستایەتیی هەبوو لەگەڵ بەرەی چەپ ئیتر هەرچی پەخش و بڵاوکراوەی چەپ هەبوو بۆی دەهێنام. نووسین هەبوو ڕام لێی بێت بەڵام جارێکیان لە موناسەبەی گۆڕانی وەزارەت سەرگوتارێکی نهێنی لەو پەخشە نهێنیانەدا بە مەدحەوە هەڵوەستی میللەتی باس دەکرد کە هیچ گوێی بەو ڕووداوە نەبزووتوە و بایەخی پێ نەداوە. بە سوعادم گوت: مانای چی بێ میللەت مەدح بکرێت بەوەدا کە گەورەترین ڕووداوی سیاسی بێ پرس و ڕای ئەو بکرێت و هیچ گوێی نەداتێ؟ ئایا ئەگەر پەرۆشی لێ خواردبایە وەیا دەنگی نارەزامەندی خۆی لێ دەربڕیایە دەبوو بە پیاو خراپ ناو ببرێت؟ جارێکیان لە سوعادیان داوا کردبوو کە من لە ئەدەبی کوردییەوە شتێکیان بۆ وەربگێڕمە سەر عەرەبی، منیش پارچە نووسینێکی کوردیم لەگەڵ کمێک دەسکاری کردن بە لای شۆڕشگێڕایەتیدا وەرگێڕایە سەر عەرەبی. دوای دوو ڕۆژ سوعاد پێی گوتم، ئەو برادەرانە نووسینەکەیان زۆر تەماوی دانا دەڵێن شتی خەستترمان دەوێت، منیش نەشل و نەخەست هیچی دیکەم بۆ نەنووسین. ئەم (سعاد مراد مبارک)ـە لە ڕادەبەدەر بوو بە برادەرم. باوەڕ ناکەم لەگەڵ کەسی دیکە وەها نزیک بووبێتەوە. لە سەرەتای پەنجاکاندا بوو بە حاکم (قاضي) لە کۆیێ. ئەوەندەی باوەڕ بە دۆستایەتیم هەبوو هەرچی ئیدارە و پۆلیس لێیان داواکردبایە هەتا پرسی بە من نەکردایە بڕیاری لێ نەدەدا... بە قسەی خۆم نەڵێم منیش چی لە توانام هەبوو لە چاکەی ئەو درێغیم نەدەکرد لێی.

لە نموونەی پێوەندیی دۆستایەتیی ئەو سەردەمە شتێک دەگێڕمەوە. سوعاد لە دەروونمدا دوودڵییەکی هەبوو لەوانە بوو زوو بەخۆیدا بشکێتەوە. کاتێک ناچار بوو سەر لە مەحکەمەی ڕانیە بدات، ترسی ئەوەی هاتێ چوونەکەی لەگەڵ دوو سێ پۆلیسی بێقۆناغ و بێدەسەڵاتدا بکێشێتەوە بۆ بێسەنگی لە نەزەر عەشیرەت و براگەورەکانی ئەو هەرێمەدا. کە ترسەکەی لای من درکاند گوتم برا ترست نەبێت ئێمەت لەگەڵ دەبین. خۆی چوار پۆلیسی لەگەڵدا بوو، منیش ١٠-١٢ سواری چەکدارم بەگەڵ خۆم دا، بووینە ١٥-١٦ بەڵکوو پتریش. شەو گەییشتینە ماڵی خاڵە شێخ خدرم لە سەیداوای پەنا ڕانیە... بەو شەوە خزمان لە بۆسکێن و ڕانیە زانییان هاتووین قەڵەباڵغیمان تێ ئاڵا... سبەینێ کە چووین بۆ ڕانیە چەکدارەکانی خاڵە خدرم و هی شێخ حسێنی حاجی سەیدگوڵ و ئەوەی لەگەڵمان بوون ٣٠-٤٠ سوارێک دەبوون... بیستمەوە قایمقامی ئەو دەمەی ڕانیە گوتبووی حاکم هاتووە ڕانیە ئیحتیلال بکات... هەڵبەت مەبەسی لە زۆریی ئەو چەکدارانە بوو. زۆر بە سەیری، لەو چەند ڕۆژەی سوعاد مراد ئیشی مەحکەمەی ڕانیەی دیت تاکە یەک سەرەک عەشیرەت لەوانەی گومانێکیان لە خۆیان دەکرد نەهاتنە ڕانیە کەچی سوعاد خەیاڵیشی لێ نەدەکردن.

خوێنەر بمبەخشێت لەوەدا کە وێنەیێکی دوا کات ڕادەکێشم بۆ ناو باسی دەمی خوێندنم لە بەغدا. پێویستە ئەوەندەش بیەخمە سەر قسەکانم کە سوعاد موراد بەر لەوەی من بچمە حقوق لەگەڵ ڕەشید باجەلاندا برادەرییێکی بە تینی پەیدا کردبوو، ئەم برادەرییە هەر ما هەتا ئەوەندەی من زانیبێتم. سوعاد

لەو ساڵانەی دواییدا لە سەردانی خاتو د. جوانی کیژی لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. کتێبی دەگمەنی پەیدا کردبوو. هەر جارە سەفەرێکی ئەورووپای کردبایە چەند دانەیێکی نەزانراو و نەناسراوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە. من لەو کتێبە دەگمەنانە Magic, The shroud, The Great Pyramid (تەرجەمەی ئەمەی دواییان وەها دەبێت: سیحر لە ڕۆژاوای کریت– من دەقەکەم لەبیر نەماوە. لەوانەیشە کریت نەبێت جێگەیێکی لەو نزیک بێت) و هی دیکەشم خوێندنەوە، جیهانێکی ئەفسووناوییان دەهێنا بەر نیگای خوێنەرەوە. لەم تەرزە دیراسانەوە دەمگوت: سەیر نییە ئەو خەڵقە ئاسمانگەڕی بکەن...

لە نموونەی پێوەندی و باوەڕی سوعاد موبارەک پێمەوە دەڵێم، دوو ئێستری ناسیاوێکی کۆیی کەوتە لای عەلی حەسەناغای مەنگوڕ، خاوەن ئێستر نامەیەکی سفارشی لێ وەرگرتم بۆ خاڵە خدرم کە ئێسترەکانی بۆ وەرگرێتەوە لە عەلیاغا. عەلیاغایەکی نیوەی ساڵیی بە مێوانەتی لە خاڵە خدرم و شێخ حسێن ڕادەبوارد. خاڵم نامەکەی من لەگەڵ نامەیەکی ڕجاکارانەی خۆی بۆ عەلیاغا نارد... بێ سەمەر بوو. خاوەن ئێستر شکاتی کرد دژی عەلیاغا لە مەحکەمەی ڕانیە، کە ئەوسا بێ حاکم بوو لە دادگەی کۆیەوە سەرپەرشتی دەکرا، سوعاد لێمی پرسی گوتی: لە شورتەی ڕانیەوە بە ڕەسمی داواکراوە لێم فەرمانی بەندی کردنی عەلیاغا بنووسم بۆیان، تۆ دەڵێی چی؟ گوتم عەلیاغا ئەو ئێسترانەی زەوت کردووە و ئاگام لە مەسەلەکە هەیە، خۆشت حەق و ناحەق دەزانیت. دوای چەند ڕۆژێک دەمەو عەسر بوو یەکێکی ئەهلی ماڵەوە گوتی چەند پۆلیسێکی سوارە و چەند گرتوویەک لەبەر دەرگە داوات دەکەن، کە چووم دیتم عەلیاغایە بە سەر وڵاغەوە و بە دەستی بەستراوەوە گوتی فلان! وا لەسەر مەسەلەی ئێستران گیراوم چارەیەکم بکە... گوتم بە من چارە ناکرێیت و چوومەوە ژووری ماڵەوە. عەلیاغا بە نەتیجە بەربوو بەڵام بایی نرخی پێنج – شەش ئێستری پتر لە کیس چوو... خوا عەفووی کات. عەلیاغا لە ماڵی خۆی ناندەر بوو و قسەشی خۆش بوون. لە ئاکامیشدا بە توهمەیەکی بێ ئەساس خۆی و چوار پێنج کەس ئیعدام کران.

لە موناسەبەی حاکمایەتیی سوعاد مورادا دەڵێم چەند ناسیاو و برادەرێکی ئەو ڕۆژانەی خوێندنی حقوقم بوون بە حاکم لە کۆیێ لە مانەی بە بیرم ماون. مەجید یاوەر، جەوهەر عەزیز، محەمەد ئەردەڵان، تەلعەت یەعقووبی، بەر لەوان خوا لێ خۆش بووی نوورەددین بەهائەددین. چەندێکیان لامان بوون بە قایمقام، سوبحی یەعقووبی، هادی ڕەشید چاوشلی و هی دیکەش کە ئێستا ناویان نایەتەوە بەر یادم. وەختێک بورهانی سلێمان بەگ بوو بە مدیر ناحیە لە تەقتەق، دواتر بوو بە حاکم، لەو ساڵانەدا (جەنگ و کوردایەتی) لە مێشکی گەنجەکاندا بەیەکەوە دەژیان تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ خەیاڵ گێڕییان لەوەدا دەکرد ئایا جەنگ چ کارێک دەکاتە سەر چارەنووسی کورد؟ بە کام لادا بکەوێت بۆ کورد لە بارترە؟ کورد چی بکات؟ هەمووی هەر کاری (کتێب گرتنەوە) بوو مەگەر ئەوەی کە بەشێکی چالاکی گەنجەکان لە ڕێی پێوەندییان بە حیزبی (هیوا) وە خەیاڵی خۆشکەڵەتریان بە دڵدا تێدەپەڕی. ئەوسا جارێ فکری (چەپ) لای گەنجی کورد خەست نەبووبۆوە هەرچەند چەپایەتی خەریک بوو وەکوو هێوێن لە دەروونی ڕۆشنبیرە تازە پێگەییشتووەکاندا بگەڕێت. دەشێ بڵێین هەبوونی هێندێک کۆزرە کوردی سەر بە چەپ کاری دەکردە قەناعەتی بەشێکی ئەو گەنجانە کە زۆر شلک بوون و بریق و باقی چەپایەتیش تریفەی مێژووی

کۆن و گەشایەتیی دوارۆژی بە بەرچاوی برسی و تینووی کورددا دەهێنا. بەشێکی زۆر لەو قوتابییانەی سەر بە هیوا دوای دەرچوونیان لە حقوق و کۆلیجەکانی دیکە بایان دایەوە بۆ چەپایەتیی خەست.

ڕابواردنم سادە بوو. سینەما بۆ من و چەند کەسانێکی وەکوو خۆم بەندێکی بنەڕەتی بوو. ئەگەر ڕووداوێکی ناگەهان خەتی هەنگاومی نەگۆڕیبایە سبەینان لای سیمۆن ئەفەندی هێلکەوڕۆن، دوای چایە و شیر لای ئەو ئینجا پیاسەی بەرەو کولییە. لە ڕۆژی گەرما و باران و درەنگ داهاتندا بە پاس دەچووم. لە گەڕانەوەدا کاکە حەمە و عومەر و من، کە عومەر داماڵا، یوونس ڕەئووفمان لەگەڵدا، دەهاتین لە لۆقنتەی (الهاشمي) بە تەنیشت سیمۆن ئەفەندییەوە فراڤین (نانی نیوەڕۆمان) دەخوارد. چایەمان لای سیمۆن دەخواردەوە. هەریەکە دەچۆوە بۆ حەسانەوە لە هێلانەی خۆی. پاش عەسر لە چایەخانەی (خلیل ابراهیم) کە بیستوپێنج مەترێک لە سیمۆن ئەفەندی دوور بوو یەکترمان دەگرتەوە جا ئەگەر نزیک ئەزموونی کۆتاییی ساڵ بینایە هەر لە سەربانی ئەو چایەخانە بە قەپ و قڕی قەڵەباڵغی و شەق و تەقی دۆمینە و تاوڵەیەوە تا دوای دوازدەی نیوەشەو ڕامان دەبوارد، لەو بەینەشدا نانی ئێوارەمان هەر لە لۆقنتەی هاشمی دەخوارد... عومەر عوسمان بە (بەختیار) نازناوی گرتبوو. عەرەبەکانی هەمیشە نشینی ئەو چایەخانەیە دەیانگوت: (مرحبا اختيار افندي). خاوەنەکەی خەلیل ئیبراهیم، دواتر بوو بە حاجی خەلیل، پیاوێکی مەرد و گەش و لە بەغدا ناسراو بوو، ڕەنگە دە ساڵێک دەبێ مردووە. کە چایەخانەکەیان لێ تێک دا هەر لە نزیک ئەوەوە یەکێکی دیکەی ئاوەدان کردەوە و هەتا مردن تێیدا مایەوە، منیش هەتا مابوو ناوناوە لە ڕووی وەفاوە سەردانیم دەکرد. وەها بزانم چایەخانەکە (مقهى الحديث)ی لێ نووسرابوو.

وەفاداری لێم داوا دەکات ئەم ڕاستییە ڕوونەش بخەمە سەر ئاکارەکانی حاجی خەلیلەوە: لە ڕووری سەخاوەتەوە کیسەی کرابۆوە بۆ هەر قوتابییەکی سەغڵەتی پارە بووبایە. لە لایەن مەردایەتییەوە لە دەستی دەهات پەنای گومانلێکراوی سیاسی بدات، چ کورد بێت چ عەرەب و غەیری عەرەب. نەشرەی نهێنییان لا دانابایە بۆی دەپاراستن ئەگەر نەڵێم، تا ڕادەیەک، بڵاویشی دەکردنەوە. پاش شۆڕشی تەمووز دەمدیت پیاوی وەک عەبدوسەلام بە ڕێزەوە بەخێری دەهێنا.

ئەو ساڵانەی ١٩٤١-١٩٤٥ کە من تێیاندا قوتابیی حقوق بووم، هەنگامەی چالاکیی حیزبی هیوا بوو بە سەرۆکایەتیی ئەوسای مامۆستا ڕەفیق حیلمی. چەند ساڵێکان بەر لەوەی لێی بکەونە تەقە بە سەرۆکی باڵا ناویان دەبرد. مامۆستا حیلمی چیهرەیێکی گەش و ناسراوی سلێمانی و کوردایەتی و سەقافەت بوو، خۆزیا دووچاری سیاسەت نەبوایە، دڵدار و کاکە حەمەی خانەقای زۆر خۆشدەویست، لەگەڵ منیش لوتفێکی بێئەندازەی نیشان دەدا. گەلێک جار ئەو سێ کەسەمان لە جێگەی وەکوو (شريف وحداد)ی ئەوسای بەغدا لەگەڵی دادەنیشتین و بۆ ماوەی دوورودرێژ خەریکی دەمەتەقەی هەمەچەشنەی دۆستانە دەبووین. ناوناوە کاکە حەمە کە لەگەڵ دڵدار دۆستێکی بێفێڵ بوو هەلی وەردەگرت بۆ دابین کردنی مەیلە یەکجار بەهێزەکەی بۆ نوکتە و گەپ ئیتر کە دڵدار بە دەست زمانەکەیەوە گیری دەخوارد کاکە حەمە تێی دەئاڵا بە وردە تێوەرێخی قوتە و قۆشمە کەوا پتر دڵداری تەنگەتاو دەکرد.

جارێکیان لە (شريف وحداد) هەڵستاین بەرەو لای (باب المعظم) ڕۆیشتین، کە بامان دایەوە بە

دەستە چەپدا بۆ (شارع الرشید) دڵدار ویستی پرسیارێک لە مامۆستا حیلمی بکات، زمانەکەی گرتی، برۆ و برۆ بە تەنیشت مامۆستاوە چاوان لێک بدە و لێوان کرژ بکە و تین و تانووت بدە خۆت و یەک وشەت لە زارەوە دەرنەیەت... کاکە حەمە وردە بزەی دەهێنایە خۆی و (دەی چ بوو)ی دەگوت دڵداریش ڕێ دەبڕێت و زمان ناگێڕێت... ماوەیێکی لە حەد بەدەر دڵدار قسەی بۆ نەهات کاکە حەمەش لە پێکەنینی زیاد کرد. ناوناوە مامۆستا حیلمی بێ ئەوەی هیچی پێوە دیاربێت ڕووی لە کاکە حەمە دەکرد بە نەرمەقسە پێی دەگوت: حەمە چیتەوە؟ دڵداریش نوقووم بووە... پاش ڕوحکێشانێکی دوورودرێژ، دڵدار پرسیارەکەی بۆ دەرپەڕێندرا، گوتی: قوربان چت فەرموو! کاکە حەمە دایە پێکەنین کە من و دڵداریشی بە پێکەنین هێنا بەڵام مامۆستا نە هەر پێنەکەنی، بە قسە و بە ڕووشیدا دیار نەبوو هیچی نائاسایی ڕووی داوە.

ڕووپەڕەی سەرۆکایەتیی مامۆستا حیلمی و هەڵگەڕانەوەی ئەندامەکانی لێی تا ئەوەی بەو پەڕی دڵ شکستەییەوە وازی لە حیزبەکە هێنا تا ئێستا کەس بە ڕوونی قسەی لێوە نەکردووە. ڕاستییەکەی، ئەوەندەی منیش لێی دەزانم شتێکی وەها نییە بشێ لە سەری بنووسم چ بەڵگەی قسەکانی خۆیشم بە دەستەوە نییە. دەڵێن لە مەسەلەیەکدا مامۆستا حیلمی داخوازییەکی سیاسیی لە ماجید مستەفا کردووە کە گۆیا دەبوو نەیکات بەڵام چەندوچۆنی تێکڕای باری کێشەکە و چۆنیەتیی سووڕانی ئەو بارە بەو جۆرەی کێشایەوە سەر دوورکەوتنەکەی مامۆستا لە سیاسەت، پشکنینەوەی خۆتەرخان کردووی دەوێت. ئەوەندە شایەدی دڵدارم لایە دەیگوت: پێوەندیی حیزبایەتی وەهای کرد بێدەنگ بم لە شتی هەڵبەستراو دژی مامۆستا حیلمی. بەڵام لێم نەپرسی ئەو شتە هەڵبەستراوانە چی بوون و بۆچیش ئەو لێیان بێدەنگ بوو چونکە دەبوو نهێنی ناو حیزبایەتیم بۆ ئاشکرا بکات. ئەو قسەکەی کرد لە ڕووی داد و برۆ کردن لە دەست کاری پێچەلپاچی نادروستی حیزبایەتی، پەرۆشێکیشی لەگەڵدا بوو بۆ مامۆستا.

بە بۆنەی پشووی نیوەی ساڵ لە زستاندا بەرەو کۆیێ چوومەوە. لە کەرکووک زانیم ڕێگەی کۆیێ بە باران و لێزمە نیوە کاول بووە ئۆتۆمۆبیلی بۆ ناچێت. ڕێکەوتێکی خۆش بوو کە سمایلی سەلیماغای حەوێزیم دیت وەکوو من نیازی کۆیەی هەیە. سەلیماغا کوڕە خاڵی باوکم بوو (دەمێک بوو مردبوو) سمایلاغاش دۆستێکی نزیک و دڵسۆزی ڕاستەقینەی باوکم بوو، کچی پوورێکیشم خێزانی بوو. بڕیارمان دا لە (پردێ)وە بە سواری وڵاغ تێبکەین... لە پردێ دوو وڵاغی سواری و یەکێکی بارگەمان بە کرێ گرت و عەسری قەیم کردبوو بە ڕێ کەوتین. شەو دوای نوێژی عیشا گەییشتینە (بەردەسپی) لە کوێخا ڕەفیق مێوان بووین. کوێخا دۆستی ئێمەش و حەوێزیانیش بوو. خزمەتێکی مەردانەی کردین. سبەینێ دوای بەرچایی وڵاغەکانی (پردێ)ی بەڕێ کردەوە و دوو وڵاغی سواری و یەکێکی بارگەی بە دوو پیاوەوە بەگەڵ خستین. باران نەبوو بەڵام دنیا تەڕ بوو، ئاوشیویش پاشماوەی بارانیان پێدا دەڕۆیشت. گەییشتینە بەستی شەڵغە کە لەو بەهارەدا ڕووبار بوو ئاوەکەی لە هەندێ جێگە دەگەییشتە بن زگی وڵاغ. شەڵغە پێچی زۆر بوون دەبوو حەفت جاران لێی بپەڕینەوە. هەر دەتگوت مامە شەڵغە بە نوکتە لەگەڵماندا جووڵایەوە. شەش جاران بە سەلامەتی لێی پەڕینەوە جاری حەفتەم شەڵغە دوو کەرت بوو لە یەکەمیان دەرباز بووین لە دووەمیان ئێستری بارگەمان گەییشتە ناوەندی ئاوەکە بارەکەی داماڵا... چەندێکی

هانامان بردە بەر گەیلانی و شاهی نەقەشبەند بێسوود بوو بارەکە شلێپەی لە ئاوەکە هێنا هێستر بە رووتی بۆی دەرچوو. سمایلاغا لەو ساڵەدا کە چایە عەزیز بوو کیسەیێکی چایە لە سلێمانییەوە هێنا بوو بە دیاری بۆ ماڵی برای ببات لە کۆیە. جارێ کەس نەپەرژابوو دەست بۆ بارگەکە درێژ بکات زەرداوی تۆ چایەکە لە ئاوی شەڵغە خۆی نواند. سمایلاغا لە لایەکەوە پەرۆشی چایە و بارگەکەی بوو لە لاییکی دیکەشەوە دەبوو ئێسترەکە بگرێتەوە.

سەرت نەیەشێنم بێ ماسی گرتن پاشەڵمان تەڕ بوو. تا بەڕێ کەوتینەوە بوو بە نزیکی نیوەڕۆ... لە دێیێک لامان دا، نان و چاییەکمان لای کوێخا عەزیز ناوێک خوارد کە کاتی خۆی سمایلاغا لە دەمی قرساندنی دەغڵ و بەسەرکردنەوەی مێگەلی مەڕانە ناسیاویی لەگەڵدا هەبوو... ئێوارەی تاریک کرد گەییشتینە شاخەپیسکە. نوختەی (صحی) بنگەی لێ دانابوو بۆ موکافەحەی نەخۆشیی تیفۆس. سمایلاغا پێی خۆش بوو گیر نەبین لە ترسی نەخۆشی، گوتم هیچ جێگەی لە نوختەی (صحی) خاوێنتر بە چەنگ ناکەوێ لە ماڵەکەی خۆمان سەلامەتترە... ئەو شەوە بێخەیاڵ لێی نووستم. سبەینێ زوو بەڕێ کەوتین پێش نیوەڕۆ گەییشتینە کۆیێ... سەفەرمان سەلامەت.

ئەو ڕۆژانەی کۆیەم زۆر خۆش ڕابوارد. خەڵقەکە و من بە یەکدی گەشاینەوە. لە بەرەو کۆتاییی تەعتیلەکە بەفرێکی باش باری ڕێگەی ئۆتۆمۆبیلی سەرلەنوێ بەست. بریارم دا بە ولاغ سەفەر بکەم. خۆم سازدا و ولاغ و سوار حازر کران، سەمەدی حاجی محەمەدی بەننا کە کاتبی دادگە و دۆستمان بوو پێ ڕاگەییشت و بێپەروا گوتی مومکین نییە بیەڵم سواری ولاغ بیت دوو ڕۆژ سەبر بگرە ڕێ دەکرێتەوە هەر لەو میعادەدا دەگەیتە کەرکووک کە لە ئێستاوە بە ولاغ خۆتی بۆ هەڵکوتی... ئەوپەڕی تەئخیر بوونت یەک ڕۆژە ئەو تەهلوکەیە نایەنێت. قسەکەی لە ڕاست ڕاستتر بوو. بێگومان بەو سەرمایە و لە ڕۆژی کورتی ئەو کژەدا پتر لە دوو ڕۆژی دەوێت تا دەگەمە کەرکووک. تەجرەبەکەی پردێ دوو ڕۆژی خایاندبوو... خولاسە سێ ڕۆژی دیکە مامەوە بە سەیارە چووم بۆ کەرکووک. لە سەری سمایل بەگیان بەفر زۆر بوو نەختێکمان بە بێڵ (خاکەناز) ڕێگاکە بۆ سەیارە شکاند. شەو لە خانەقا لە خزمەت سەید ئەحمەدم ڕابوارد سبەینێ بە شەمەندەفەر بەرەو بەغدا ڕۆیشتم... ساردییەکە لە وزەدا نەبوو هەر بە جلکی نووستنی شەو سەفەرەکەم کرد، کەس نەدەپەرژا سەیری قەلافەتی کەس بکات...

کە بەراوردی گەشت و گەڕانی ئەو ڕۆژگارە لە هی ئەم سەردەمە دەکەم دێتە بەرچاوم کە هی ئەوسا لە سەرما و سۆڵدا هێندەی چوونە غەزا مەترسیی لێ دەکرا. بەڵام سەر و دڵ ڕەحەتتر بوون فەقەت هەستمان پێی نەدەکرد.

دوای زستان سەمەدی حاجی محەمەد هاتە بەغدا. لە سییەکاندا فەرمانبەر بوو لە بەغدا و دۆستی بەرەی چەپ بوو زۆری لێ دەناسین. پێشنیازی کرد بچینە لای هێندێکیان. ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی بەهاری ١٩٤٢ چووینە مەکتەبی عەزیز شەریف. نازم زەهاوی و تۆفیق مونیری لا بوون. بەڕاستی هەر سێیان مرۆی گەش و ڕووناک و بە ئەدەب بوون. عەزیز شەریف گەلێکی پێ خۆش بوو ئەو شناسایییە لە نێواندا پەیدا بێت، هەروەها دووەکەی دیکە. بە لای تەبیاتی منەوە خۆشییەکە لەوەدا بوو کە دڵگەرمی و هەڵپەم تێدا نەدیتن لە مەیلی چەپایەتییان. دیار بوو تۆفیق مونیر لە پلەدا خۆی لەوان نزمتر حیساب دەکرد. هەر

لەبیرمە شتێکی وەرگێڕابووە سەر عەرەبی کە لە بنەڕەتدا رووسی بوو، وشەی (وفر)ی بەکارهێنابوو لە جێی (ثلـج). منیش و سەمەدیش گوتمان ئەمە (بەفر)ی کوردییە بەغدایی وەهای گۆ دەکەن. خێرا وشەکەی گۆڕی بە (ثلـج). لە سەردانێکی دیکەدا هەمان سێ مرۆ بەیەکەوە بوون، ئەم جارەیان وتوویژ لە نرخاندنی گوتارێکی رادیۆیی چەرچل بوو کە تێیدا یەکیەتی سۆڤیەتی هەڵدابۆوە. زۆریان ڕا لێ بوو. من هەر ئەوەندەم کردە تێوەریخ کە چەرچل بە پێی بەرژەوەندێکی خۆی ڕەچاوی کردووە بۆ ئینگلتەرە لە گوتارەکەدا چاکەی سۆڤیەتی باس کردووە لەوانە بوو شتێکی دیکە بڵێت.

سەمەد و بەکر دوو برا بوون کوڕی وەستا محەمەدی بەننا بوون. وەستا محەمەد کوڕی وەستا ئەحمەد و ئەویش کوڕی وەستا محەمەدی چەخماخساز بووە. ئەمەیان وەستاییێکی لێ زان بووە. دەگێڕنەوە تۆپێکی ئەوسای حکومەت کە هەر نەبێ دەچێتەوە بۆ ١٥٠ ساڵێک بەر لە ئێستا سەقەت دەبێت لە کۆیێ ئەو وەستایانەی حکومەت لە بەغدایی و تورک چاریان پێ ناکرێت ئەو چاری دەکات. وەستا محەمەدی باپیرە گەورەی سەمەد و بەکر دەبێتە زاوای پیاوێکی ناسراوی سەردەمی خۆی مەشوورە بە باپیرە خدر کە باپیرە گەورەی بنەماڵەی دەباغی کۆیە بووە. لەو دەمەوە ئەم دوو بنەماڵەیە بە یەک بنەماڵە داندراون. خۆم دەزانم و خەڵقیش دەزانێت بنەماڵەی باپیرە خدر و حاجی محەمەد کاسبکار بوون بە نانی حەڵاڵ ژیاون و سەریان بۆ هیچ دەسەڵاتدارێک دانەنواندوە، بە درێژایی ڕۆژگار دۆستی ئەهلی خوا بوون.

باپیرە خدر کوڕی ڕەسووڵە کە ئیتر لەو بە پێشەوە ناوی کەسی دیکەیان بە من نەگەییشتوە. باپیرە خدر هاوچەرخی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادەیە و زۆریش دۆستی بووە. کوڕێکی لێ بەجێ ماوە قادر ناو، ئەویش تاقانەیێکی بووە ڕەسووڵ ناو کە بە منداڵی باوکی دەمرێت و حاجی محەمەدی مەشوور بە (حاجییە گەورە) لە ماڵی خۆی بەخێوی دەکات، حاجییە گەورە خۆی زاوای باپیرە خدر بووە. ڕەسووڵ دوای حەج کردن بە حاجی ڕەسووڵ ناسراوە. لە ١٩١٧ لە شەڕی نێوان عوسمانلی و رووسەکان شەهید بووە. سێ کوڕی لە پاش بەجێ ماون، حاجی عەبدوڵڵا و عەبدولقادر و حاجی فەتحوڵڵا دەبباغ. لە ئەولادیان د. خالید عەبدولقادر لە کشتوکاڵ و د. ڕەسووڵ عەبدوڵڵا لە (ئەحیای میجهەری) و د.مەسعوود عەبدوڵڵا لە کشتوکاڵ خاوەن شەهادەی بەرزن. ئەفسەرێکیشیان (مقدم متقاعد) خدر دباغ، هەر بە ناوی مولازم خدرەوە ناسراوە.

سەمەد لە ١٩٦٨/٢/١١ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. سێ کوڕی لە پاش بەجێ مان، سیامەند، موقەددەم کامران و جوانەمەرگ نەهرۆ. بەکر لە ١٩٨٧/٣/١٥ کۆچی دوایی کرد، ئەویش لە بەغدا سێ کوڕی لە پاش بەجێ ماون، محەمەد و د. هیوا و پێشەوای ئەفسەر ئەم گروپەی ماڵی حاجییە گەورە و دەبباغ و حاجی محەمەد (کە لەبەر کەسبی مەنجەڵ سپی کردنەوە پێی گوتراوە حاجی مەنجەڵ و سەمەد بارەها و جارەها ناوەکەی دەکردە بنەمای نوکتە) پێوەندییان بە ماڵی خەلیفە نەجمەددینی کوڕی خەلیفە ئەحمەدەوە هەبوو ئیتر هی دۆستایەتی بێت، یان هی خزمایەتی، هەر چوار بنەماڵە لە سەرووی گەڕەکی بایزاغادا گۆشەیەکی بەرچاویان داگیر کردبوو، خەلیفە نەجمەددین مزگەوتیشی هەبوو، پیاوێکی موسوڵمان و لە خوا ترساو بوو. خەلیفە ئەحمەدی باوکی مەشوورە بە دینداری و حیکایەتی لێ بە جێ

ماوە ڕەنگە ئێرە جێگەی لە بار نەبێ بۆ گێڕانەوەی. لە حاجییە گەورە، کاکە مەلا بەجێ ماوە.

هەر لەگەڵ سەمەددا یەکەم جار چووینە لای حسێن جەمیل بەڵام لەبیرم نەماوە چ ساڵێکی خوێندنم بوو... پێ بە پێ بەدەم ڕۆژگارەوە ئەو تەرزە شناساییەم بە خوێندەوار و سیاسییە موعاریزەکانەوە لە بەغدا پەرەی دەستاند.

خوێندنم بێتەگەرە بوو، بەسەر دەرسەکانمدا زاڵ بووم. مامۆستاکانی میسری قسەخۆش و نوکتەبازیان تێدا بوو، نەیاندەهێشت هەستی وەڕسی بکەین. ڕۆژێکیان مامۆستای قانوونی دەولی (حسن جاد) گوتی وەڵامی یەکێکتان لەو ئەزموونی دوایی ئەوەندە نایاب بوو ئەگەر خاوەنەکەیم ناسیبایە ماچم دەکرد. ڕەحمەتوڵڵا عەبدوڵڵا کوڕێکی کەرکووکی و برادەری کاکە حەمە و هی منیش بوو، گوتی مامۆستا (جوابی کان روعە...)، حسن جادیش سەری بە سەردا خوار کردەوە و لە پشت چاویلکەکانییەوە بە وردی سەیری کرد و گوتی، بە خودا ئەویش بیت ئەم دەموچاوە ماچ ناکەم...

ڕۆژێکیان (وصي) عەبولئیلاهـ هاتە سەردانی حقوق، من ئەو ڕۆژە لەوێ نەبووم گوتیان لەگەڵ قوتابییەکان کەوتبووە گفتوگۆ و گەپ و پێکەنین. یەکێکیان پرسیارێکی ناسکی لێ دەکات دەربارەی سەردەمی جحێڵی و دەمڕووتییەوەی، (وصي)ش هەر بەو لەهجەیە پێی دەڵێ (أنت غير سيبندي) سێبەندی بە گاجووتێک دەگوترێ لە سێ ساڵاندا جووتی پێ کرابێت. بەغدایش بە کەسێکی لە دنیا سەروچاوی هەڵاتبێ دەڵێن (سيبندي).

وەزیری مەعاریف – ئێستا وەزیری تەربیەی پێ دەڵێن – هاتە حقوق، قوتابییێک لەو کۆریدۆرەی وەزیر تێوەی دەڕوات بۆ لای عەمید دانیشتبوو لە بەری هەڵنەستابوو. وەزیر هەڵی دەستێنێت و گوێی دەگرێت و نەختێکی بادەدات. قوتابییەکان هەراییێکی وەهایان لەسەر وەزیر گێڕا حکومەتی پێوە مشەوەش بوو. نازانم چۆناوچۆنی ئەم کارەساتە سەرپۆش کرا...

ڕۆژێکیان لە دایرەی تەحقیقاتەوە هاتن یەک دوو قوتابی بگرن بە توهمەی نازیەتی. عەمیدی ئەوسامان حامید زەکی بوو، بە ڕجای سەرۆک وەزیرانی عێراق قبووڵی کردبوو ببێتە عەمیدی حقوق، کە بە مەسەلەکەی زانی بۆ ئەو کاربەدەستانەی تەحقیقات بە حەیزەرانەوە چوو. کە دیتیان بۆیان دێت دایانە هەڵاتنێک، تاژییان نەگاتێ. هەر لەو دەمەدا حامید زەکی ئیستیقالەنامەی پێشکەش بە حکومەت کرد بەڵام بە تکای سەرەک وەزیران و بە بەڵێنی ئەوەی کە جارێکی دیکە کاری ئەوتۆیی ڕوونەدات ئیستیقالەکەی کێشایەوە.

مامۆستایێکی میسریمان د. مستەفا کامیل کە دەرسی (قانوونی دەستووری) پێ دەگوتین قسەڕەوان و ئاردارێژ شیرنێک بوو تاکی نەبێت. لە یەکەم دەرسدا کە هاتە ژوورەکەمان بە خۆشامەدی لێ کردن و پیرۆزبایی ژیانی نوێمان سەری قسەی کردەوە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین کاتێک دەبینین مامۆستا چۆتە مادەی دەرسەوە و ماوەشی بڕیوە. بە درێژایی ساڵانی خوێندنم لای، هەموو جار کە دەهاتە ژوورەکەمان لە ماوەی چەند دەقیقەیێکدا سەرلەبەری خوێندنەکەمانی کورت دەکردەوە تا دەیگەیاندینە سەرەتای دەرسی ئەو ڕۆژە. موحازەرەیێکی گشتیی دا لەبارەی (دور رئيس الدولة في الدول الديمقراطية) سەرەک وەزیران ڕۆشنبیران و سیاسیان و پیاوماقووڵان و تەلەبەیەکی زۆر هاتنە بیستنی. ژوور و دەر پڕ بوو لە

خەڵقی دانیشتوو و بە پێیانەوە بەڕاستی هۆش و دڵی ئەو هەزاران کەسەی وەها بۆ خۆی دزیەوە لە ماوەی سەعات و نیوێکدا دەرزیت هەڵدابایە گوێت لە ترپەی دەبوو. کە لە قسەکانی بۆوە هەموو خەڵقەکە بە چەپڵەڕێزان بۆی هەڵستانە سەر پێ و سەرەک وەزیران پێشوازی لێ کرد. دواتر غەیری ئەویش موحازەرەیان دا بەڵام من نەچوومە بیستنیان، چونکە بە تەما نەبووم لەپاش شیرنایی قسەکانی د. مستەفا کامیل قسەی کەسی دیکە شیرن بێت. بەڵام گوتیان موحازەرەی د. جابر جاد عەبدورڕەحمانیش کە هاوڕێ و هاوخوێندن و هاوشەهادەی سۆربۆن بوو لەگەڵ د. مستەفا کامیل مامۆستای خۆشمان بوو، ئا ئەو موحازەرەیەش بە تام بوو.

قوتابیی حقوق دەبوو ساڵی شەش دینار بدەن بە سێ پشک، هەر جارەی دوو دینار. بەڵام کەسێکی بە (جید) دەرچووبایە بۆی هەبوو داوای عەفوو بکات و پارەکە نەدات. ساڵی یەکەم پارەکەم دا بۆ ساڵی دوەم ئەو (اجور مدرسية)یە بە پێی هەڵکشانی نرخی هەموو شت ئەویش بوو بە پازدە دینار بەڵام من (جید) بووم پارەکەم نەدا هەروەها لە پۆلی سێیەم و چوارەمیش بەخشرام.

لە ساڵی یەکەمی خوێندنمەوە مەجیدی حاجی کاک ئەمینی کۆیی، کە لە ئاڵقەیەکی پێشووتردا باسی هاتووە هاتە ژوورەکەم لە خانی حەمە تەیباغا و گوتی ئامادەی سەرلەبەری مەسرەفتم هەتا لە حقوق دەربچیت. زۆر سپاسم کرد و پێم گوت وەزعم باشە بەڵام دیسانەوە ناوناوە خزمەتێکی چەوری بە ملدا دەبڕیم. من مەجیدم زۆر خۆشدەویست ئەویش چ قسووری نەبوو بۆ من، لە ئاست باوکیشمدا ڕێزی تەقدیسی هەبوو... چاکەی ئەو بزر ناکرێت و حەیفە نەگوترێتەوە. لە پەنا پیاوەتی ئەوەوە دەبێت ئەوەش بڵێم کە لە هەڵکەوت و پێویستدا منیش تای تەرازووی ئەو چاکەیەم لەنگەر بەست کردەوە. من لە شێخ حەسەنی حاجی سەید گوڵیشەوە یارمەتیم بۆ دەهات هەتا جارێکیان وەهای بەسەر کردمەوە کە بایی پۆشتە بوونەوەی زستانێکی سەر لەبەری دەکردم لێشی زیاد بوو. باسی یەک ماڵیی ئێمە و سندۆڵان و خاڵەکانم شتێک نییە دووبارە بکرێتەوە، ڕەنگە دووبارەش نەبێتەوە.

ڕۆژانی حقوقم کۆی کردمەوە لەگەڵ مرۆی ئەوتۆدا کە ئەوسا بە دۆست حیساب بوو دواتر باری دنیا و سیاسەت گۆڕا بەو جۆرەی لێک ترازاین. من ڕێ بە خۆم نادەم ناوی ئەو تەرزە مرۆیە بهێنم چونکە ئەگەر بشتوانم لایەنە باشەکانیان باس بکەم ناشێ بکەومە ڕەخنەگرتن لێیان. لە هیچ ڕوویەکیشەوە بێدەنگ بوونم لەو مرۆیانە کەلەبەر ناخاتە نووسینەکەم. بەرانبەر ئەو کەسانە و هیچ کەسێکی دیکەیش لە منەوە دژایەتیی شەخسی دەرنەکەوتووە بەڵام جوداوازیی بیروڕا ئەوانی دەخستە سەر دوژمنایەتیم. هاوپۆلە عەرەبەکانم تێیاندا هەبوو زمانزان و ئەدەب دۆست و شاعیر و لە موناقەشەدا بە زمانی ڕێزمانیمان قسە دەکرد منیش پیادە نەبووم. ئیتر زۆر جاران لەگەڵم دەدوان تا ئەوەی وەها دەبوو لە داڕشتنی دێڕە شیعرێک، وەیا شەرحی ڕستەی سەختی کتێبی (الوجیز)ی (اصول الفقه) پرسیان پێ دەکردم. هەر لەبیرمە یەکێکیان پەکی لەسەر وشەی (قبس) کەوتبوو کە دەنگی (ب) تێیدا وەستاو بێت بەڵام چاوگیش نەبێت. شیعرەکەی وەها دانەڕشترابوو ئەو (قبس)ە بە خۆیەوە بگرێت کە چاوگە، نەمتوانی یاریدەی بدەم. ئەو کوڕە ناوی عەبدولعەزیز و لە قەبیلەی (عقیل) بوو بەڵام جودایە لەو عەبدولعەزیز عوقەیلییەی کە لە دەمی شۆڕشی تەمووزدا کاربەدەستێکی سپا بوو دواتر بووش بە وەزیری دیفاع.

وەها دەبوو بۆ نیوەڕۆژ لە ماڵی برادەرێکی - ماڵ لە بەغدا- بانگ هێشتن دەکراین لە مانە بە زۆری زەیدی ئەحمەد ئەفەندی و جەلال و بورهانی حامید بەگی جاف. یەک لەو جارانە جەلالی حامید بەگ گوتی بۆ نیوەڕۆژەی سبەینێ جگە لە کاکە حەمە و دڵدار کێی دیکەش بانگهێشتن بکەم؟ دەیزانی ئێمە ئەو سێ کەسە بەیەکەوە دووراوین.

ڕەنگە لە نووسینی دیکەمدا باسم کردبێت بەڵام ئێرە لە بارە بۆ گێڕانەوەی باسی چەند و چۆنی دڵدار و من و دۆڵمەی مێژوویی. وەها ڕێکەوت چەند جاری زەید، من و دڵداری دەبردەوە بۆ فراڤین لە ماڵیان، نۆرەی ئەو ڕۆژە لە لیستەی حەفتانەیان بەر دۆڵمە دەکەوت... زەید و جەلالی حامید بەگ چوون بۆ قاهیرە کە لەوێ حقوق تەواو بکەن... دوای دوو ساڵ زەید هاتەوە و من و دڵداری بردەوە بۆ نانی نیوەڕۆ... لە نزیک ماڵیان بە بیریدا هاتەوە و گوتی ناکا دیسان ڕۆژی دۆڵمە بێت... ئەشەدوبیلا ڕۆژی دۆڵمە بوو بەڵام یەک پێکەنین دایگرتین لە هەموو خواردنێک خۆشتر بوو. لەگەڵ دڵدار کە بەرەو شوێنی خۆمان گەڕاینەوە چەند بەیتێکمان لە مەسەلەی دۆڵمە ڕێک خستن ئەم چەند دێڕەیانم لەبیر ماون:

دەعوەتی عالی شانێ
شیعاری خانەدانێ
لەپاش ناو و نیشانێ
برا هەی دۆڵمە دۆڵمە
دۆڵمە نەبوو سندان بوو
هەمووی هەر باینجان بوو

بەڕاستی هەر ئەوەندەیم لەبیر ماوە بەڵام شەرمم نەکردبایە لەوانە بوو چەند دێڕێکی دیکەی بەسەرەوە بنێم...

بە خەیاڵی شیعر بۆ شتێک دەچمەوە. دوو مانگ دەبوو هاتبوومە بەغدا جارێ محەمەد کاکە خان نەبووبووە هاونشیمەنی ژوورەکەم، تەنها بووم. دیوانی نالیم لا بوو. لە سۆزێکی غەریبی و نهێنییێکی ناخی دڵەوە ئاگربارانەکەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)م بەسەر خۆمدا باراند!! های برا ئەو جەهەننەمە چی بوو لەو شەوەدا پێی سووتام... شیوەنێکم کرد بە قسە ناگوترێتەوە. هەرچی کەسەرێ لە دڵدا کەڵەکەی کردبوو بە فرمێسک هەڵم ڕشت. دەمێک بوو نەگریابووم، پێویستیشم پێی هەبوو، ئەو شەوە جۆگەلەی فرمێسکانم چۆڕ بڕ کرد... وشکاییم هێنا، هەتا جارێکی دیکەش دەزێتەوە خوا کەریمە!!

سەدای کاروانی فیرقەت دێ دەڵێن سەرقافڵەچی یارە
زڕەی پێشەنگی میحنەت دێ دەڵێن کالایی غەم بارە
ئەمان سەرقافڵەچی کاروان دەخیل سا چەرخەچی لەشکر
جڵەو هەڵکێشە ڕەحمێکە کە جارێکە و هەر ئەم جارە!!

تۆش قەبرت پڕ نوور بێ مستەفا بەگی کوردی!!

بەغدای ئەو ساڵەی ١٩٤١-١٩٤٢ پێوەی دیار بوو کە لە شکستەکەی هەرای ڕەشید عالی ماوەتەوە. هەڵوەستی خەڵقی جادە و بازاڕ هەمەچەشنە بوو نەک یەک جۆر. باشترین ئاوێنەی دەردانی ئەو هەڵوەستە دیتنی عەسکەرەکانی سپای ئینگلیز بوو، ئەوەی پەرۆشی لە شکستەکە خواردبوو بە چاوی ڕقەوە سەیری دەکردن و لە دوورەوە تفی بۆ هەڵدەهاویشتن، زۆریش لەمانە پیاوی تەمەن کامڵ بوون. بەشی هەرەزۆری ئەهلی بازاڕ و کاسبکار کە هیچ یەکێکیان نە بە تاک نە بە کۆمەڵ دەستیان لە هەراکە نەبوو و بە هیچ کلۆجێک پرسیان پێ نەکرابوو، تەنانەت دەشیان زانی ڕەشید عالی خۆیشی لە گەلێک سەروبەری شۆڕشەکە بێدەسەلات بوو. ئا ئەمانە بە تێکڕایی هەستێکی ناڕاحەتییان دەکرد لە دیتنی بێگانە بەڵام ئەو هەستە پارسەنگ دەدراوە بەو سەرف و سوونەی کە عەسکەرەکان دەیانکرد. بازاڕی هەموو کاڵایێک گەرم داهات. ئەو شتە فۆلکلۆریانەی کە کڕیاری نەبوو عەسکەرەکان بە ناوی تمزیٚوقن حضف نرخی زیادیان پێ دەدا. لە ساڵی ١٩٤٢ ژمارەی نەفەرەکانی سپای ئینگلیز لە عێراق بە سۆجەر و لێڤیەوە ئەوەندە زۆر بوو وەهای لێ هات لە سەدی نەوەدی دانیشتوانی ناو سینەما ئەوان بوون. ئەوەندەش نیزامی بوون دەنگ و هەرایان پەیدا نەدەکرد. بەغدایی ناچار بوون بۆ کڕینی تیکت وەک سۆجەرەکان ڕیز ببەستن بەڵام لە فیلمی عەرەبی و هیندی کە سۆجەرەکان ڕوویان تێنەدەکردن کۆنە بەزمی پاڵپەستۆ و جلک دڕان بەردەوام بوو، وەک بزانم، بەرپرسی ئینگلیزەکان جگە لە ڕەچاوکردنی ڕێکوپێکی کە بێ ئەو شەڕ نابردرێتەوە زۆریشیان مەبەست بوو حکومەتی عەبدولئیلاهـ لە پێناو بەد ڕەفتاری عەسکەرەکانیان ناوزڕاو نەبێت چونکە دەیانزانی خەڵق خۆشیان ناوێ.

لەو تێبینیانەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە دەورانێک عەسکەری ئەمەریکاییش پەیدا بوون چەندێکی عەسکەری ئەمەریکایی لەگەڵ عەسکەرێکی هیندی و سیغ بە شەڕ هاتبایە عەسکەری ئینگلیز بایی خۆ لەسەر گۆڕینەوە لای هیندی و سیغەکە دەبوو. عەسکەری ئەمەریکایی دڕ بوون، کە هاتنە کووچە و جادە و بازاڕ ڕێکوپێکی و بێهەرایی پێشووتریان شێواند. بێگومان ئینگلیزەکان لە قووڵایی دڵدا حەزیان بەو لە خۆ بایی بوونەی ئەمەریکا نەدەکرد، لە وڵاتی خۆشیاندا دەیاندیت چۆناوچۆنی سەربازێکی ئەمەریکا بە دۆلاری زۆرەوە دۆستەکەی و دەزگیرانەکەی لێ دادەگرێت. لە بەراورد کردندا چەندێکی پرسم کردبێت لەو کەسانەی کە بۆ دەغڵ کڕین چوونە کوردستانی ئێران هەر ئەو وەرامەم وەرگرتۆتەوە کە ساڵداتی ڕووسەکان پرکێشی و دەستدرێژییان لە کەس نەکردووە، تەنانەت ئەگەر بۆ جگەرەیەک مردبانایە چاویان نەدەبڕیە تووتن و پەڕە سیغاری کەس بەڵام یەکێکی لە خۆوە جگەرەی پێشکەش کردبێتن دەستی کەرەمیان ڕەت نەکردۆتەوە. لەمەوە دەردەکەوێت ڕێکوپێکی و بێزەرەریی سۆجەری ئینگلیز و ساڵداتی ڕووسی شیوعی یەک ئاوە لە دوو سەرچاوەی جوداوە هەڵقوڵیوە. پەندێکی عەرەب هەیە دەڵێ: (خذ الحكمة لا يضرك من اي وعاء خرجت).

لەو ساڵانەدا کە سپای ئینگلیز لە وڵاتدا بەرهەست و بەرچاو بوو بەرپرسەکانی سپای عێراقی خۆمان، زۆر ژیرانە، نەیاندەهێشت زابت و سەربازی عێراقی بکەونە بارێکەوە ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان ببن. ئەم ڕاستیەش لە خۆوە دیار بوو نەک بە جاڕدان و ئاشکراکردن. بێگومان زاپتێکی عێراقی بیدیتایە عەسکەری ئینگلیز لە ئۆتێلێکی بەغدادا ویسکی هەڵدەقوڕێنێ و ئارتیستیش بۆی دەشلێتەوە خۆی بۆ

نەدەگیرا، لەوانە بوو دەستێک بوەشێنێت. زاپتێکی ئینگلیز هەمان شتی بە زابتی ئەمەریکاییەوە دەدیت بەڵام ئینگلیزەکە هەم خۆیشی پێ دەگیرا هەم ئەمەریکاش بە حەرب نەهاتبووە بەریتانیا، جگە لەوە کە سەرکەوتنی بەریتانیا لە جەنگ بەند بوو بە ئەمەریکاوە. ئەم تێبینیانەی ئێستا دەیانکەم ئەوساش بیرم لێ دەکردنەوە ئیتر دەبنە بەشێک لەلایەنی مەعنەویی گەشتی ژیانم.

ڕۆژگاری چلەکان، بە تایبەتی لە دەمی جەنگدا، ئەوە نەبوو کوردایەتیی بە دەنگ و سەدای تێدا بکرێت. نەورۆز بە ماتی لە ماڵی یەکێک لە ناسیاوان ئاهەنگێکی کورتیلەی بۆ دەگێڕدرا. سرووودی (ئەی ڕەقیب)ی دڵدار خۆم گوێم لێ بوو لە لایەن حسین بەرزنجییەوە بەو دەنگی ئاسمانیی خۆیەوە لە کۆمەڵگەی وەها بچووکدا شەپۆلی دەدایەوە. وەک لەبیرمە پاش ڕاپەڕینەکەی کە ناوی (وثبە)ی لێ نرا و پەردەی ترس و لەرزی کۆن لە خۆنیشاندان تا ڕادەیێک لە نێواندا هەڵستا، حکومەتیش نەختێکی لە سڵی خۆی کەم کردەوە ئنجا کوردی بەغدا توانی بە ئاشکرا شادیی نەورۆز بگێڕێت بەڵام بە داخەوە خوێنگەرمیی دەمی موزاهەرە دەگوێزرایەوە بۆ ناو ئاهەنگەکەی نەورۆز تا ئەوەی وەها دەبوو بانگهێشتنی هێندێ کەس دەکرا کەچی لە ئاهەنگەکەدا بە گوتار پاتەوپات ناویان دەزڕاندن، ئەوانیش بە توورەیی دەرۆیشتن، لە دوارۆژدا ڕقی خۆیان بە خەڵقی سەر بە نەورۆزدا دادەڕشت...

ئێمە ئەوەندە ناحەزمان هەبوو پێویست بەوە نەهێڵێت بە بیتاقە خەڵق بانگهێشتن بکەین هەتا بەسەرشکێن کردنیان وەریان بگێڕینە سەر دوژمنایەتیمان وەیا پتریان لە خۆمان هان بدەین. پشکێکی بێرەزای لەوەی پێی دەگوترا بزووتنەوەی نیشتمانی بەتێکڕایی بریتی بوو لە پەرگیری و بەرزکردنەوەی دروشمی خەیاڵی، ئنجا هەر کە پشووی حەسانەوەیەکیشی دەدا بەر دەبووە گیانی خۆی بە شەڕی ناوەکی و یەکدی بڕاندنەوە... ئەم دەردە کوشندەیە تا ئێستا لە هەموو جیهانی سێیەمدا بەردەوامە و جێگەی شانازی پێوەکردنیشە.

لە سەرەتای خوێندنی حقوقمدا ژمارەی قوتابیی کورد لە خوێندنی بەرز لێشاوەکەی نەبوو. کە لە هەولێر بە هەمووی پێنج کەس لەساڵی یەکەمدا بە قوتابیی حقوق وەرگیران دیارە هەموو قوتابیی کورد لەو ساڵەی یەکەمی حقوقدا نەدەگەییشتە بیست کەس، ڕەنگە پازدەشی تەواو نەدەکرد. لە (دار المعلمین العالیة) تەنها کۆییێک کە من بە بیرمدا بێتەوە لە ساڵی پێشترادا وەرگیرا بێت محەمەد حەوێز بوو. لەو دەمانەدا (دار المعلمین) بە بەشی داخلییەوە و وەزیفەی مسۆگەری دوای لێ دەرچوونیەوە چاوی تێدەبڕدرا بەڵام مەرجی وەرگیران تێیدا قورس بوون. بە نموونە دەڵێم ساڵەهاش دواتر بەشی داخلی قەڵاتێکی قایم بوو هەموو کەس نەیدەگەییشتێ تا ئەوەی کە ئەمجەدی ئامۆزام بە بەهانەی نومرەی کەم لە بەشی داخلی بێمراد کرا دوای نەختێک ئیعلانێک هەڵواسرا دەیگوت کەسێکی باوکی دە ساڵ موعەلیمایەتی کردبێت و حەفت ئەولادی هەبێت ئەو کەسە بە نومرەی کەمیش لە داخلی وەردەگیرێت، تومەز یەکێکی بە پشتیوان ئەو قیلەشەرعەیان بۆ دۆزیبۆوە خوا و ڕاستان ئەمجەدیش ئەو مەرجانەی تێدا بەدی دەکرا ئیتر بە خۆی و مەرجەکانی لێیان چووە پێش، چاریان نەبوو زۆر نابەدڵی وەریانگرت. قسەی خۆمان بێت ئەویش وردە فێڵێکی لێ کردبوون بەڵام نەیاندەتوانی لێی بەسەربگرنەوە منیش بە تەمانیم دوای دەیان ساڵ لێی هەڵلابدەم... ئەم ڕۆژهەڵاتەی خۆمان وەها فرچکی بە فروفێڵ گرتوە باوەڕ دەکەم بە

تەما بێت لە پاش مردنیش بە بەرتیل بچێتە بەهەشت. ئاخر ئەی سەرپەرشتانی (دارالمعلمین) چ ڕەوای حەقە خڕ دەرگە لە ڕووی کائینات دابخەن، یەک کەلێنی بدەنێ بایی تێخزانی یەک نەفەر بکات. ئەمجەدی ئامۆزام ئەو سندانەی لە جێی قوزەڵقورتی ئەوان دانا دەستی خۆش.

وەک بزانم لەو ساڵەدا، ١٩٤١، تەنها شەفیق سابیر کە پێکەوە ئیمتیحانی خاریجیمان دا، لە کۆییان بوو بە قوتابی (دار المعلمین العالية). ساڵە و ساڵ ژمارەی قوتابیی کۆلیجەکان لە کورد و غەیری کورد زیادی کرد بە تایبەتی لە پاش جەنگ. ئەوسا جارێ زانکۆ پەیدا نەبوو بوو لە عێراق، بە دەگمەن قوتابیی کۆلیجەکان سەردانی یەکتریان دەکرد تاک و تەراییک نەبێت یەکتریشیان نەدەناسی. لەو قوتابییانەی بەیەکەوە لە حقوق وەرگیراین دواتر کە بووم بە نائیب چواریان لەگەڵ مندا نائیب بوون: حسن المطيري، محمد مشحن الحردان، شاکر ماهر، کریم کنه. مشحن ئەلحەردان و چەند کەسێکی دیکەش لە قوتابیی حقوقی ئەو سەردەمە بوون بە وەزیر، لەمانە مەحموود بابان، عبدالستار علی الحسین، موسڵح نەقشبەندی، محمد مشحن الحردان. محەمەد مشحن و مەحموود بابان، بەر لە شۆڕشی تەمووز، بوون بە وەزیر. بەهۆی ئەوەی کە شۆڕشی تەمووز بە بەشداری کردنی سپا بەرپا بوو ژمارەی زاپتەکان لە نێوان وەزیراندا زۆری زیاد کرد هەتا ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کە حیزبی بەعس بۆ دووەم جار هاتەوە دەسەڵات ئیتر بارەکە گۆڕا بە لای مەدەنییاندا.

بێمەوە سەر باسی مامۆستاکانمان. ڕاستییەکەی مامۆستا میسرییەکان ڕووکراوەتر بوون لەگەڵماندا. ئەوانی خۆمان ڕەهایی و گەشایی میسرییەکانیان پێوە دیار نەبوو. تەجرەبەیێکی مەیلەو سوێری خۆم – نالێم تاڵ – دەگێڕمەوە. مەرحووم د. عەبدولەجید عەباس عێراقی بوو دەرسی قانوونێکی پێ دەگوتین، نەختێک لەخۆڕازی بوو کەمیش وەها دەبوو زەردەخەنەی بیەتێ. ڕۆژێک قوتابییەکانی بەتاقیدەکردەوە منی هەڵستاند و پرسیارێکی لێ کردم، منیش بە شایەدیی برادەرانم وەڵامێکی زۆر ڕێکوپێکم دایەوە، وەهاشم بە ڕەوانی و بێ هەڵەی زمانی و بێ گرفت بۆ هات پێم وابوو ئافەرینم لێ دەکات. نەختێک لە پشت چاویلکەکەیەوە بە مۆڕی سەیری دیمەنێکی مەوهوومی کرد ئنجا پێمی گوت «یظهر انک دارخ ولکن ما فاهم». باش بوو دنیا بەهاری لێ گەرم داهاتبوو وەڵامەکەی بۆم بوو بە سەتڵە ئاوێکی سارد. منیش گوتم «هذا مبلغ علمي». ئەمجار ڕووی لە پۆلەکە کرد داخوا کێ دەتوانێ وەڵام بداتەوە. یەک دووانێکی کەمتەرخەم شەقوپەقێکیان گوت بایی فلسێک بوو. گوتی با من پێتان بڵێم مەسەلە چییە… ئەشەدوبیللا هەر ئەوەی گوت کە من گوتبووم بەڵام ڕەنگە هی من شیرنتر حیساب بکرێت چونکە لە دەمی قوتابییەوە دەرچووە. متومۆرووی قوتابی هێندەی لوولووی مامۆستا بایەخی پێ دەدرێت. لەم ڕۆژگاری مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٨٧یش هەمان وێنەی نالەبار و نارێکی هەڵوەستە نائارامەکەی ئەو ڕۆژەی من لە نێوان قوتابی و مامۆستا و لە خزم خزمێنەی نێوان ڕۆشنبیران بە تێکڕایی بە شێوەیێکی دڕتر خۆ دەنوێنێت. هەتا کۆمەڵایەتی بەهاتوباتتر بێت دەردە دەروونییەکانی ئاشکراتر دەبن.

کە بەهار پیر دەبوو چاوەچاوی مۆژدەیێک دەبووین بۆ ئەوسامان خۆش بوو. تەماتە و ئاروو (خیار) پەیدا دەبوون و تامەزرۆیی سەڵاتەمان دادەمراند. لەو ڕۆژانەی چلەکاندا کژی تەماتە و خیار کە بەسەر دەچوو ئەسبابی داکردن و لە دەرەوە هێنان وەیا لە زستاندا ڕواندنیان پەیدا نەبووبوو، هەر میوەیێک و

شیناوردێک کژی بەسەر چووبایە دەست نەدەکەوت، قوتابیی ئەو سەردەمەش خەریک بوونێکی ئەوەندە گرنکی نەبوو تەماتەی لەبیر بباتەوە. لەو یارییانەی پێوەیان دەخافڵاین تاوڵە و شەترەنجەکەی چایەخانەی خەلیل ئیبراهیم بوو. لە موناسەبەدا دەڵێم دڵدار بە زۆری شەترەنجی دەدۆڕاند، چەندێکی بشی دۆڕاندبایە یەکسەر دەچوو لێی دەنووست، تەنانەت جارێکیان لەماڵی زەید دوای نیوەڕۆژە دڵدار بە عادەتی خۆی شەترەنجەکی دۆڕاند، بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات بێوەخران لەسەر تەنیشت لێی درێژ بوو تومەز لەو شوێنە نوێن نەبوو تێی بخزێ.

کاکە حەمە هەرگیز ئینجێک پێش نەدەکەوت لە هەر یارییەکی بیکردبایە. کاک حسێن، کاکی کاکە حەمە، دەیگوت حەمە چەندی دەیزانێ هەر هەندە لێی زیاد ناکات. هەندێ جار لە نکاو بەسەر ڕەشید عارفماندا دەدا، بە تایبەتی بە شەو، ئەویش هەموو جاران خزمەتێکی باشی دەکردین. حاڵ و باری باش بوو حەزیشی دەکرد لە ناو قوتابییان ناوی بە چاکە بێت. بە کوردایەتیشەوە خەریک بوو.

ساڵی یەکەمم بوو، گەییشتبووینە سەرەتای زستان، عەمید، مونیر قازی، بەدوایدا هەناردم گوتی لە وەزارەتی مەعاریفەوە بڕیار دەرچووە ئەگەر حەز بکەیت بە بەعسە بچیت بۆ میسر لە کشتوکاڵ خوێندن تەواو بکەیت. تومەز ڕەنگە دەرەجەی دەرچوونم لە سانەوی لە قوتابییەکانی دیکەی هەولێر بەرزتر بووبێت... ئێمە لە سەرەتای ١٩٤٢ دا بووین لەشکری ئەڵمانیا هەڕەشەی لە میسر دەکرد. کەس حاڵی نەبوو ئەنجام چی دەبێت. لەوانە بوو بچم و ڕێی گەڕانەوەم ببەسترێت. ئەگەر دوای شەڕی عەلەمێن بوایە کە لەشکری ئەڵمانیا کشایەوە بەرەو لیبیا دەشیا پێشنیازەکە هەڵبگرمەوە و بچم. بێدوودڵی و بێپەرۆش خواردن عوزری نەچوونم هێنایەوە. بە نامە خەبەری باوکمم دا. ئەویش ئیعتیرازی نەبوو وەک کە لە هیچە بڕیارێکی سەر بە چارەنووسی خۆم گرفتی نەدەهێنایە پێش.

کە گەییشتینە پشووی هاوینە لەسەر دەرچوونی ئاکامی ئیمتیحان ڕانەوەستام دەشم زانی باش دەردەچم، برادەریشم ڕاسپارد زوو خەبەرم بداتێ، بۆ خۆم خێرا چوومەوە کۆیێ. لە کەرکووک هەر ئەوەندە بەند بووم چوومە خزمەت سەیدی خانەقا تەنانەت نیوەڕۆژەشم نەخوارد. تەپوتۆزی ڕێگای ئەوسا بەو شرە ترمبێلانەی گۆڕانیان لە حەربدا وەزەحمەت کەوتبوو ئەگەر بەرەوماڵ بووم دەت گوت کلی چاوە حەسانەوەی پێوە بوو. دیمەنی وڵات تەنانەت ناو ماڵ و کووچە و بازاڕیش جوانتر و ئێسک سووکتر خۆی دەنواند پاش دوورکەوتنەوەیێکی چەند مانگی. لە کەرکووکەوە حیسامەددین تەیب کە نازناوی (شعب)ی وەرگرتبوو، لەگەڵم بوو. هەر کە گەییشتینە سەری سمایل بەگیان و سەرلەبەری وڵاتی کۆیە و بەشێکی قەڵاسێوکە و چەشمەندازی هەتا شاخەکانی پژدەر و قەندیل و هەڵگورد و هەرێمی ڕەواندز بە کەوانە بۆ لای سەفین و پیرمەم و ئەو مەحاڵانەمان لێ دەرکەوت حیسامەددین دەماری شەعبایەتییەکەی کشت بوو بە دەنگی ناسازیەوە تێی هەڵکرد بە سەر و دەستەکان و هەموو لەشیشیەوە کەوتە جەزبە... بە ڕجا و تکاش بێدەنگ نەدەبوو. حیسامەددین لە بەرەو کۆتایی‌ی ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد هەتا بڵێی لە کوردایەتی و پێوەندی برادەری دڵسۆز بوو. لە دایکرا برای سابیر ئیسماعیلی مەشوور بە باشکاتب بوو کە بەر لە چەند ساڵێک ئۆتۆمۆبیل لێی دا و لە هیچ تێ چوو.

سابیر لە نزیکەوە دۆستم بوو، ساڵی ڕابوردوو کە لە کەرکووک ئیمتیحانی بەکالۆریامان دەدا سابیر

کاتبی دادگا بوو لەوێ، ئاغلەب نیوەڕۆژەمان لە ماڵی ئەو دەخوارد. ئەوسا حیسامەددینیش هەر لەوێ بوو، ئەم ساڵەش کە دەگەڕاینەوە بۆ کۆیێ هەروەها...

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە

بەینۆلکێکی مامناوەنجیم بە حەسانەوە ڕابوارد لە کۆیێ. ڕۆژێ لە نادیی مەئموران لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژگارە و تەڵەبەیێکی لە بەغداوە دەهاتنەوە ڕامان دەبوارد، ئێوارانیش و شەوانیش جۆرە مەشغەڵەتێکی خۆشکەڵە دەبوو هەتا دەمی نووستن بمان خافڵێنێ... دوای ئەو ماوەیە کەوتمەوە سەر باری چاوەدێری کردنی خەلە و خەرمانی پیبازۆک. دەشتم لێ خۆش هاتبوو، ئەو خەڵقەش لەو وڵاتی شێوە چۆڵستانەدا پاش ئەوەی لە سڵەمینەوەوە دەکەوتە ئاشنایی لەگەڵ یەکێکی وەکوو مندا ئۆگرگرتووی یەکدی دەبووین. چەند دمڕووتێکی قوتەقوتکەری سەرانگوێلکانی لێ دەرچێت ئەوانی دیکە تێکڕایان پیاو و ژنی ئەوتۆ بوون پشتیان پێ ببەسترێت. چەندێکی لەگەڵیان دانیشتبێتم وەڕسیم هەست نەکردووە. بەڵێ بابەتی وتوویژیان سادەیە و بە زۆری لەگەڵ حیکایەتی ڕووداوی ڕۆژانە و هەڵکەوتی گوزەران و وردە هەواڵی دێی دراوسێ و ئەو جۆرە مەشغەڵەتانەیە بەڵام بە کەمێک خۆڕاهێنان و ئەوان ڕاهێنان دەشێ وتوویژ لەسەر بارێکی مامناوەنجی مەسڵەتی بکات کە من و تۆشی لێ ڕازی بین و ئەوانیشی پێ وەتەنگ نەیەن. گوێ هەڵخستن بۆ باسی کاروباری جووت وسەپانی و شوانی و وڵاغ بەخێوکردن و وردە خەفەتی قەرز و سەلەم و دەردی دەغڵ و مەڕوماڵات نەخشەیێکی فرەڕەنگی ترس و هێوای کۆمەڵگەی فەلاحی کوردەواری دەهێنێتە بەرچاوی بیسەری خوێندەوارەوە کە ئەگەر خۆی لێ بەسەهوو نەبات لە ئازاریشیان دەگات و هێواکانیشیان بەدی دەکات.

لە تەجرەبەی خۆمەوە دەزانم، مومکینە یەکێکی وەکوو من کە لە نەرمونۆڵی و نازونەزاکەتی شارستانەتی ڕۆنەچووە بە زوویی لە زمانی ئەو خەڵقەی لادێ ڕابێت و بە بەشێک لە زمانەکەی خۆی ڕابهێنێت، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو لێ تێگەیشتنە زیاد بکات. ئەگەر بە تیژی هەستی دینداریيان بریندار نەکرێت و نەریتیان نەشێوندرێت زۆر نابات سڵی و دوودڵی و زمانگرتن لە بەیندا هەڵدەستێت. ڕاستییەکەشی چەرخ و دۆڵابی فەلەک لەسەر ئەوە نەوەستاوە لادێیی لە ماوەی دوو مانگدا هەم ببێتە هاوشانی ئەفلاتوون لە فەلسەفەدا هەم ڕۆستەمی زاڵی لێ دەرچێت بۆ ئازایی.

لەو ساڵانەی سەرەتاکانی ١٩٤٠ کە خۆم هەوەڵ جار بە فەلاحەکانی بەرەبابی خۆمانم گوت، ڕۆژەک دێت ئەو ئەرز و ئاوە دەبێتە هی ئەوان چاووزاریان وێکڕا داپچڕان و ئەستەغفیروڵڵایان بە گەرمی و بە دڵ دەکێشا. پێم گوتن تا ئەو ڕۆژە با ئێمە لەگەڵ یەکتردا مەردبین... ئێستا دەڵێم بۆ من هیچ هونەر نەبوو غەدریان لێ نەکەم وەیان یاریدەیان بدەم و لە تەنگوچەڵمەیان ڕزگار بکەم بەڵام بۆ ئەوان گەلێک پیاوەتی بوو لەگەڵم ڕاست بن و بە دڵ حەز بە چاکەم بکەن و لە پێویستدا بێمزە بۆم ماندوو بن. کە لە بەرەو کۆتاییی چلەکاندا ناچار بووم شەو بە پارێز بم و ئێشکچیم هەبێت کوڕە گەورەی مام ئەوڕەحمان و مام تۆفیقی کوێخا سمایلی پیبازۆکم بە مەحرەم و ئەمیندار دانا لای خۆم.

سەری خوێنەر نەیەشێنم ڕابواردنی لادێم بە هەموو تەپ و تۆز و گەرما و مێشیەوە بە دەوری خەرمان و لە سەر جەنجەڕ و دیار شەنەبا هەتا دەگاتە چایە و ماست و دۆی بە تەڕەپیازی پەرێز، زۆر پێ خۆش بوو. ڕەنگە هەر ئەو یەکەم هاوینەی دوای پۆلی یەکەمی حقوقم بوو کە چوومە پێبازۆک ٥١ شەوی لەسەریەکی لێ مامەوە. چەند بە سۆزەوە یادی ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە لە ماڵی حەسەنی مام فەتاح دوای نیوەڕۆژە دەکەوتمە سەر باری حەسانەوە دوو کچە گچکەلانەکەی، خەجەی هەشت ساڵی و ئایشەی پێنج ساڵی، بە نۆرە باوەشێنیان دەکردم مێشیان لێ دوور دەخستمەوە و فێنکایی‌یان لێ دادەهێنام هەتا تێرخەو دەبووم و شەکەتیم بەسەر دەچوو. خەجە بە شکڵ ئەسمەرییەکەی چوو بۆوە لای زێنەبی دایکی، ئایشە و عەولای کاکیان سوورکاڵی باوکیان پێوە دیار بوو... ئاخۆ ئەو ڕووسوورانە ئێستا لە کوێ بن!! عەبدەی مام فەتاح، کە ئەو خاوەن ماڵ بوو، بەڵام جارێ ڕاست و چەپی خۆی نەناسیبوو تاقانە کوڕی مام فەتاح بوو، بە هەتیوی گەورە بوو بەڵام حەسەن کە ئامۆزای بوو، بە بەرژەوەندێکی بابـم ڕەچاوی کرد، بوو بە زاوای و لەسەر ماڵەکە دانیشت... ڕاستییەکەی ئەو کەسانە بۆ من لە جێی خزم بوون و چەندی بڵێم کەمە لە بارەی ئەمەکدارییانەوە.

لەگەڵ مەلا عاریف و کوێخا محەمەددا بە زۆری یەکدیمان دەدیت. مەلا عاریف خزمی کوێخا بوو لە شەریعەت باخەبەر بوو، زۆر جاران باوکم خەڵکی بۆ لای ئەو دەنارد مەسەلەی شەرعیان بۆ هەڵبڕێت. لەوەی پێی دەگوترێ دەشتی کۆیێ مەلا عاریف<٢٢> لە پێشەوە حیساب دەکرا. ناوناوە ئەگەر سەرقاڵی و کێشەی خەرمان دەرفەتی دابایە لە دیوەخانەکەی کوێخا محەمەد مەجلیسمان دەبەست و نیوەڕۆژەشمان لەوێ بەڕێ دەکرد، هەندێ جاریش لە مەغریبەوە دەهاتنە لام تا شەو ڕادەشکا بەیەکەوە دەخافلاین. خەڵقەکە تێکرا بە ڕۆژ لە تەقڵ و شەقڵی دەغڵ و دان و شیناورد بوون. شەوان بە دەورەمەوە ئەوانەی زۆر ماندوو نەبووبوون تا دەمی نووستن دەمانەوە. خۆشکەرەوەی مەجلیس چایە و جغارە بوو. ئەگەر مێوان نەبایە خەڵکی دێ نەدەهاتن هەتا لە نانی ئێوارە دەبوومەوە نەکا تەکلیفیان بکێشم.

هەرگیز لەبیر ناکەم ئەو جارەی کە بۆ یەکەم جار نەختێکم پارە لە بەرهەمی فەلاحەتی و مەڕ بۆ باوکم بردەوە کۆیێ. ئەو پارەیە هەر بایی مەسرەفی مانگونیوێکی ئەوسای ماڵی ئێمەی دەکرد بەڵام لە تای تەرازووی حیسابی خۆمدا گەلێک سەنگینتر خۆی دەنواند سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمێک بوو لەو دەمەدا کەس بە تەمای نەبوو. ڕاگەییشتنی خاوەن بەرژەوەند بەسەر بەرژەوەنددا بە تایبەتی لە کاری مەڕداری و فەلاحەتی بێپەرژین و بێحیسابدا هێندەی تەقلە لێدان باری گوزەران دەگۆڕێت. ئەگەر لە یەک ساڵدا دووسێ جاران دەرفەتی ئەوتۆیی حیساب بەدەر وەربگیرێت گوزەرانی سێیێکی ساڵ و پتریش مسۆگەر دەکات. دەڵێن ڕزق لە لای خواوەیە، دەشتەکیش پتر بەو پەندەوە ئۆگرن، ئنجا ئەگەر چەند جاران لە ڕێکەوتی ئەوتۆییدا خەرجی هاتە باغەڵی مرۆی موحتاجەوە پەندەکە بە چاکی جێگەی خۆی دەکاتەوە. فەلاحەتیش پتر لە بەقاڵی و بەززازی و کەسبی ناو شار ڕزقی نابەرچاوی تێدایە... لە کاوکوت و پەرێز و دانەوێڵە و مەڕ و ئاژەڵ و قەرسیل و بەرکوت و شتێ ئەوتۆیی. فەلاح هەروەک لەگەڵ زەوییەکەی دەبێتە برادەر هەروەهاش هەستێکی بەهێزی (خۆیەتی) بە مەڕ و ئاژەڵ و ولاغەکانییەوە پەیدا دەکات. گەلێ جار کە ملی هێسترەکەی لە بن نیر، یان جەنجەڕ دەدرێت (برینی گەورەی تێدەکەوێت) تا نزیکی گریان بۆی

پەرۆش دەبێت بە تایبەتی لەو دەمەدا کە ناچارە ئەو ملە دڕاوە بخاتەوە بن نیر و جەنجەڕ. بەڵام ناوناوەش لەبەر زێدە ماندوو بوون و لە هاڕاوچوونی خۆی بێڕەحمی لەگەڵ ئاژەڵەکەی و وڵاغەکەی دەکات کە بەکەیفی ئەو، وەیا بە پێی بەرژەوندی ئیش مل نانێن.

خەرمان تەنک بووبوون کە کژی چنارۆک داهات. هەر ساڵە بەر لەوەی ترێ بە چاکی خۆش ببێت ماڵ دەگوێزینەوە، یاخود ماڵمان دەگوێستەوە، بۆ چنارۆک. باوکم و دایکم بە دڵ چنارۆکیان خۆش دەویست. ڕاستییەکەشی ئەگەر بە ئیروویی و تێروپڕی تێدا بژی جێگەیێکی خۆشە بە تایبەتی لە لایەن چەشمەندازەوە. ئێمە کە هەمیشە بە جیرانەتیی میوەی زۆر و بێحیساب بە سەرمان دەبرد هەستمان بە بایەخی میوەکە نەدەکرد بەڵام ئەو مێوانەی لامان دادەبەزی و میوەی نایابی هەمەڕەنگی بۆ دادەنرا و سەماوەریشی بۆ تێدەهاوێژرا، دەیگوت کە ئەم میوەیە هەبێت چایە چ لێ بکەم، کە هاتمە بەغدا بۆ خوێندن ئەوجار زانیم میوە کڕین بە کیلۆ و نیو کیلۆ لە تەک تلیانە و بێ تەرازووی قەڵا پەرچن لە میوەی ڕەنگاوڕەنگ چ دەهێنێت.

من لە سەردەمی باوکمدا کەمتر خەریکی درەخت و شیناورد دەبووم، بە زۆری لە چەشمەندازی دڵگیر دەگەڕام. چەندێکی دەرفەت هەبایە بەرەو سەرووی شاخ هەڵدەکشام نەک بۆ باغەکان لێژ دەبوومەوە، حەزیشم دەکرد ناوناوە سەردانێکی کۆیە بکەم.

لەو ساڵەی ١٩٤٢دا زگێشە کۆنەکەی باوکم زیادی کردبوو، تەنها لە ڕاکشاندا ئێشەکە ڕادەوەستا. دەرسی فەقێیان کەم بووبۆوە. نۆرەیان بۆ دەکرد. ساڵی ١٩٤٢ چەند ڕۆژەک چوونەوەمان بۆ کۆیێ پێش خست هەتا نەکەوینە ڕەمەزان. بۆ من یەکەم جار بوو ڕەمەزان خۆ لە کژی چنارۆک بخشێنێت.

ئاڵقەی نۆیەم

وەک لەبیرمە هاوینی ساڵی ١٩٤٢ جەنگ بەسەر لەنگەرێکی لەقەوە حندرحۆی دەکرد، لە شەڕگەی ڕۆژاوای میسر ئینگلیزەکان چ توانایەکی هەیانبوو لەشکری هەشتەمیان پێ ئاخنی و قۆماندانێکی نوێشیان بۆ هەڵبژارد، جەنەراڵ مۆنتگۆمەری، گیانێکی نوێی خستە بەر ئەو لەشکرە چاوشکاوەی ترس تێگەڕاوە. بە هێزێکی لە ڕادە بەدەرەوە مۆنتگۆمەری شەڕی (عەلەمەین)ی لە لەشکرە بێ چەک و سووتەمەنیەکەی ڕۆمێلی ئەڵمان بردەوە و بەرەو (بەرقە)ی لیبیای کشاندەوە. لە شەڕگەی ڕووسیا، لەشکری ئەڵمان پەلاماری ئەوتۆی دەدا و بە جۆرێک پێش دەکەوت بە تایبەتی لە بەشی خوارووی ڕووسیادا، مەترسیی شکستی یەکجارەکی ڕووسەکانی لێدەکرا.

من لە گۆشەی نابەرچاوی پەرۆشداریمەوە ڕەملی چاکم بۆ بەرەی دیمۆکرات لێ دەدا و نوختەی گەشم لە چەند و چۆنیی شەڕ بۆ ئەو بەرەیە ڕەچاو دەکرد. بە هەمەحاڵ گەشبینییە بە زۆر دروست کراوەکەم لەو ساڵەدا بنگە و بنەمای هەبوو لە چاو ساڵانی پێشووتر کە هەرگیز شکستێکی ڕاستینهی ئەڵمانیای نەدیتبوو. کە هاوین و پاییزی ١٩٤٢ بەسەرچوو لە زستانی نێوان ١٩٤٢-١٩٤٣دا شکستە پشتشکێنەکەی ئەڵمانیا لە ستالینگراد گەشبینییەکەمی کرد بە متمانە و دڵنیایی. هەر لەو بەینانەدا بوو کە ڕەوی هەزار فرۆکەیی بۆ سەر ڕۆژاوای ئەڵمانیاش دەستی پێ کرد. باش لەبیرمە، لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ کە ئەڵمانەکان لە ڕووسیا و لە شەڕگەی ئەفریقا و دەریای سپیی ناوەڕاستیش تەنگەتاو کرابوون خەبەری دابەزینی چەتربازەکانی ئەڵمانیا بە هاورێیەتیی ڕەمزی نافیعاغا و دەردەست کردنیان لە لایەن حکومەتەوە بە ناو خەڵقدا بڵابۆوە. لەو دەمەدا بە ڕوونی لە کەسەوە دیار نەبوو بنیچەی ڕووداوەکە و ئامانجەکانی چی بوون. بە سۆسەکردن و قسەهەڵگرتنەوە تا ڕادەیەک ڕەنگ و ڕوەکی کوردایەتی بەدی دەکرا، بەڵام بە شێوەیەکی تەماوی. ڕاستییەکەی من لەو کاتانەدا نە بۆم دەلوا هەموو لایەنێکی مەسەلەکە بخەمەوە سەریەکتر و ڕایەکی یەکجارەکیی لێ هەڵێنجم نە هیچ ترووسکەیەکیش لە ڕووداوەکە دەگەشایەوە سەرنجی دووروودێژ و بەردەوامم بۆ خۆی ڕابکێشێت، ئیتر وەک دیمەنێکی لێڵی ئەودیو مینایەکی چڵکن کە چاو بە تەواوی تێی بڕ ناکات، جۆرێک مەسڵەتی لە نێوان کوردویستی و ئەڵماننەویستی لەو کارەساتەوە دەخزایە دڵمەوە و پێی تەسکێن دەبووم. من لە نزیکەوە شناساییم لەگەڵ ڕەمزی و خزمانیدا پەیدا نەبووبوو، ڕێکیش نەکەوت دوای دەستگیربوونی ببینمەوە، پێشتریش جاروبارێکم دیتبوو، ئەو زڕە ڕەنگەی گیانی کوردایەتیی لە چالاکیی ڕەمزیدا کە بۆ بەرچاوی ئەڵماننەویستێک خۆی لەو سەردەمەدا دەنواند، دواتر لە ویژدانی کوردپەروەردا تێرڕەنگ دەبوو، لە ساڵی ١٩٤٣ جارێ سۆڤیەتپەرستی بە ناو کورددا بڵاو نەبووبۆوە کە ببێتە هۆی کەمتر خەریک بوونی کوردەواری بەو کارەی ڕەمزی کردی؛ دەنگ نەدانەوەی گیانبازییەکەی ڕەمزی لە بێخاوەنی و بێپەرۆشخۆرییەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ ماوە نەکەوتە نێوان دابەزینی ڕەمزی و هەواڵەکانی و نێوان گرتنیان و خامۆشکردنیانەوە. خولاسە کارەساتەکە لەو دەمەدا کەمتر لە نرخی خۆی پێ درا لە لایەن کوردەوارییەوە، ئەوەی ڕاستی بێت تا ئیستاکەش بایەخی ئەوتۆی پێ نەدراوە کە لێی دەوەشێتەوە؛

فرکەیەکی بە تەوژمی دەماری کوردایەتی بوو ڕەویەوە بێ دەنگ و زەنگ.

هاوینی ١٩٤٣ یەکەم جار بوو ڕەمەزان تێیدا بەر کژی چنارۆک بکەوێت، من لە سەردانی (نازەنین) بووم کە چەند پارچە باغێکی باشمان تێیدا هەبوو، ساڵانە بەرهەمی مێوەیانیمان بۆ دەهاتەوە کۆیێ. دوای گەڕانەوەمان بۆ چنارۆک لە هاتنەوەمدا شەوی سەرەتای ڕەمەزان مێوانی حەمەدەمین و برایمی ئامۆزا محەمەد بووم لە جەلی. پاش پارشێو کە دنیا ڕووناک بوو کەوتینە ڕێگە. چێشتەنگاو بوو گەییشتینەوە چنارۆک. گەرمای ڕێگا و کەمخەویی شەو، ڕۆژووی ئەو ڕۆژەمی نەختێک وەزەحمەت یەخست بەڵام لێی هەڵنەهاتم. ڕۆژووی بەر نوا و سێبەری شار ئاسانترە لە هی شوێنی وەکوو چنارۆک یاخود دەشت و دەری کاکی بە کاکی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژاوا دراوسێیی هەتاو خەبەردەری دوور بوونە لە فتاری ئێوارە. ئەو ساڵە لە ئەیلوولدا ڕەمەزان دەستی پێ کرد، کژەکەی بەرەو فێنکایی دەچوو، ساڵەوساڵ ڕۆژوو پتر لە گەرما و درێژخایێنی دەر دەچوو. بەر لە جەژن هاتینەوە کۆیێ.

نەساغیی باوکم لە زیادیدا بوو بەڵام هێزی هەبوو، دەبوو پێشتر بڵێم سەفەری بەرەو نازەنینم نەدەکرد ئەگەر باری تەنسازیی باوکم لە مەترسیدا بایە. ئەو گەشتە کورتیلەیەم جێبەجێ کردنی داخوازییەکی برایەتی و دۆستایەتیم بوو لەگەڵ محەمەد حەوێزدا‹٢٣› - کە بە حەمەڕەش بۆ خۆشەویستی ناوی دەبرا - کە لەو هاوینەدا دەبوو «رسالة» بنووسێ لە بارەی ئێلی خۆشناوەتی و لە بری «اطروحة» پێشکەشی بکات لە ساڵی چوارەمی خوێندنی لە «دار المعلمين العالية». شەوێک و ڕۆژێک لە چنارۆک مایەوە و باوکم لە ساباتەکەی سوولی پاشا دەیدوواند و وردە پرسیاری سەر بە مەسەلەی خۆشناوەتیی لێ دەکرد؛ ئێستا کاکە محەمەد حەوێز دەڵێ ئەوسا شەرمم دەکرد بە ڕەهایی وەرامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە. ڕۆژی دواتر بە یەکەوە لە سەر پرۆگرامێکی خۆی ڕەچاوی کردبوو بەرەو جەلی و نازەنین بەڕێ کەوتین. نیوەڕۆژەمان بردە جەلی، شەو چووینە نازەنین، ئەو چەند ڕۆژەمان بە خۆشی ڕابوارد، تامی ئەو سەفەرانەی دەدایەوە کە لە دەمی خوێندنی هەولێرماندا وەها دەبوو لە ڕێی خزمانی هەڵەجە و ئاخوڕە، حەمەڕەش و شێخ فاتیحی خاڵە سەدر و من بە وڵاغ دەگەڕاینەوە بۆ عوتلەی نیوەی ساڵ... لە نازەنینەوە وڵاغی بۆ سازدرا تا قۆناغەکەی دیکەی ئیتر لەوە بەو لاوە خۆی بەرپرسی گەشتەکەی بوو.

پاش گەڕانەوەمان بۆ کۆیێ ناساغیەکەی باوکم زیادی کرد تا ئەوەی لە جەژنە هەر لە دیوی ماڵەوە لە لایەن خەڵقەوە جەژنەپیرۆزانەی لێ کرا، نەشیتوانی سەر لە مەلا و شێخ و پیاوماقووڵان و خاوەن دیوخانەکان بداتەوە. نەشچوو بۆ نوێژی جەژن.

ئەو ڕۆژانەی نێوان کۆتاییی جەژن و ١٩٤٣/١٠/١٢ خەڵق دەهاتنە ئەحواڵ پرسی، ئەوساش تاقەتی هەبوو لەبەر گەلێک کەس هەڵستێت، لە ڕۆژانی ١٠-١١ تووشی نەزیفی میعدە بوو. دکتۆر نەجیب عەبدلنوور ڕۆژی چەند جاران سەردانی لێ دەکرد هەتا سبەینەی ١٠/١٢ کە نەزیفی بۆوە دکتۆر نەجیب جودای کردمەوە و پێی گوتم کە تەنسازیی باوکم زۆر ناتەواوە، ئەو چارەیەی کە بۆ نەزیفەکەی کردووە ئەگەر ڕاینەوەستێنی چ دەسەڵات نامێنێ دکتۆرێک بە کاری بهێنێ. لە ماوەی یەک دوو سەعاتدا، باوکم وەک چرایەکی نەوتی بێتە وشک بوون، وشکاییی خوێنی دەهات. ئەو دەمانە باری نەفسیم وەک ئەوە بوو

یەکێک لە دوو لاوە بەرداش پاڵەپەستۆی بدەن ئەویش بە هەموو توانایەوە بیەوێ (قەدەر) لە گەڕ بخات و بەرداشەکان بوەستێنێت. مەرگی باوکم شتێک نەبوو لە قەناعەتمدا بگونجێت. دایکم و مامم و نەجیبەی خوشکم و من بە دەورییەوە بووین، خەڵقی دیکە هەمان سامی کە بە درێژایی دەیان ساڵ لە (مەلای گەورە)وە سواری دیتن و بیستن و گوتنیان دەبوو وەهای دەکرد لە نەدیوی ئەوەوە ئەو دەقیقە خز و لەقانەی پێش مەرگی بە لێوەلەرزە ڕابوێرن... هێزی قسەی نەمابوو، بۆ دوایین جار بە دەست ئیشارەی کرد، مامم و نەجیبە چوونە پشتی و هەڵیان ستاندەوە بۆ سەرباری دانیشتن، بێ ئەوەی سەر بسوورێنێ چاوێکی بە دنیا و بە مندا گێڕا و دیسانەوە بە ئیشارەت درێژیان کردەوە. زۆری نەخایاند، تەنها دەقیقەیەک، بۆ ماوەیەکی کورت کەوتە گیانەلاوە و یەکجارەکی هەناسەی ڕاوەستا... من ئەو چاوگێڕانەی هەرگیز لێم کۆن نەبوو. لە کووچە و بازار خەڵق دەیانزانی وەزعی باوکم لە چدا یە، هەر کە دەنگی شێوەن لە حەوشەمان بەرز بۆوە عالەم جمین بۆ ماڵ و گەڕەکەکەمان... من هاتبوومە حەوشە بچووکەکەی دەرەوە، مەلا مەعسوومی هەورامی بە شێوەن هاتە ژوور و دڕی بە خەڵقەکە دا و منیش بە دواوە هەتا سەر ئەو لەشە بێگیانەی باوکم. ئافرەتان پەرتەوازەیان پێ کەوت، مەلا مەعسووم چی دەکرد نازانم، دەستی ڕاستەی باوکمی گرت و چەند جاران بەر و پشتیم ماچ کرد... مەلا مەعسووم وردەوردە باوەشی لە باوکم شل کرد و بە شێوەنەوە لە ئافرەتستانەکە دەرچوو منیشی بە دواوە...

شاری کۆیێ بە حکومەت و میللەت و قوتابی و قوتابخانەکانیەوە لە دوای جەنازەی مەلای گەورە ڕۆیشت. هەرچەند ڕێکەوتێکی سروشتی بوو کە لە دەمی شاردنەوەی تەرمی باوکمدا، گەواڵەیەک هەور تێپەڕی و ڕشێنە بارانێکی بەسەر ئەو خەڵق و قەبرستانەدا هەڵڕشت بەڵام لەو دەمەدا هەر دەتگوت ئاسمان بەشداریی تازیمانەی کۆیە دەکات. مەرگی باوکم گەورەترین کۆست کەوتن بووە لە هەموو ژیانمدا، هەرچەند دەمزانی و دەزانم مەرگ کۆتاییی هەموو گیاندارێکە بەڵام هەروەک دەزانم سیفەتی سووتێنەری ئاگر نابێتە کەم کەرەوەی ئازاری سووتان هەروەهاش ئەو زانینە سارد و سڕەی سروشتی بوونی مەرگ لە کەلێنی مەرگی باوکم بایی کونی دەرزیشی پڕ نەکردەوە، ئیستاش پڕی ناکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبوو لە ژێر باری مەینەت دانەهێزێم چونکە بەرپرسی خێزانێکی زگدڕاو و پاسەوانی کەلەپوورێکی گەورە بووم.

تەرازووە لەنگەر بەزیوەکەی میراتیمان لە لایەن داهات و ئەرکەوە لەو دەمانەدا دەیەویست نالەبارییەکەی خۆی باشتر بنوێنێت. لە ڕۆژی مەرگیدا، باوکم سەد دیناری قەرزداریی بۆم بە سامان جێ هێشتبوو، جگە لە عەزیمەتی خۆم کە بە درێژاییی ژیانم یارم بووە، سێ هێزی دەوروپشتم یارمەتیی دام: یەکیان ئەوە بوو کە مامم بێ بەرهەڵست یەکسەر جێگاکەی باوکمی بۆ گرتمەوە لە لایەن پاراستنی پایەی عیلمیی بنەماڵەی جەلیزادەوە تا ئەوەی مومکین بێت کەلێنی یەکێکی وەکوو مەلای گەورە پڕ بکرێتەوە، مامم ئەو کەلێن گرەوە بوو. هیچ کەمایەتی بەسەر تەدریس و (خطبە) و ئیجازە و مەجلیسەکانی مزگەوتی گەورەدا نەهات. مەلاکانیش کە بەشی زۆریان ئیجازەیان لە باوکم وەرگرتبوو پایەی ئەویان بۆ مامم پاراست. لە ناویاندا خوا لێ خۆش بووی مامۆستا مەلا سادق کە بە یەکەوە لەگەڵ مامم لای باوکمیان خوێندبوو هەر لەویش ئیجازەیان وەرگرتبوو، لە ڕادە بەدەر دڵسۆزی مامم بوو. جگە لە مەلاکان

شێخە خاوەن تەکیەکانیش هەمان هەڵوەستی دۆستانە و مەردانەیان هەبوو، ئنجا ئاغاکان و توجارەکان و خاوەن جێ و ڕێکان تا دەگاتە ئەسناف و کەسەبە و ئاپۆرەی کۆیییان هیچ قسورێکیان لێ نەدیترا.

هێزی دووەم پێوەندیی ناو خێزانی خۆمان بوو کەوا بێگومان شتێکی نموونەیی بوو لەچاو جیهانی دەوروپشتمان. ئەو جۆرەی ڕۆژگار لە ماڵی ئێمە بەسەر دەبردرا هیچ وێنەی نەبوو لە کۆمەڵایەتیی کوردەواریدا. لێرەدا دەرفەت نییە بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە چ تام و شامێک هەبوو لە چەژی ژیانی خێزانی مەلای گەورە، هەر وەهاش بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٩٦٥ کە بە ناچاری نشیمەنم لە کۆیەڕا ڕاگوێست بۆ بەغدا، ئێمە بەوە ڕاهاتبووین هەموو ئەو شەوانەی پایز و زستان و تا ناوەندی بەهاریش کە نووستن لە ژووران دەبوو، دانیشتنی ناوخۆیی خێزانیمان شەوانە بەردەوام بێت هەتا نیوەی شەو و درەنگتریش. ئەم دانیشتنانە دوای بەسەرچوونی کۆڕی دیوەخانە دەستی پێ دەکرد؛ بە بەشداریی ئامۆزاکانم و خزمی زۆر نزیک. شەو لە شەویش ئەو خەڵقە گەشتر و گەشبینتر و خۆشتەبیاتتر دەبوو، تاکێکیشی لەو مەجلیسانە دانەدەبڕا مەگەر بە قەزا و قەدەر. هەستم دەکرد ئەو خەڵقە دوای مەرگی باوکم دڵیان پێمەوەیە و خۆشیان دەوێم و چاویان لە چاکەمە، لەم لایەنەوە خورتە بە دڵمدا نەدەهات. یارمەتیدەرەکانمان چ ژن و چ پیاو پتر جانفیدایییان بۆ دەکردین، هێندێ دۆستی نزیک لە پەرۆشەوە پێیان گوتم کە وەها باشە لە ژمارەی یارمەتیدەران کەم بکەمەوە تاکوو مەسرەف لێی دابشکێت؛ ئەو دۆستانە نەیاندەزانی کە لە تەرازووی ئێمەدا فەرقی کافیەی مەلایان و فەتحی شیربرام لەگەڵ خوشکەکان و فاورقی برام، وجوودی نییە. سەری خوێنەر نەیەشێنم هەستی حەسانەوەم بە وەزعی ناو خێزان دڵدەرەوەیەکی گەورە بوو بۆم.

هێزی سێیەم لایەنی خاڵوانم بوون. شێخ خدر و شێخ جنێدی شێخ ڕەزای سندۆڵان کە ماڵیان لە سەیداوەی تەنیشت ڕانیە بوو خاڵم بوون. شێخ حەسەن و شێخ حسێنی حاجی سەیدی سندۆڵانیش ئامۆزای دایکم بوون کە فەرقیان نەبوو لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ خاڵەکانم و دەسەڵاتێکی دنیایی زۆریشیان هەبوو هەم لە دیوی پشدەر و هەم لە دیوی ڕانیە. هیچ هەستێکی شەرم دامناگرێت کە لە یاداشتم بنووسم خاڵوانم کە هاتنە تازیەی باوکم لە گەنم و برنج و ڕۆن و شەکر و چایە و پێداویستی گوزەران ئەوەندەیان لەگەڵ خۆیان هێنا گەلێک گەلێک لە ئیحتیاجی ساڵێکمان زیاد بوو، تەنانەت لەو ساڵانەدا کە سن و کیسەڵە گەنمی کەم کردبوو ئەوەندەیان گەنم هێنا بەشێکی کرا بە تۆی فەلاحەتیمان لە پێبازۆک، ئەوەندەشیان پارە بەجێ هێشت لە مەسرەفی ساڵێکی خوێندنی بەغدام زیاد بوو. ئەو تەرزە پاڵپشتانە لە باری تەنگانەدا بایەخیان دەردەکەوێت، بۆ منیش کە جارێ دوو ساڵی مابوو خوێندنی حقوقم تەواو بکەم، مەرگی ئەو جۆرە باوکە قورسایییەکی وەهای بەسەردا بەجێهێشتم زێدە پێویستم هەبێ بە جۆرەها داروەکازی خۆ بەسەرەوە ڕاگرتن. لەو ڕۆژە تاریکانەی تازیەی باوکمدا یەکێک لە تێبینیە شیرنەکانیم هەمیشە دەهاتەوە بەر هەست کە دەیگوت: شێخ دەمرێت کوڕەکەی یەکسەر دەبێتە شێخ و لە جێی دادەنیشێت، ئاغا دەمرێت کوڕەکەی دەرلەحزە دەبێتە ئاغا و جێگری، توجار دەمرێت کوڕەکەی دەبێتەوە توجار، ئەمما کوڕە مەلا ئەگەر بیست ساڵان چاوی خۆی بە خوێندن و (ئاڵێ دەڵێ بابە) کوێر نەکردبێ گەسک دەری کۆڵانیشی تێنابێت. ئەم قسەیە بۆ یەکێکی وەکوو من کە لە پاش

مەلای کۆیێ بەجێ مابێت دەجاران بە ڕاست دەگەڕا. هەر من دەزانم (میراتگری)ی پیاوێکی وەها مەزن چ بەتاڵاییەک بە دەوری میراتگردا دەهێڵێتەوە وەکوو منداڵێکی حەفت ساڵی جلکی کەسێکی ٢٥ ساڵی لەبەر بکات...

دەبێ بڵێم حکومەتی عێراق بە ڕەسمی سەرەخۆشیی لێ نەکردین وەک کە لە حاڵەتی مردنی پیاوی وەهادا بە عادەت دەیکرد. بەڵام سەفیری بەریتانیا تازیەنامەی بۆ مامم هەنارد، هەروەهاش ئەدمۆندس و کاربەدەستی دیکەشیان. لە لەندەنەوە چەند نامەیەکی تازیە لە کاربەدەستە کۆنەکانیانەوە گەییشت... جارێ لە کۆیێ بووم تازیەنامەی مەهابادم پێ گەییشت. بۆیان گێڕامەوە، کە خەبەرەکە گەییشتبووە شێخی خاڵ‹٢٤› هەستێکی زێدە مەردانەی دەربڕیبوو قەتیش ئەو قسەیەم لێ دووپات نەکردەوە... گەڕانەوەم بۆ بەغدا بە هۆی تازیەوە نەختێک وەخرا. برادەران بروسکەی پرسەیان ناردبوو بۆم کە یەکتریشمان دیتەوە پرسەی دڵسۆزانەیان نوێ کردەوە. یوونس ڕەئووف «دڵدار» یش بەو هۆیەوە درەنگتر لە کۆی خۆی بۆ بەغدا گەڕایەوە، بە درێژاییی ڕۆژانی پرسە و دوای پرسەش هەر لێمەوە نزیک بوو. لەم ساڵەوە من و دڵدار بەیەکەوە لە ژوورێکی ئۆتێلی ڕەشیدی گەڕەکی (مربعة) ژیاین هەتا مانگێک پێش ئەزموونی کۆتاییی ساڵی ١٩٤٥ کە ئیتر خوێندنی حقوقیش بەسەر چوو. دەبێ بڵێم هەرگیزا و هەرگیز ڕووی نەدا لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بە هیچ جۆرێک دڵمان لە یەکتر بیەشێت وەیا گلەمەندییەک بکەوێتە نێوانمانەوە وەیا بە فسکەش قسەیەک لە هیچ کاممانەوە دژی ئەوی دیکە گوترابێت. یانەی سەرکەوتن بە بۆنەی چل ڕۆژەی مەرگی باوکم ئاهەنگێکی گێڕا کە دەبوو بە پێی تەقلید من گوتاری کۆتایی بە سپاسی بەشدارەکانەوە بدەم بەڵام خوا لێ خۆشبووی مەعرووف جیاوۆک کە خۆی لە بنەڕەتدا خاوەن فکرەی یانەکە و ئەمین عامیشی بوو لە جیاتی قسەی کرد. ئێستە بە چاکی لەبیرم نییە چۆناوچۆنی بوو بەڵام دەزانم لە پاش ئەو ئاهەنگە من خۆم بە ئەندامی لێژنەی ئیدارەی یانە دۆزییەوە؛ سەرۆک ئەمین زەکی بەگ بوو، چەند پیاوماقووڵێکی دیکەی کوردی بەغدایش ئەندام بوون. لەو ئاهەنگەدا یوونس ڕەئووف (دڵدار) گوتاری هەبوو بەڵام کە دەستی کرد بە خوێندنەوەی، زمانی گرفتی کەوتێ و چەندێکی کردی نەیتوانی هیچ بڵێت، کاغەزەکانی پێچایەوە و بێ ئەوەی پێوەی دیاربێ تێشکاوە بێگرفت عوزری زمان گیرانی هێنایەوە و هاتەوە جێگایەکەی خۆی. دڵدار کەوا بێ خوێندنەوە دەکەوتە دووانی کۆبوونەوەی ئەوتۆیی هەرچی عەیبی زمان هەبوو لێی بە دەر نەدەکەوت کەچی لە خوێندنەوە و وتووێژی عادەتی وەها دەبوو بە جۆرێک دەگیرا کرانەوەی نەبوو. هاتوباتی یانەی سەرکەوتن بە هۆی تێک ئاڵقانی مەیلی نوێخوازیی خوێندووەکان و مەیلی داوەستانی سەرپەرشتیکەری یانە لە ماوەی ساڵێکدا ئاکامی ناخۆشی لێ کەوتەوە ڕەنگە لەم ئاڵقەیەدا نۆرەی بگاتێ.

جەنگ قورساییی خۆی بە تەواوی لە حاڵ و باری گوزەران دەرخستبوو. ڕەشوڕووتی فەلاحەت و شینایی کەنەفت بووبوون بەتایبەتی لە کوردستانەکەی خۆمان کە خولگەی هەڵسووڕ و داسووڕی نان پەیدا کردن بۆ دەشت نشین لە چاو دەشت نشینی ناوەڕاست و باشووری عێراق هێندە بەرفراوان نییە. باران وەک ئاوی زێیەکان پشتی پێ نابەسترێت.

زێ ئاوەکەی زۆرە لەوانە نییە هەموو دەم لێی بپەڕیتەوە، ئیتر ئەم بەر و ئەو بەری لێک دادەبڕێن مادەم

پرد لە نێواندا نەبێت کە ئەوسا لە کوردستانی عیراق زێیەکی وەکوو زێی تەقتەق (زێی بچووک) تەنها لە پردێ کۆنە پردێکی بەسەرەوە بوو، لەوە بەولاوە ناوناوەیەک لێرەولەوێ کەڵەک هەڵدەبەستران یاخود لە پاش دامەزراندنی حکومەت لە پژدەر و کردنەوەی ڕێی ئۆتۆمۆبیل لە سلێمانییەوە بۆ قەڵادزە، لە دوکان و میرزا ڕۆستەم و سندۆڵان قەیاغ سازدران. لەلایەن چاندنەوە زێیەکان بایی کانیاوێکی کەم ئاو سوودی بژێویان لێ نەدیترا مەگەر لە شوێنی هەموار بۆ هەڵنانی «ناعور» تەنانەت پناوانێکی وەکوو هی دوکان و دەربەندیخان هەر ئەوەندەی کرد بۆ ناوچەکە کە دەوری ١٥٠-٢٠٠ ئاوایی کوردی ژێراو کرد. بۆ گەلی بێدەسەلات ئاوی زۆر و شاخی بەرز هەر دەبنە لەمپەڕ لە پێش یەک بوون و یەک چوونی ئەو خەڵقە کە بە زەحمەت یەکتر دەبینن... حیکایەتەکە زۆری بەدەمەوەیە لێی هەڵدێم.

هەژاریی خەڵق لەو ڕۆژگارانەدا خۆی لە خۆیدا نەدەبووە هۆی پەیدابوونی سەرێشەی سیاسی بۆ حکومەت، ڕاستییەکەی هەژاریش جارێ فێرنەبوو بوو گلەیی خۆی لە مل حکومەت بپێچێت بەڵام باری بووژانەوەی کوردایەتی و هەستی کۆمەڵایەتی لە دیوی کوردستانی ئێران حیسابێکی قووڵی بۆ دەکرا لە لایەن ئەو دەسەڵاتەی کە ئەوسا لە ڕۆژانی جەنگدا قسە ڕۆیشتوو بوو لە نەخشەکێشانی سیاسەتی عێراق کە ئینگلیزەکان بوون. ترسی تەشەنەکردنی گیانی نوێخوازی لە کوردی ئێرانەوە بۆ کوردی عێراق وەهای کرد سیاسەتێکی تازەی «خەڵق خەریک کردن» نەخشەکێش بکرێت لە ڕێی زیاد کردنی نرخی تووتن و زۆر کردنی پلەی مومتاز و یەکەم لە پۆلاندنی تووتن.

ئەم سیاسەتە تازەیە لە کژەتووتنی ساڵی ١٩٤٣ خرایە گەڕ و کێشایەوە سەر هێندێ کە پارەیەکی لە خەیاڵ بەدەر بکەوێتە دەشت و ئاوایی و شارەکانی کوردستانەوە. تووتنەوان هەبوون کە پەنجەکانی ڕانەهاتبوون لە دینار ژماردن، چەندێکی دەیکرد دەستە دیناری بۆ نەدەژمێردرا بە ناچاری خێرومەندێکی دەدۆزییەوە بۆی بژمێرێت. چونکە منیش پشکم لە تووتن هەبوو باری ئابووریم بەو پارەڕژانە ڕووەو هەڵست بزووت. کژەتووتنی ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن کەم و زۆریی بەرهەمەوە لەسەر ١٩٤٢ حیساب دەکرا چونکە هەڵکشانی نرخی تووتن کەوتە دەمی پاش لێ بوونەوە لە چاندن. بۆ کژی ١٩٤٣-١٩٤٤ خەڵق بینی بە چاندنی تووتنەوە نا، تا ئەوەی کوێراویش تووتنەوانی بۆ پەیدا بوو. مەرەزە وازی لێ هێندرا، شیناورد مەیدانی بۆ تووتن چۆڵ کرد، فەحسی تووتنیش، لەلایەن لیژنەی فەحسی تووتنەوە، بوو بە مامڵەتی بازاڕی، بەرتیل ئاواتی خاوەن تووتنی پێک دەهێنا خواش غەفوور و ڕەحیمە.

لە لایەن خوێندنەوە ساڵی سێیەم تا بڵێی بە ڕاحەتی تێپەڕی؛ دەتگوت ئەو ساڵە بە قۆناغی حەسانەوە داندرابوو تا ئەوەی ڕۆژ هەبوو یەک دەرسی تێدا دەخوێندرا. شکستی ئەڵمانەکان خەریک بوو لە گومان دەردەچوو، دوای تێشکانیان لە عەلەمەین و ستالینگراد هیچ هەڵمەتێکی ئەوتۆیان نەبرد لە مەیدانی جەنگ تەرازووی بەخت هەڵستێنێتەوە. جەنگ پەڕییەوە بۆ ئیتالیا، مۆسۆلینی جێی لەق بوو، دواتریش خەڵقی ئیتالیا بە پەتیانەوە کرد. لەگەڵ ئەمەشدا بەرگریی ئەڵمانەکان لەو حاڵ و بارە سەغڵەتەدا جێی سەرسوڕمان بوو، هەتا کۆتاییی جەنگ لە هاوینی ١٩٤٥ زۆربەی خاکی ئیتالیایان بەدەستەوە بوو. لە ڕووی هێزی چەکەوە ڕەنگە دەیەکی دوژمنەکانیان چەکیان بەدەستەوە نەبوو، بە هەمە حاڵ ئێمە لێرەدا مێژووی جەنگ هەڵناسەنگێنین ئەوە نەبێ کە جەنگ یەکێک بوو لە مەشغەڵەتەکانی ئەو دەمانەم و

بەشێکیشە لە یادی سەردەمی خوێندنی حقوقم.

لە نووسینی دیکەشمدا باسم کردووە کە شناساییم لەگەڵ (بەهیە فەرەجوڵڵا) لە ڕێی دڵدارەوە بوو؛ بەهیە کچە کوردێکی بەهائیی خوێندەوار و زمانزان و ئەدەبدۆست بوو، لە میسرەوە ڕایگوێست بۆ عێراق خەریکی دەرسدانی کچانی سانەوی بوو، لە ڕادیۆش گوتاری بۆ منداڵان بڵاو دەکردەوە. لە حەفتەدا یەک ئێوارەی تەرخان کردبوو بۆ مێوانان، ئیتر ماڵەکەی دەبوو بە کۆڕی ئەدەب، خۆی بە عەرەبی و فارسی و فەرەنگی و ئینگلیزی دەدوا، کوردی فێر نەبووبوو هەرچەند گیانی کوردایەتیی تێدا بوو، خۆشی بە کورد دەخوێندەوە. مامۆستا فەرەجوڵڵای باوکی لەگەڵ باوکمدا شناسایی‌ی نامەنووسییان هەبوو، وێنەی ئەو نامانەشم بە بەهیە نیشان دا؛ پێیان گەشایەوە. بە زاری خۆی دەیگوت حەز بە شووکردنی گەنجێکی کورد دەکات کە ڕێی پێ بدات لە لادێی کورد خزمەت بە ئافرەت بکات... پێشتریش لە نووسینمدا گوتوومە دڵدار عاشقی بووبوو بەڵام عیشقی یەک لایی، (خەندەکەی بایی)شی بە خەیاڵی بەهیە هۆنیەوە. دوایین جار بەهیەم دیت لە پاش بەسەرچوونی ئەزموونی پۆلی چوارەمی حقوقم لە سەرەتای هاوینی ١٩٤٥؛ چوومە سەردانی دوعاخوازی لێ کردنی، لەوە بەولاوە چاوم پێی نەکەوتەوە...

دڵدار لە ڕۆژانی هەوەڵ ساڵی بە یەکەوە بوونمان لە ئۆتێلی ڕەشید بە ڕەسمی پێشنیازی کرد کە ببم بە ئەندامی پارتی هیوا بەڵام تەکلیفەکەم هەڵنەگرتەوە بێ ئەوەی هۆیەکی دەست نیشان لەو تەکلیف ڕەت کردنەوەیەدا هەبووبێت. ڕەنگە تا ڕادەیەک کاڵی و کرچی لە ڕەفتاری سیاسیی هێندێک لە ئەندامانی هێوا دەخڵی بەو هەڵوەستەمەوە هەبووبێت. چ لێم خۆش نەهات کە دیتم ئەندامی چەسپاوی هیوا لە خۆ ئامادەکردن بۆ دیدەنی وەزیرێکی کورد هێندە بە خۆیەوە خەریک بوو دەتگوت فەرهادە و یەکەم جارە دەچێتە ژوانی شیرین... ئنجا وەزیرەکەش نەیدیت، کەچی هەمان وەزیر لە جادە چاوی بە زەیدی ئەحمەد ئەفەندی کەوت بە ڕاشکاوی و بێ هەناسەسواری لە زەیدەوە، لەگەڵی کەوتە وتوویژ و بەینێکیش جادەیان بە پیاسە بڕی... وردە ڕێکەوتی خوێڕیلەی ئەوتۆیی نەیدەهێشت تامەزرۆی حیزبایەتی بم...

دوای ئەزموونی کۆتایی‌ی ساڵی خوێندنم لە پۆلی سێیەم کەوا بەر لە حوزێران لێی بووینەوە، گەڕامەوە کۆیێ. عەسران لە خزمەت مامىدا مەجلیسمان لە هەیوانی ڕووەو باغ و دەشت و تەپۆلکەکانی هەیبەسوڵتان، لەو بەشەی مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەددا کە پێی دەگوترا (قەسر)، دەبەست. ڕۆژی شەشی حوزێران بوو کە چووم بۆ مەجلیسەکە قەڵەباڵغی خزم و دۆستان کۆبووبوونەوە و بە گەرمی باسی پەڕینەوەی سپای سوێندخۆرەکانیان دەکرد بۆ بەری فەرەنسا، من جارێ نەمبیستبوو، دەتگوت موژدەیەکی زۆر خۆشم پێ درا، وەک لەبیرمە ئەو ڕۆژە چواردە هەزار فڕۆکە بەشداریی لە کوتانی سپای ئەڵمانیا کردبوو. مەبەست لە چواردە هەزار ئەوەیە کە چواردە هەزار فڕینی فڕۆکە بە سەر ئەو جەبهەیەدا ڕووی دا، هەرچەند دەشێ فڕۆکە هەبووبێت لە جارێک پتر بە سەر جەبهەدا فڕیبێت.

لە ساڵێک پتر بوو ئەڵمانپەرستەکان لووتیان نزم بووبوو، بەم دابەزینە نوێیەی ئەمەریکا و ئینگلیز لە خاکی فرەنسە، لەگەڵ لووت پشتیشیان چەمایەوە، بنیادەم مەخلووقێکی تەماوی و گرێیاوییە خۆی بەدەست ڕاڤەی ژێربێژانەوە نادات، دەنا کوردێکی کەس تێنەخوێندوویەوەی بێناونیشان بۆ دەبێ پتر لە مەراقی هێتلەردا بژیت تا مەراقی چارەنووسی خۆی و میللەتەکەی. ئەو نازییانە دەیەکی بایەخ دانیان بە

ڕادیۆی بەرلین و یوونس بەحری گوێیان بۆ دەنگ و باسی کوردستانی دیوی ئێران هەڵنەدەخست بگرە حاڵ و باری خۆیان و خێزانیشیان لە تەک شکۆی هێتلەردا نەدەهاتە پێش چاو، هێتلەریش یەک جار ناوی کوردی نەبرد...

پارەی تووتن چالاکییەکی بیژۆکی بێبەرهەمی وەبەر ئەو خەڵقە نابوو، مەجلیسی قومارچی و کەیفچی و ساختەچی گەرم ڕاهاتبوو، تووتنەوانیش بێقسور بوو لە مەسرەفی بێجێ. خێزانی یەکێک لەو تووتنەوانانەی کۆیێ کە ساڵی ٣٠٠٠ دینارێکی داهات دەبوو‹٢٥›، هەر جارە چووبایە بۆ حەمام زەنبیلە پرتەقاڵ و سێوی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ بەشینەوە. ئەمەم لە زۆر کەس بیستووە، ڕەفتاری مێردەکەشی لە دەستبلاوی چی پێوەی بگوترێ جێی باوەڕییە... لێرەدا نوکتەیەکم بەبیردا دێتەوە ئەمما وەکوو تووتنی بێشەما وایە: خوا لێ خۆش بووی د. عەبدوڕڕەحمان نوورجان لە گەرمەی پارەڕژانی تووتن و سەرقاڵیی ئەو خەڵقە بە چەک خورد کردنەوە و فەحس و تێکەولێکەی وردە حیسابی ناڕەوای وەک (اجور نقل) و (اجور حزم) و پارەی گونیە و... و... ئا لەو هەنگامەیەدا هاتەوە سەردانی خزمان بە شەهادەی بەرزی جۆراوجۆرەوە. مەشغەڵەتی پارە ڕێی لە خەریک بوون بە شەهادانەوە بڕیبۆوە. مامۆستا نوورجان ڕۆژێکیان کەسەری دڵی خۆی هەڵڕشت و گوتی: منیش شەهادەکانم دەسووتێنم و تووتن دەچێنم بە گونیە پارە پەیدا دەکەم... لەو قسانەدا بوو سەمەدی حاجی محەمەدی بەننا – مەشوور بە سەمەدی حاجی مەنجەڵ، بە هەلی زانی قسەی لێ وەرگرتەوە و گوتی: دەنا وەڵڵاهی ئەتوو تووتن بچێنی ئەمنیش دێم بنەزی (دڕووکێکی زۆر دڕە) لە کلکی وڵاغم توند دەکەم وا بە ناو تووتنەکەتدا دەگەڕێم یەک پەلکی ساغی پێوە نایەڵم، مامۆستا نوورجان گوتی: منیش حەفت پاسەوان بە حەفت تفەنگی بڕنەوەوە ڕادەگرم هەرچی دەخڵی تووتنم بکات بیکوژن. سەمەد گوتی: ئنجا ئەگەر حەفت پاسەوانان ڕابگریت بە مەسرەفەکەی ئەوان موفلیس دەبیت ئەمنی پێناوێ...

خوێندنی ساڵی چوارەمم بە گرێ و گاڵ و نارێک بوو، لە داچاندنی زەوییەکانی قەنبەرانی بیتوێنمان بە تووتن و چوونە بن باری بەرپرسییەکی گەورەی ئەو هەزاران دینارەی بۆ بەخێوکردنی پتر لە شێست تووتنەوان و مەسرەفی جۆگە و دامەزراندنی کەسابەتەکە لە توجاران وەرگیرابوو لە خۆوە داوای دەکرد لێم کە لە نزیکەوە سەرپەرشتییەکی مەیلەو دائیمی بکەم، هەندێ نەشارەزایی لەو خزمانەوەم کە بۆ یەکەم جار لە عومریان تەمای پارەداری بەرەو تێکەڵ کردن لە هەڵسووڕ و داسووڕی مڵکدارییەوەی دەبردن، شیرازەی بەرژەوەندە گشتییەکەی دەشێواند کە ئەگەر ڕێی پێ درابایە بەگشتی تێیدا زەرەرمەند دەبووین. لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٤–١٩٤٥ کە کۆتاییی خوێندنی حقوقم بوو بەسەر ڕاگەییشتنم لە بەرهەمی کژەتووتنی ١٩٤٣–١٩٤٤ کە چەندین مانگی دەویست، لە فەحس کردن و حیساب پاک کردنەوەی – ئائەو بەسەر ڕاگەییشتنەم تێکەڵ بوو لەگەڵ گژەگژی دامەزراندنی باری کەسابەتی کژەتووتنی ١٩٤٤–١٩٤٥ کەوا هەتا بەرەو کۆتاییی بەهاری ١٩٤٥ی دەخایاند. ئەم سەرقاڵییە مەودای نەدام خوێندنێکی ڕێکوپێک بەسەر ببەم، ڕەنگە بە هەمووی مانگێکم دەوام نەکردبێت لە خوێندنی بەسەریەکەوە.

بەخت یار بوو لیستەی (غیاب)ی قوتابییەکانی پۆلی ئێمە بزر بوو، ڕاستییەکەی دەگوترا قوتابییەکی

جەربەزە توانی ئەو لیستەیە لەناو ببات، ئەگەرنا من ئەوەندەم غیاب زۆر بوو بایی ئەوەی دەکرد خۆم و یەکێکی دیکەش پێوەی لە ئیمتیحان بێبەش بکرێین... یەکەم ساڵ بوو لە هەموو عومری حقوقی عێراق توندوتیژی لە لایەن ئیدارەوە بەکاربێت، ١٤ قوتابی لە پۆلەکانی دی بێبەش کران لە ئەزموون... چاودێری کردنی قوتابییەکان لە دەمی ئەزموون بۆ بەکارنەهێنانی قۆپیە لەو ساڵەدا دەستی پێ کرد. تەنها بیست ڕۆژ ماوەم هەبوو بۆ چاوگێڕان بەو دەریا دەریایەی کتێبەکانی پۆلی چوارەمی ئەو ساڵە. گەلێک فۆرمەی کتێبە نوێیەکانم بۆ هەڵنەبڕانەوە چ جایی بیانخوێنمەوە. خوێنەر لێم بسەلمێنێ کە بڕیارێکی قووڵ بە قووڵایی نەفس لە سەر هێندێ کە ناشێ لە (حقوق) بکەوم بوو بە داروەکازم و خۆمم بەسەریەوە گرت، ئەگەر لە مەکتەبێکی دیکە بامایە کە مادەکانی سەر بە کیمیا و فیزیا و ڕیازیات بن دەرنەدەچووم هەرچەند پتریشم سەعی کردبایە لەوەی کە کردبووم.

بەر لەوەی بکەوینە ئەزموون، دڵدار خەونێکی خۆی بۆم گێڕایەوە، گوتی: وەهام دیت لە خەونمدا کە تۆ لە ڕێگەیەکەوە دەڕۆیت منیش بە دواتەوەم هەتا گەیشتیتە کۆسپێک لێی سەرکەوتیت، من لە کۆسپەکە کەوتم و هەڵستامەوە و لێی سەرکەوتم ئیتر لە دواتەوە دەڕۆیشتم، تۆ دەرگەت دەکردەوە و پێیدا تێدەپەڕیت بۆ دەرگەیەکی دیکە... لەو خەونە کاکە حەمەمان لەگەڵدا نەبوو... دڵدار بەدوا گێڕانەوەی خەونەکەیدا گوتی: تۆ دەردەچیت، منیش لە دەرسێک دەکەوم و دەردەچم، کاکە حەمەش دەرناچێت. ڕاستییەکەشی هەر ئەوە بوو.

من بازێکی بەرینم هاوێشت بۆ ئەزموونی کۆتایی، کە زووتر ڕووداوی ناخۆش یەخەگیری کۆمەڵێک لە گەنجانی ئەوسای کوردی بەغدا بوو، دووچاری بەندیخانە و موحاکەمەی کردن، ڕووداوەکە پێوەندی هەیە بە کاروباری یانەی سەرکەوتن. وەها بە چاک دەزانم لە هەرە دوایی ئەم ئالقەیە باسی ئەو تەنگوچەڵەمەیە بکەم.

لە گێڕانەوەی شتێکی زێدە کەم بایەخی ئەو سەردەمانەی خوێندنی حقوقم، دوو دڵم، بەڵام دیارە کە هێمای بۆ دەکەم لایەنی باس کردنی پتر پاڵم پێوە دەنێت لە خامۆش بوون لێی. گرنگییەک هەبێت لە گێڕانەوەی ئەوەیە کە وێنەی دەروونی مرۆیەک ڕادەگەیەنێت لە لایەن توانای ڕەنگگۆڕییەوەی. هاوینی ١٩٤٤ ماڵمان لە چنارۆک بوو، شەوێکیان خەونم بە هێتلەرەوە دیت. دۆستانە و مەحرەمانە و بێ ڕەسمیات لەگەڵم دەدوا، وتووێژیشمان بە ئینگلیزی بوو. من لە زۆر خەونی دیکەمدا بە ئینگلیزی و بە غەیری ئینگلیزی گەلێک ڕەوانتر و بێگرفتتر دواوم لەوەی لە کاتی بەخەبەری ڕەوانم، لەو خەونەش هەروەها بووم. لەبیرم نەماوە بابەتی وتووێژمان چی بوو بەڵام باش لەبیرمە کە لە کاتی خەونەکەمدا هێتلەرم خۆشویست، کە خەبەریشم بۆوە ئەسەری خۆشویستنەکە بە تێرڕەنگییەوە لەگەڵمدا دەژیا، چەند ڕۆژێکیش ئەو هەستەم بەردەوام بوو، شەرمیشم دەهاتەوە بدرکێنم شتێکی وەها لە مندا بەدەری داوە، بەڕاستی و بێ فێڵ لە خۆ کردن دەڵێم پاش ئەو خەونە نەمتوانی هێندەی جاران بە دڵ هێتلەرم بدزێت. هۆشم دەیدزا بەڵام هەستم جودا بوو. ڕەنگ بوو ئەگەر دوای خەونەکە، بۆ سپای ئەڵمانیا ڕێک کەوتبایە کە ڕەوی بێڕەحمانە بۆ سەر وڵاتی بێدەسەڵاتی بێگوناهی وەکوو یۆنان ببات کینی جارانم لە هێتلەر بەخەبەر بێتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٤ ئەو دەسەڵاتە بە ئەڵمانیاوە نەمابوو، تا کۆتاییی شەڕ بۆی نەلوا

هیچ هجوومێکی بێڕەحمانە بۆ سەر کەس ببات. جاروبار لەم ڕۆژگارەشمدا خەونی ئەوتۆیی دەبینم بەڵام بایی جودایی‌ی نێوان شلکیی ئەوسام و قاڵبەستوویی‌ی ئێستاکەم لە تەئسیری کەم بۆتەوە هەرچەند بە تەواویش ناسرێتەوە. ڕەنگە خوێنەری ئەم ئالقەیە تێیاندا هەبێ خۆی لە تەجرەبەکەمدا بدۆزێتەوە، خۆ ئەگەر کەس نەبێ گوێی بەم تەجرەبە بچووکە ببزوێت دەبێ عوزرخوازی بکەم لە بە فیرۆ دانی کاتی. ئەمما ئەو ڕێگایەم بۆ دەمێنێتەوە کە بڵێم بایەخی خەون لە ژیانی هەمووماندا بەدەر دەداتەوە وەک کە عاشقێکی تامەزرۆ بە شەو یارەکەی لە خەوندا دەبینێت تا چەندێک پتر لە عادەتی بە خوولیایەوە دەخەریکێت وەیا یەکێک لە غەریبیدا خەون بە وڵاتەوە دەبینێت، هەستی غەریبی کردن لە دڵیدا زیندووتر و سووتێنەرتر دەبێت، نموونەش لەم بابەتە زۆرن هەموو دەیانزانین.

دەبوو بڵێم بە دەوری دەرچوونمەوە لە پۆلی چوارەم گرفتێکی بێ بنج و بناوان چەند ڕۆژان سەغڵەتی کردم. کە لیستەی ناوی دەرچووەکان هەڵواسرا دیتم لە ریزی ئەو ناوانەی بە (م) دەست پێ دەکەن نووسراوە: (مسعود مسعد الحلی) کە دەبوو (مسعود محمد الـجلی) بێت. قسەیەکیش بڵاوبۆوە گۆیا قوتابییەک لەوانەی کەوتوون بە هەڵە ناوی چۆتە لیستەی دەرچوانەوە. مارانگاز لە خشەی پەتک دەترسێت، منیش هەڵەی ناوەکە بەو قسەیە لێم بوو بە دوودڵییەکی ناخۆش، سێ ڕۆژان خەریک بووم بەرپرسێک بهاوێمە سەر بایەخ دان بە سەغڵەتیم هیچ سوودی نەبوو، هەر یەکەیان لە خەم و مەشغەڵەتی خۆی ڕۆچوو بوو، بایی ئەوەی نەپەرژێت واز لە کاری خۆی بهێنێت... ناچار بووم چوومە ئەو ژوورەی کە لیستەی ڕەسمیی ناوی دەرچووەکان و کەوتووەکانی لێیە و بێ تەقیە یەخەی ئەو تاکە کابرایەم گرت کە لە ژوورەکە بوو پێم گوت من سێ ڕۆژە سەغڵەتم بە دەست گومانەوە، دەرناچم لەم ژوورە هەتا تەماشای لیستە دەکەم و دڵنیا دەبـم، کابرا ماڵی ئاوابێت قاسەی کردەوە و لیستەی پۆلی چوارەمی دەرهێنا و بە چاوی خۆم دیتم (مسعود محمد الـجلی) دەرچووە... لە ڕۆژی ١٩٤٥/٦/١٢ لە نیقابەی (محامی)یان ڕەسمم دا و بە (محامی) نووسرام... تا ئەو ڕۆژەی کە باسم کرد خەبەری کۆیەم نەدا نەتیجەم چییە، ئەم جار کە زانیم دەرچووم بروسکەکەم لێ دا بۆ برادەرێک، لە جیاتی بنووسم (أبشرکم بنجاحی) نووسیم (أهنئکم...) قەیدی نییە سەلامەتی حیسابە...

کژەتووتنی ١٩٤٤-١٩٤٥ پیت و بەرەکەتێکی باشی پێوە بوو بۆ تێکڕای خاوەن تووتنان. ئەوەی دڵی شێواندم لە دەرەوەی بەرەکەتەوە بوو، هەرچەند هاندەر ئەو بەرەکەتە بوو. هەندێک لە نەشارەزایانی خاوەن پشک لە جۆگەی قەنبەرانی بیتوێنمان کە زوربەی تووتنەکە لەوێوە دەهات، لە دەمی فەحسی تووتن و دابەش کردنی پارەکەی و سەروباری دامەزراندنی کەسابەتی ١٩٤٥-١٩٤٦ قوتەقوتێکی بێجێیان کرد کە من کەسبەکەم لێ دزیو هات و سوێندم خوارد بەهیچ جۆرێک خۆ لەو کەسبە ناگەیەنم... داهات نەگەیشتە ٦٠٪ی داهاتی کژی ١٩٤٤-١٩٤٥ باری فەحس و مومتاز و نومرە یەکیش داڵەنگا مەسرەفیش گەلێک هەڵکشابوو لەچاو پێشوو، ئیتر بە جۆرێک تێشکاین باس نەکرێت. هەندێک لەوانەی قوتەقوتیان دەکرد بەشە مڵکەکەیان فرۆشت، برینی ئەو تێشکانەیان پێ قەپات کرد. مامم و من لە بەراوی قۆپی گۆمەشێرە، کە بە تەنیشت زەوییەکانی قەنبەرانەوە بوو و ساحێبیشی نەبوو، ئالەوێش هەر مەسرەفێکی کرابوو، هەر پارەیەکی درابووە تووتنەوانان، تێکڕای بوو بە قەرزی تازە بە سەرمانەوە، ئاو

سەر ئەرز نەبوو تا بەدرەنگەوە پێی ڕاگەییشتم کە کژی داچاندن بەسەر چووبوو، بە ناچاری تووتنەوانەکان ئیزن دران بچنەوە وڵاتی خۆیان. ئەو ڕاگەییشتنەم بە سەر جۆگەی گۆمەشێرە هیچ پێوەندی بە سوێندەکەمەوە نەبوو کە لە ئاست قەنبەران بە زارمدا هاتبوو، ڕاستییەکەی بە ئیلحاحی کاک مەجیدی ئامۆزاشم ئەو ئەرکە بێلزوومەم هەڵگرت، ئاومان سەر ئەرز کرد بەڵام تووتن نەبوو پێی ئاو دەین...

کژەتووتنی ١٩٤٥-١٩٤٦ کەوتە دوای لەبەریەک هەڵوەشانی وەزعی مەهاباد، کە مەترسیی ئەولا هەڵستا تووتن لای ئێمە دالەنگا و خەڵق بە تێکڕایی کەوتە سەغڵەتی. تێشکانەکەی ئێمە ٨٠٪ سووچی خۆمان بوو، کەسانێکی کەمتەرخەمی و بێمشووری و دەستبلاوییان نەکردبوو لەو ساڵەشدا سوودمەند بوون.

ئێمە قرزری تووتنەوانەکانمان کەوتە ئەستۆ، یەخەی ئەوانیشمان نەگرت لێیان وەربگرینەوە، بەش بە حاڵی خۆم چەندین ساڵ بەردەوام بووم لەسەر دانەوەی قەرزەکە هەتا توجاری خاوەن پارە خۆی گوتی بەسە. مامم مڵکێکی مناسبی هەبوو لە بەراوەکانی گەڕاوی نزیک حەمام جەلی، هەمووی فرۆشت بۆ دانەوەی بەشە قەرزی خۆی.

فەلاکەتی تووتن لە پاش کژەتووتنی ١٩٤٥-١٩٤٦ خەڵقی هەڵوەراند، چەند ساڵێکی ڕێکوپێکی یەک لە دوا یەک تووتن بوو بە تەڵە و خەڵکی پێوە دەبوو، چونکە چ کەسابەتی دیکە نەبوو جێگری تووتن بێت، بە ناچاری ئاودێر ڕووی لە تووتن دەنا، نرخی کەم و پلەی بەرەژێری پۆلاندن و تێک هەڵشێلانی ڕستە تووتنەکانی ناو فەردە تووتنیش بووبووە سیاسەتی تۆڵە ستاندنەوە لەو بووژانەوەی کە دەسەڵاتی ڕەسمی، نا بەدڵ، سەلماندبووی لە ساڵانی چالاکییەکانی مەهاباددا... فەحسی قەزاکان خرایە لیواکان، بە هەموو ئەرک و مەسرەفی زیادەوە کە گوێزانەوەی تووتن و بە دیار فەحسەوە چاوەنۆڕ کردن داخوازی دەکرد. پارەداری مامناوەنجی زۆریان قومارباز بوون، گەلێک ماڵە تووتنەوان لە هەوای ناسازگاری بیتوێن و شارەزوور بە خۆراکی کەمەوە قڕانیان هات، قسەی خۆمان بێ، حەشری پێ کردین، تاڵایی و بێدەسەڵاتی و مافخوراوی و ڕەنجەڕۆیی ئەو ساڵانە بە تفتی و تیژی لە گوتارەکانی ١٩٥٣ی دەمی نیابەتم تام و ڕەنگی دایەوە، بەڵام جارێ ماویەتی بگەینە ئەو قۆناغە.

هاوینی ١٩٤٥ پێوەی دیار بوو کە شەڕ لە گیانەلاوەدایە، لە سەرەتاکانی مایس بەرلین گیرا، هێتلەر و بەشێکی هەڤاڵەکانی خۆیان کوشت، ئەڵمانیا تەسلیم بوو مایەوە ژاپۆن، بۆمبای ئاتۆم لەو هاوێنەدا کڕنووی بە ژاپۆنیش برد.

مرۆڤایەتی خەریک بوو برینەکانی خۆی دەلستەوە، (دەبەنگیی جەنگ) لە هەمووان بەدەری دایەوە، هەرچی (هۆ و ئەنجام)ێک بۆ هەڵایسانی جەنگ و ئاکامەکەی بەدەنگ بهێنیت هەر دەگەیت بەو کۆتاییە کە ئاشتی سوودی گشتیی تێدایە. ڕەنگە بگوترێ ئەمەریکا و سۆڤیەت سوودیان لەو جەنگە چەنگ کەوت بەڵام نابێ لەبیربکەین کە ئەڵمانیا و ژاپۆن شەڕیان هەڵگیرساند، فەرەنسە و بریتانیا و ئیتالیاش یەکسەر کەوتنە جەنگ، هیچ کامێکیش لەمانە قازانجی نەکرد. سۆڤیەتیش بە تەنگانەیەکی کوشندەدا لە دەست مەرگ ڕەها بوو ئەوەندەشی چێشت شیرنایی قازانجی پێوە دیار نەبێت، جگە لەوە کە ئاو و خاک

و مەزرا و لێڕی ئەوەندە هەیە دە جار لە توانای خۆی زیاترە، ئەمەریکاش بەدەست فیدایییەکانی ژاپۆنەوە کە خۆیان لە بۆمبای باڵدار دەبەست و کەشتیی ئەمریکایان پێ دەتەقاند تەنگەتاو بوو بوو، هێندەش تێر بوو لزووم نەبوو خوێنی گەنجەکانی لە پاروە چەور و شیرنەکانی هەڵسوێت.

هەرچۆنێک بێت جەنگ هات و بڕایەوە، تازە بە ئێمە ناکرێ بە شایەدیی چاک پەسەندی بکەین و بە توانجی ناحەزانەش دژێوتری بکەین لەوەی کە هەیە. خۆمم لەبیرە چۆنچۆنی ئاکامی جەنگ نیشتە دڵمەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ئاواتەی دەمخواست بۆ سەرکەوتنی بەرەی دیمۆکرات، شادییەکی ئەوتۆم هەست نەکرد بە هاتنە دی ئاواتەکەم. دنیا هەر وەکوو خۆی بوو، جارێ نەشماندەزانی مەهاباد سەر بە چ دەگەیەنێت. من هەر چەند حقوقیشم تەواو کرد گۆڕانێک بەسەر چۆنیەتی ڕابواردن و گوزەرانمدا نەهات؛ هاوینەکەم لە سەرپەرشتی کردنی دەغڵ و شیناورد و ڕەز و باغ لە پێبازۆک و چنارۆک بەسەر برد. سەردانێکی بیتوێنم کرد کە ئەوسا سوێندم لێ نەخواردبوو. قەپوقیرێکی نێوان سەرکارەکان وەهای کرد بچمە ڕانیە، ئەوسا مامۆستا شاکر فەتاح قایمقام بوو. دیدەنی خاڵەکانم کرد و بە قەنبەراندا گەڕامەوە بۆ پێبازۆک. قۆناغێکی زۆر خۆشم لە نێوان بیتوێن و پێبازۆک، دێی کانی مازوو بوو کە حەسەناغای جەلالاغای غەفووری ماڵ و قۆناغی لەوێ بوو، هەر جارە شەوێکی لێ مێوان دەبووم و لەگەڵ مەلا محەمەد ئەمین کە مجازی باوکم بوو دیدەنیمان دەکرد. فەقێ سمایلیش کە لە دەمێکەوە ناسیاوم بوو زاوای پێبازوکییانیش بوو، بە درێژایی مانەوەم لە کانی مازوو بەجێی نەدەهێشتم، حەسەناغاش ناوناوە لە هاویندا سەردانی چنارۆکی دەکرد. هەر بە دۆستیش مایەوە تاکوو لەو چەند ساڵەدا کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی حەسەناغا ماڵی لە کانی مازوو هەڵقەنا، فەقێ سمایل بوو بە خانەخوێی ئەو سەفەرانەم، هەر جارە لەگەڵیشمدا دەهات بۆ پێبازۆک، چەندێکی بۆ کرابا لامان دەمایەوە.

مەلا محەمەد ئەمین کانی مازوەتی بوو، لای باوکم خوێندنی تەواو کرد و ئیجازەشی لێ وەرگرت. مەلایەکی لێ هاتوو بوو، چەندین ساڵ دوای بوونی بە مەلای (مدرس) تووشی دەردی خروێلکە بوو، تانەی هێنایە سەر چاوەکانی. بەینێکە لێی بێ خەبەرم، دواین جار لە بەرەو کۆتاییی شەستەکان دیتمەوە، ئەوساش حەسرەتی دەکێشا بۆم کە لە جێی باوکم بەردەوامی مەلایەتی نەبووم.

محامات یەکسەر نەبووە پیشەم. مەراقێکم نەبوو دەعوا بگرم هۆیەکەشی ئەوە بوو شەرمم دەکرد مزە وەربگرم. من لە ماڵی خۆمان بەوە ڕاهاتبووم ئیشی خەڵق ڕاپەڕێنین بە ئەرک و مەسرەفی خۆمان. هەروەک زەحمەتە لەو حاڵەتەوە با بدەینەوە سەر پارە وەرگرتن لە لێ قەوماو ڕەنگە زەحمەتیش بێ بۆ بابایەکی لە دیوەخانەی خۆی مێوانی داکردبێت دواتر ببێتە ئۆتێلچی و شەوانەی نووستن لە خەڵق وەربگرێت، مەودا گەلێک زۆرە لە نێوان ئەوەی مێوان دابکەیت و بە خواردنەوە خزمەتیشی بکەیت لەگەڵ ئەوەی کرێی نووستنی لێ وەربگریت و بە پارەی خۆی چێشتان و فراڤینی لەبەردەم دانێیت... هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە بڵێم محامات بە پارە عەیبە، خۆ دواتر خۆیشم کەوتمە سەر مەحامات بەڵام تەجرەبەی خۆممت بۆ باس دەکەم لە کەسبێکی حەڵاڵ کە شەرمم دەهاتەوە پارەی تێدا وەربگرم.

ساڵی ١٩٤٦ کە زستانەکەی وەکوو هەموو زستانێک دەکەوێتە نێوان دوو ساڵان ئەویش هەروەها، لەو زستانەی نێوان خۆی و ١٩٤٧دا دیارییەکی بۆم هێنا: یەکیان ئەوە بوو کە لەو زستانەدا تەکلیف کرام بۆ

ئەندامەتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، قبوڵیشم کرد بەڵام نەک بەو مەرجانەی ئەندامی پێ وەردەگیرێن چونکە وەزعی من ئەوە نەبوو لە کۆبوونەوان بەشدار ببمو نەشرە بڵاو بکەمەوەو حازر بەدەست بـم بۆ موزاهەرە... قەتیش لە تەحەمولدا نەبووە پابەندی بەرپرسیاری کاری گەورە بـم... بووم بە پارتی و بەس و ناویشم هۆشیار...

دیارییە ڕەشە نەحسەکەی تێک چوونی مەهابادیش لەو ساڵەدا بوو. بوونم بە ئەندام لە پارتی وەها ئاشکرا نەبوو بە ڕەهایی هەموو کەس پێ بزانێت، لەمەوە دوو کەسی چالاکی شیوعییەکان<٢٦> حەفتانە دوو جار یان پتریش سەریان لێ دەدام، هەر یەکە بە جودا. داوەت نەکرام بۆ حیزب بەڵام بەوپەڕی ڕوونی و ئاشکرایییەوە لەگەڵم دەدوان، واش دەزانم بە لای کەمەوە یەکێکیان بە ئومێد بوو من خۆم داوا بکەم بە ئەندام وەربگیرێم. چالاکەکەیان لە ڕێی سیاسیی یەکسەرەوە دەیدواندم، ئەوی دیکە بە لای سەقافەتدا دەچۆوە. لەبیرمە جارێکیان بابای چالاک لە وتووێژدا گوتی: «دەبێ حیزب (ضبط حديدي)ی هەبێت» من گوتم: «(ضبط حديدي) کاتێک پەسەند دەبێت کە حیزب هەڵە نەکات». ئەم هاتوچۆوانە کەم و زۆر بەردەوام بوون هەتا بەرەو کۆتاییی ١٩٤٨ کە (وثبە)ی تێدا قەوما. تێک چوونی مەهاباد ڕۆژێک بیسترا لە گەڕە دەعوەتی دەوڵەمەندێکی گەڕەکەکەمان بووم، لە حەج گەڕابۆوە. دوای نانخواردن خەبەر هات کە مەهاباد گیرا و... و... یەکسەر بەدوا ئەمەدا ئاغایەک گوتی: «بە سمێڵی ستالین». من بە دەنگ نەهاتم چونکە نە قەرزدار و نە وەکیلی ستالین بووم. مەلایەک لە موجازەکانی باوکم بە سمێڵە خنکەوە گوتی: «پێشەوا بووە پاشەوا». خۆم پێ نەگیرا، بێ ئەوەی ڕوو لەو بکەم هەرچی هاتە سەر زارم گوتم. قسەکانم زۆر ڕەق بوون بەڵام کەس ورتەی لەبەرەوە نەهات، مەلاکەش متەقی نەکرد.

پاش جەنگ حکومەت وەهای پەسەند کرد ڕێ بە دانانی حیزب بدرێت. (سعد صالح) بوو بە وەزیری ناوەوە، مرۆیەکی پاک و دیموکرات بوو. بە پێی باوەڕی من بەرەی چەپ و پێشکەوتنخواز لەو دروشمانەی هەڵی دەگرت و ئەو هەنگاوانەی دەیهاویشت و ئەو تێک هاویشتنە ناوەکییەی دەینایەوە، یەک داوی پێوەندیی بە واقیع و بەرژەوەند و پلەی خەبات و قۆناغی مێژوویییەوە نەبوو. دەروێشییەکی ئایدۆلۆجی گیان و مێشکی ئەو خەباتکەرانەی وەها داگیر کردبوو سەد خۆزیم بە دەروێشایەتیی قاپیی گەیلانی، خۆ هەر نەبێ گوێت لە دەفەزەنییەک دەبێت. خەیاڵاتی بەتاڵ و بێبنەما لەسەر هێندێ ڕایەڵەی چەپایەتی تەنافبازیی بە هەواوە دەکرد کە ئەگەر جیهانی تەسلیم کرابایە نەیدەزانی شێلم چۆن دەچێنرێت و کەنگی مەڕ دەدۆشرێت. لەوە بگەڕێ کە هیچ ئاگای لە واقیعی ژیان و گوزەران و بەرهەم و ئەو حەق و حیسابانە نەبوو، تەنانەت نەیتوانی لەگەڵ خۆی برادەر بێت. لەسەر کاغەز دوژمن دیاری دەکرا، لە کووچە و بازاڕ و دەمی چالاکی یەخەگیری یەکتر دەبوون... چەندین وردە حیزب، کە هیچ جوداوازییەکی ئەوتۆ لەبیروڕایاندا نەبوو، کەوتنە داخوازیی ئیجازە، هێندێکیان وەریانگرت، لێیان پیرۆز بێت، بەڵام بێسوود و بێئەنجام. ڕاستییەکەی باری کۆمەڵایەتی لەوەدا نەبوو (جەماهیر) بزانێت حیزبایەتی لە کوێوە بە پێویستی چاکە و گوزەرانی گشتی لە قەڵەم دەدرێت. جەماهیر نەیدەزانی جەریدە بخوێنێتەوە، لە دەشت و دەر خوێندنەوە بە وەڵەد نەبووبوو، کەچی خەباتگێڕەکان لە وەکالەتی ئەو جەماهیرە یەخەگیری یەکدی دەبوون بەناوی حیزبایەتی... قانوونی هەڵبژاردن هەنگاوێک بەرەو پێش چوو بەوەدا کە هەر (قەزا)یە سەربەخۆ لە

تێکڕای (لیوا) نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت، جاران گەلێک زەحمەت بوو یەکێک بتوانێ لە پەراوێزی هەموو لیوادا بەربەرەکانیی حکومەت بکات...

چاکەیەکی دیکەی قانوونی هەڵبژاردن ئەوە بوو کە دەنگدان بوو بە یەک پلە نەک دوو پلە وەک زووتر دەبوو، لە پێشەوە چەند کەسانێک بە پێی نفووسی خاوەن دەنگان بە هەڵبژاراوی یەکەم دەربچن و ئەوان نوێنەر هەڵبژێرن، لەو بێنەوبەرەیەدا حکومەت دەیتوانی دەستکاری پێویست بکات. لە نموونەدا دەڵێم کاتێک نائیب بووم لە ئوتێلی ترۆکادێرو دابەزیبووم، بۆیەک لەوانەی خزمەتیان دەکرد، تکای کرد بۆی خەریک ببم بەڵکوو قبوڵی دەکەنەوە لە وەزیفەی فەراشی (یان شتێکی وەک ئەو) گوتی بە تۆمەتی دەستکاری کردن لە سندوقی ئینتیخابات فەسل کرام. گوتم ئنجا ڕاست بوو دەستکاریت کردبوو؟ گوتی «اي والله كان صدق»، بە ئیزنی مدیر ناحیە دەهاتم بزمارەکانی سەری سندوقەکەم هەڵدەکێشان و دەنگەکانمان دەگۆڕین بەو جۆرەی حکومەت دەیویست. هەروا بەدەم وتووێژە گوتی: تۆمەتێکیشم ئەوە بوو کە بەرتیلم، بۆ مدیری ناحیەکان، لە خەڵک وەردەگرت. بە پرس لە منەوە گوتی: بەخوا ئەویش ڕاست بوو، تەنها یەک مدیر ناحیەم دیت بەرتیل نەخوات. ئەوسا مدیر ناحیەکەم دەناسی بەڵام ئێستا ناوەکەیم نایەتە بیر ئەمما سەد خۆزی بە مدیری بەرتیلخۆر چونکە ئەو کابرایە هێندە ملّچ و مۆن بوو نە بە بەرتیل نە بە بێ بەرتیل خۆی بۆ کەس ماندوو نەدەکرد.

لەو قۆناغەدا من بە ئیزنی حیزب خۆم نامزەد کرد لە ڕانیە بەڵام سەری نەگرت... دواتر کە شوێنی نائیبی کۆیێ بە ئیستیقالە چۆڵ بوو حکومەت لێێ ڕاسپاردم خۆم نامزەد بکەم؛ بانگ هێشتنی هەولێر کرام، لەوێ پێم گوترا حکومەت بەرهەڵستیم لێ ناکات بەڵام من نەمسەلماند، پاش بەینێک کوردێکی دانیشتووی بەغدای وەزارەت دیدە خۆی نامزەد کرد و ئێمەش بەرهەڵستیمان نەکرد...‹٢٧›

لە وەزارەتی (صالح جبر) هاوینی ١٩٤٧ کۆنگرەیەکی عەشایر لە شاری (حلە) بەسترا. دوو سەرەک عەشیرەتی ئەو ناوە کە خەزووڵی ساڵح جەبر بوون لەو عالەمەیان گێڕایەوە و مەسرەفی سەرلەبەری کۆبوونەوەکە ئەوان کردیان، من لە بەغدا بووم، بانگیش نەکرابووم بەڵام چەند سەرەک عەشیرەتێکی دۆست بە زۆر بردمیان. کۆنگرەکە بە ناوی پشتگیری کردن لە فەلەستین بەسترا، ساڵح جەبریش ئامادە بوو و گوتاریشی تێدا خوێندەوە. ئەگەرچی کۆنگرە و کۆبوونەوەکە هیچی لێ شین نەبۆوە ئەمما بەڕاستی نان و پاتێکی ئەو ڕۆژە بەو هەزاران هەزار کەسە درا جێی گوتنەوەیە، وەها دابنێ ڕیزە ڕەشماڵێک بە درێژایی سەد مەتر، ئنجا بایداتەوە بە چەپدا بۆ ماوەی پەنجا مەتر ئنجا دیسانەوە سەد مەتری دیکە بابداتەوە تا دەگاتەوە کێشی هەوەڵ ڕەشماڵ، بە درێژایی ئەو مەودایانە مەشەمما ڕاخرابوون لە جیاتی مێز و سینی. حیساب بکە یەک ڕەوسەی پلاوبرنج سەرتاسەری مشەمماکانی گرتبۆوە، سەدەها بریانیی بەرخ و پتر لە هەزار بریانیی عەلیشیش و مریشکیش بە دەور و نێوان ڕەوسەی پلاوەوە، ئنجا چەندین مەرەگ و شیرنایی نایاب لە ڕۆخی ئەو بەر و ئەم بەری مشەمماکانەوە... دەست شووشتن بە سۆدە بوو لە جیاتی ئاو... ئاغایەکی کوردەواری گوتی: هەموو ملّکم بفرۆشم ئەم جەمەی تێنابێت. ئێمە ئەو ژەمەمان دیت، نانی سبەینە و شەوی ڕابوردووش هەروەها بووە...

لێرەدا شتێک دەڵێم مێژوو بۆی ناچێت: وەزارەتی ساڵح جەبر بە هەر نیازێکەوە بێت هانی خەڵقی

دەدا بۆ خۆ بەدەرخستن لە مەسەلەی فەلەستیندا. وردە وردە ڕێ خۆش کرا بۆ (مظاهرة). ساڵی ١٩٤٨ بە ڕەزامەندی حکومەت موزاهەرە زیادی کرد. دوای پشووی هاوینەی مەکتەبەکان موزاهەرە بە هۆی بەشداری کردنی ئاپۆرەی قوتابیان هێزی زیاد کرد، وێنەی بەرەو گۆڕان دەچوو. لەو وەختە هەستیارەدا وتووێژی ساڵح جەبر لە لەندەن دەستی پێکرد بۆ گۆڕینی موعاهەدەی کۆن بە موعاهەدەی (پۆرتسمۆث) لەگەڵ بریتانیادا. ئەو موزاهەرەیەی بە درێژایی ساڵ لە تەوژم بوو، لە تشرینیشەوە خەریکی وێنەگۆڕی بوو، بە ئاسانی و شێوەی ئالەتی کەوتە دژی پەیمانی پۆرتسمۆث و لە ئاکامدا بووە ئەو ڕاپەڕینە خوێناوییەی پێی گوترا (وثبە) و ساڵح جەبری لێ خست و پۆرتسمۆثی سڕییەوە... دەوڵەت پشووی درێژ کرد تا لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا پەیمانی بەغدای لەگەڵ چەند دەوڵەتێک، نەک تەنها بریتانیا، بەست...‹٢٨›

لە بەرەو کۆتاییی بەهاری ١٩٤٧ هەرایەکی عەشایری لە بیتوێن بەرپا بوو، هەرایەکە لەسەر پشکی بەرهەمە تووتنی جۆگە ئەمیریەکانی بیتوێن ڕووی دا. غەفووری ملکی خۆیانیان هەبوو، لە جۆگە ئەمیرییەکانیش بەشدار بوون، لەگەڵ خدری حاجیاغای پژدەریش کە لە دێی بایزاغای نزیک میرزا ڕۆستەم نیشتەجێ بوو هەمیشە لێکیان دەژەنی تەمای (حصة)ی جۆگەکان هەندێ براگەورەی خستە سەر باری دۆستایەتی لەگەڵ پژدەرییەکان. هەوڵی ڕەواندنەوەی ئەو تەگەرانە بێسوود بوو، کێشە کەوتە باری دروستایی شەڕ، پژدەر و خاڵەکانی من و ئاکۆ و - وابزانم - خۆشناوی پشت گەلی و مەندەمەرە و وردە تیرەی دیکەش یەک بەرە بوون... غەفووری بە سەرۆکایەتیی مەلا حەوێزاغا و بلباسیش بە سەرۆکایەتیی سمایلاغای سواراغا لە موقابیلدا... شەڕ دەستی پێکرد و هەرەمەی لەشکری مەلا حەوێزاغا خۆی نەگرت... لەسەر تەکلیف‹٢٩› لە خزمەت مامە شێخ نووری و خاڵە شێخ سەدری شێخ کەریمی بەرزەنجەدا چووین بۆ ناوبژی. ئەم هەرایە لە کتێبەکەی «حەماغای گەورە» دا درێژەی پێدراوە و باشتر ڕوون کراوەتەوە، لێرەدا دووبارە کردنەوەی بێجێ دەردەچێت، دەشبوو ئەمەندەشی لەسەر بنووسم چونکە بەشێکە لە گەشتی ژیانم. لێرەدا دەبێ بڵێم خاڵەکانم بەدڵ حەزیان لەو هەرایە نەدەکرد بەڵام لەبەر بەشداربوونی پژدەر نەدەکرا خۆیانی لێ بدزنەوە. شێخ حسێن هەوڵێکی تایبەتی دا بۆ هەڵنەگیرسانی هەراکە کە لێرەدا ڕێم نییە چۆنیەتییەکەی بنووسم بەڵام بێسوود بوو بەوەشدا فتیلەی هەراکە ئاگر درا... هەراکە بە زۆری لەشکری پژدەر و مەسرەفی شێخ حسێن بە ڕێوەی برد کەچی ناو و شۆرەتەکە بۆ یەکێکی دیکە ڕۆیشت و ڕەگی سەرۆکایەتیشی بۆ داکوتا...

وەک من لەم دنیایە دەگەم کەس لە هەراکە سوودمەند نەبوو، هەر زێدە پارووێکی کەوتبێتە کاسەی ئەم و ئەوەوە دەشیا بە تەبایی دەردەست بکرێت. ملک و بەراوێکی حکومەتیش کە بە لوولەی تفەنگ دابچێنرێت داهاتەکەی هەر دەبێتەوە مەسرەف کردن لە پاراستنی. چەند چاوەشێک دەهۆڵی بۆ دەکوتن و زورنا دەژەنن، شەڕناخێوییەکیش لە لایەن چەند خوێڕوانەوە لە ڕۆژی ڕاوە بەراز و بووک گواستنەوەدا بەرپا دەبێت کە هەمووی بایی دوو هەفتەی ژیانی ئاسوودە و بێ ئێشک ناکات.

ڕێی مەسلەتی لە لایەن تەبیاتی نالەباری مرۆڤەوە دەبەسترێت نەک لە لایەن خودی بەرژەوەندەوە. لە خەریتەدا سەیری ئەو ناوچەیە بکەیت کە ئەو چەند هۆز و تیرە و تیرێژەی تێدا خەریکی جرت و فرت بوون

دەبینیت بایی ئەوە ناکات ناوەکەی لێ بنووسیت، خۆ ئەگەر بڵێیت هەر یەک لەو سەرۆکانە بە تەمای مەزنایەتی و پێشەوایی لە هەوڵ و تەقەلادا بووە، پێت دەڵێمەوە: گومان نییە لەوەدا کە هیچ ئاقڵێک تەمای نابێ بڵباس ئاکۆ بخوات وەیا پژدەر بتوانێ بیتوێن قووت بدات. مەزنەکان لەم ڕاستییە خەبەردار بوون بۆیە بوو هەر یەکە بەتەما بوو لە یارییەکەدا وەک لە یاریی دامەدا یەک بە دوو یاخود چۆغەدار لە دراوسێکەی بکات و قەپێکی لێ بگرێت. ئەو قەپ لێ گرتنە لەوە پتر نەبوو کە دەبۆوە بە ئەرک و مەسرەفی یەک بە دوو چۆغەدارەکە.

بیتوێن بە ڕێکی و تێکگەییشتن بخورابایە بۆ براگەورەکانیش سوودبەخشتر دەبوو، ئاپۆرەی وەرزێر و تووتنەوانیش پتری پێ دەحەسانەوە... بەلام چ جێگەی سەرسوورمانە عەشرەتی نەخوێندوو لە سەر سوودی مادی پێک نەیەن کە دەزانین هەر لەو دەمانەدا خوێندەوارەکانی بەرەی دیمۆکرات لە شارەکان نەیاندەتوانی لەسەر بەرژەوەندی نامادیش پێک بێن، کە هیچ تەماعی ملک و پارەی تێدا نەبوو. تۆ بڵێی لەم ڕۆژگارەشدا بتوانن پێک بێن؟ من بیتاقەی لەسەر نابرم... بەر لە شۆرشی ١٤ی تەمووز چەندی ویستم ئەو بنەماڵە کوردانەی کەوا ناوێکی کوردپەروەرییان پێوەیە برادەر و دۆست بن بە یەکتر بەڵکوو حکومەت حیسابێکیان بۆ دەکات و قسەیەکیان لە سوودی کوردەواری هەڵدەگرێتەوە، هیچم بە هیچ نەکرد... گوێزم بە گونبەتدا دەدا.

سالانی دوای دەرچوونم لە حقوق هەتا پاییزی ١٩٥٢ کە بووم بە حاکم لە سلێمانی ڕوویەکی تەقلیدیی هەبوو کە بەردەوام شەوانە لە ژوورەکەی دیوەخانی ماڵمان لە خزمەت مامم دادەنیشتین، دۆست و خزم و خۆییەکی سەری لێ داباین بەخێر دەهێنران، تا دەمی عادەتی بلاوەی ئەو خەڵقە بەرەو ماڵی خۆیان، دانیشتنی هاوینان لە سەربان دەبوو جگە لەو چەند مانگەی ڕەزەوانیمان لە چنارۆک. لە چنارۆکیش هەموو هاوینێک جگە لە مێوانی ڕێبوار، برادەران لە خوێندەواری نوێ و لە دۆستی منداڵی و لە مەلا و فەقێی ئاشنا و خزمی دوور و نزیک دەهاتنە لامان، هەر تاقمە ڕۆژ و دوو ڕۆژ پێوەیان دەخافڵاین. خاڵەکانم لە دەرفەتدا سەریان لێ دەدااین، چونکە ئەوانیش عادەتیان بە چوونە کوێستان گرتبوو. غەفوورییەکان بە براگەورەیەتیی مەلا حەوێزاغا و کاکەزیاد لە زەمانی باوکمەوە هەتا ئەو دەمانەی منیش دەچوومە چنارۆک عادەتیان گرتبوو شەو و ڕۆژێک لامان بن. ئەو سەردانانە گەلێک گەشایی‌یان پێوە بوو بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش.

لە ساڵی ١٩٤٦ەوە ڕادیۆی پاتریی وشک و لۆکسمان بردە چنارۆک، جێگامان بەرز بوو، لۆکسیش گەش، لە دوورەوە بۆ بەرچاوی شەوبینان دیار بووین. هەر لە هاوین و دەمەو پاییزی ئەو ساڵەدا هێندێک تەعمیراتی پێویستم کرد لە بەشێکی خانووەکەمان. لە ژووری دیوەخانەوە دەرگەم بۆ دوو ژووری دیکە کردەوە، یەکێکیان شوێنی نووستنی خۆمی تێدا بوو. لەو ژوورە تازەیەدا کە نوێکراوەی ژوورێکی کۆنمان بوو (ئەو ژوورەی بە منداڵی ٧ ڕووپیەم خستبوە کونی کێلوونەکەیەوە) شەوەهای زستانم بێخەو دەبردە سەر، لە پاش سەعات دوازدەوە یەک پاکەتی بیست جگەرەییم دەکێشا.

لە بەرەو کۆتاییی ١٩٤٧ نیزاعێکی سەر بە مڵکایەتیی دوو دێی قەسرۆک و گەلی گولان، کە هی جەلیزادانن، لە هەرێمی ڕانیە، هەڵوەستێکی نا لەباری لە نێوان ئێمە و کوڕانی سواراغادا سازاند.

پێشتر هەرگیز تا سواراغا بەرحەیات بوو لەگەڵ ئەودا تووشی نیزاع نەبووین، دوای خۆی بێتەجرەبەیی سمایلاغای کوڕە گەورەی و بەدگۆییی هەندێ دەست و پاوەندی فیتنەدۆست ئەو نیزاعەی نایەوە. شێخ مستەفا قەرەداغی موتەسەرریفی هەولێر بوو، جگە لەوەی دۆستی دێرینی باوکم بوو چاکیشی دەزانی حەق بە لای ئێمەدایە. حەق و وەفای تێکەڵ کرد و نیزاعەکەی بەپێی شەرع و قانون هەڵبڕیەوە. سمایلاغا، خوای لێ خۆش بێت، لە تەمەندا شلک بوو، قادراغا جارێ لەو تەمەنەدا نەبوو تەبیاتیشی ئەوە نەبوو حەز لە هەرا بکات... دوای دوو مانگێک هەڵی دایەوە، دیسانەوە شێخ مستەفا بێوەخرانی یەک ڕۆژ چارەسەر و بنەبڕی کرد. ئەم نیزاعە لە خۆوە فەرامۆش کرا و دۆستایەتیم لەگەڵ ماڵی سواراغا چۆوە ڕادەی کۆنینە...

پاش پلەی حقوق، دڵدار (یوونس ڕەئووف) کە کەوتە ژیانی عەمەلی و دەستی کرد بە مەحامات، مەیلەو خێرا بەرەو چەپ بۆوە، پێشتر لە لایەن فکری سیاسییەوە کوردایەتی دین و ئیمانی بوو، ئەمجار فیکری سەر بە کۆمەڵایەتیی بەرەو چەپ جێگەی خۆی لە ویژدانی کردەوە و تەنگی بە ئایدیالیزمەکەی دەوری حقوقی هەڵچنی. چەپایەتیی کورد باوەشی پێدا گرت، ئێمە برادەریمان بەردەوام بوو، هەرچەند بە ناچاری جوداوازیی بیروڕا سێبەرێک بەسەر پێوەندیی باب و کوڕ و جووتە براشدا دەهێنێت. دوای ئەو و من، وابزانم، بە دوو ساڵ سێ گەنجی دیکەی کۆیی لە حقوق دەرچوون، خوا لێ خۆش بووان کەریم تۆفیق و عومەر حەبیب لەگەڵ تەمەن درێژ بەکر ئیسماعیل کە ئێستاکە سەرۆکی دادگەیە لە حوکمی زاتی. کەریم تۆفیق بۆ وەزیفە ڕۆیی، عومەر و بەکر دەستیان دایە محامات لە کۆیێ و بە دڵ خەریکی پارتایەتیش بوون.

لایەنی تەقلیدیی ڕابواردنم کە بە کورتی باس کرا لایەنێکی تازەی کەوتە پاڵ کە یەکتر دیتنی سەر بە کوردایەتی بوو لەگەڵ ئەوانەی باوەڕی یەکەمیان قەومایەتی بوو ئنجا چینایەتی، وەختێک بەکر ئیسماعیل مەحەلی محاماتی کردەوە بە زۆری برادەران لای ئەو یەکتریان دەدیت. دوکانی ئەوتۆش هەبوو وەکوو مەحەلی بەکر بەننا کە ڕۆژانە دوو و سێ لێی دادەنیشتین و سەر و سۆراغێکی دنیامان لە یەکتر وەردەگرت. من پاش پلەی حقوق کە ئیتر مەشغەڵەتی ناچاریم نەبوو لە ماڵەوەم دەربهێنێت، وردەوردە خۆم تەسلیمی مەیلە بنەڕەتییەکەی تێفکرین و وردبوونە و بەراوردکردن و پێک گرتن کرد، شەونخونیم لە زستاندا وەها دەبوو هەتا دوای شەبەقی بەیانی دەوامی دەکرد... نانی سبەینەم لەگەڵ هی نیوەڕۆ یەکدییان دەگرتەوە. وەها دەبوو حەمە عەلیی ئامۆزام و فاررووقی برام لەگەڵم بە خەبەر دەبوون هەتا دوو سێی پاش نیوەشەو، دوای ڕۆیشتنی ئەوان دەمامەوە لەگەڵ ئەو خەیاڵ و خوولیا و کێشەی فکری – ویژدانی کە دەمێک بوو نەخشەی مەعنەویاتی ڕەنگرێژ دەکرد.

کەسێکی مەراقی لە دڵدا بێت و مەراقەکە لە دە ساڵاندا فراژی بووبێت و تێکەڵ بە پرسیاری زلی سەر بە چارەنووسی قەومایەتی و مرۆڤایەتی بووبێت و وردە حیسابی ئەدەب و هونەر پەراوێزی بە دەورەدا کێشا بێت و گرفت و تەگەرەی باری کۆمەڵایەتی و شەخسی لە دڵیدا بجریوێنێت خۆیشی نەفسێکی شەفافی هەبێت بێگومان شەو و ڕۆژی لێ بەرەواژ دەبن بە تایبەتی کە بەرەواژ بوونی شەو و ڕۆژان

خەلەل بە بەرژەوەندی نەگەیەنێت… گەلێک شەوی زستان دوای سەعات ٢-٣ی پاش نیوەشەو لە ڕێی ڕادیۆوە بەرەو پیری بەیانی و ڕۆژەوە دەچووم. ئیستگە بە خەبەر دەهاتن بە پێی ئارداوێژیان، کە تێشیان نە دەگەییشتم، هی ڕۆژهەلاتی دوور بوون کە هەوەڵ جار فەجر لەوێ دەپشکوێت. ئنجا پێ بە پێی کرانەوەی ئیستگەی یەک لە دوا یەک لە ماوەی یەک دوو سەعاتدا فەجرم دەگەیاندە سەنغافۆرە و هیندستان ئیتر لەگەلی دەهاتم هەتا (بلبل الاذاعة)کەی بەغدا چەهچەهەی دەکرد.

ئەم گەشتە خەیالّییە بە سەر شەپۆلی بێ تەل و تریفەی خۆردا ڕاڕەوێکی بۆ دەکردمەوە لە نێوان جیهانی مادی و نامادیدا بە وشە و نووسین وەسف ناکرێت. هەر ئەوەندەم پێ دەگوترێ کە بەخەبەر هاتنی هەستی قووڵایی دەروون تا ئەوەی تێکەڵ بە هۆش و هەستی دیارەوە دەبێتەوە بژێوێکی ڕوحیی ئەوتۆ لە تێکڕای هەبوونی مەعنەویی مرۆڤ دەگێڕێت لە چ سەرچاوەیەکی دەرەوەی لەش و نەفسی مرۆڤەکەوە هەڵناقوڵێت، سەد هەزار دەرسی هۆشەکی و نەفسی و سیاسی و سۆفی و ئەدەبی ناگاتە بەرگوێی مێشکۆڵەی ناو ئێسقانی مرۆڤ وەک کە گەرمایی ناو مێشکۆڵە و خوێن و تەوژمی هەست و نەست پشکوێ ئاگا کردنەوە بە گیانییەوە دەنێت. حەزیش دەکەیت بلێ: وەک کە مۆرفینێ لە خۆ بێ ئاگا بوون لە مەلاشووی هەست و هۆشی دەسوێت چونکە لەو بارە خز و لەقەدا بە خۆ زانین و خۆ ون کردن دەگەنەوە یەکتر.

لەو شەوە ڕوون و لێڵ و تاریکانەدا زۆر جاران لە هەست و هۆشمدا سنووری (اضداد) بۆ ماوەی کورت هەڵدەستا و تێکەڵ دەبوون. وەها دەبوو ئەو ئاواتە یەکجار دوورەی حەز و تامەزرۆییمی وەکوو مووکێش بۆ خۆی ڕادەکێشا و هەستی ختووکەم دەکرد لەو شوێنانەی دەروونمدا کە ڕەگی حەزەکانمی پێوە بەند بوون وەها دەبوو تێکەڵییەکی بوونم لەگەڵ هەموو دنیادا تا ئەوەی دەبوومە دڵۆپێکی دەریاکەی کە جودا نابێتەوە لێی، ئا ئەو تێکەڵییەم دەیکردمە دراوسێی ئاواتە دوورەکەم و لە دەمی ورێنەی خۆ ون کردندا دەستم دەبرد بە سەحی بکەمەوە… حەفت زستانی نێوان ١٩٤٥ و ١٩٥٢ بۆ من بووە قاڵبێکی کە بنیادەمی تێدا دادەڕشترێت: بنەمای بیروڕا و قەناعەتی دواڕۆژم بەرانبەر زۆرینەی پرسیارە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ ورووژێن لەشەوانی ئەو زستانانەدا گەلاڵە کران هێندێکیشیان یەکجارەکی بنیات نران وەک کە بە عەرەبی نووسیبووم:

١- ليس قصاري العقل ان يمتنع عن تفسير الاشياء التي لا يفهمها ولكنه يفسرها تفسيرات خاطئة.

٢- يفعل الانسان ما يعتقد انه مصلحة مادية أو معنوية وقد تكون مهلكة في حقيقتها.

٣- العقل عامل التطور التاريخي و الاجتماعي… وليس الحاجة المادية والا كانت الحيوانات كلها تتطور كالانسان لانها جميعا تشابه الانسان من حاجاته المادية الاساسية مثل الجنس و الاكل و الحماية…

ئەم بنەمایە زلانە و هی دیکەش و لەوان بچووکتریش زادەی ئەو ساڵانەن.

گەلێک جاران بە درەنگەوە خۆم خەریکی ڕەسم دەکرد بە قەڵەمی خۆنووس لەسەر کاغەزی عادەتی… شەوێکیان لەبەر نموونەی ناو گۆڤارێکی ڕەنگاوڕەنگ وێنەی کچێکی جوانم کێشا هەر بە قەڵەمی خۆنووس دەتگوت نموونەکە لە ئاوێنەدا ڕەنگ دەداتەوە هێندە چوون یەک بوون کاتێک لێ بوومەوە

لۆکسەکەم کوژاندەوە، دنیا تاریک دانەهات تومەز خەریک بوو ڕۆژ هەڵدەهات ئەوسا کارەبا لە کۆیێ پەیدا نەبووبوو.

لە هاوینی ١٩٤٧ ڕێم کەوتە سلێمانی، هۆی ئەو هەڵکەوتەم بە بیردا نایەت، ڕەنگە دەخلێکی بە سەر حیزبایەتی وەیا سیاسەتەوە هەبووبێت چونکە تەلەفۆنم لەگەڵ جەلالی حامید بەگی جاف کرد بە خۆی و سەیارەیەوە هات، من و حمزە عەبدوڵلای سکرتێری ئەوسای حیزبی پارتی برد بۆ هەڵەبجە‹٣٠›. سکرتێر خۆی شاردبۆوە و بە نهێنی دەژیا بەلام لە سەیارەی ماڵی حامی بەگدا ترسی نەبوو، لە هەڵەبجەش سێ شەوان لە ماڵی حامید بەگ مێوان بووین، لە خانوویێکدا دابەزین کە بورهان تازەی دروست کردبوو تێیدا بووبوو بە زاوا و باوکی هەوەڵ کوڕی. چوونەکەمان هیچ سیاسەتی پێوە نەبوو بەلام پێوەندی من بە سکرتێرەوە و ڕێک خستنی ئەو سەفەرە بۆ هەڵەبجە لە سیاسەت خاڵی نەبووە ئیتر هەر چۆنێک بووبێت جەلال خۆی ئێمەی هێنایەوە سلێمانی. ئەمە یەکەم دیدەنیم بوو لە هەڵەبجە.

دەبوو پێشتر بڵێم من لە پاش ساڵی ١٩٣٩ کە پۆلی پێنجەمی سانەویم بە سەرنەکەوتوویی لە هەولێر بە جێ هێشت، ڕێک نەکەوت باداوە ببینمەوە هەتا بەهاری ١٩٤٦ مەلا ئەفەندی لە شەوی نێوان ١٩٤٢ و ١٩٤٣ کۆچی دوایی کرد، کە باداوەم دیتەوە تەعمیرات و بەسەرەوەنانێکی زۆر لە دیوەخانەکەی کرابوو. عیززەددین ژوورێکی خۆی بە تایبەت بەر لەو تەعمیراتە کردبوو، ڕێگەی بەسەر دیوی ماڵەوە و دیوی دیوەخانەوە هەبوو، بە پێی ئارەزۆ پێوەندیی ئەو ژوورە بە هەرلایەک مەبەست بایە دەبڕا یاخود دەکرا. لەو ژوورە ماوەی درێژ بە یەکەوە تەنها ماینەوە و قسە و ڕازێکی لەو ساڵانەدا کەڵەکەی کردبوو دەرفەتی هەڵڕشتنی چنگ کەوت. لەبیرمە یەکەم جار گۆرانیی (حياتي أنت)ی عەبدولوەهابم لەو ڕۆژانەدا بیست، تا بڵێی کاری تێکردم ئێستاش هەروەهایە.

لە ساڵی ١٩٤٦ەوە کە ڕادیۆم پەیدا کرد، ئاهەنگی مانگانەی کەلسووم لە قاهیرە بوو بە گەشایی شەوێکی پەنجەنیشان لە ماڵەکەمان. من و فارووق و خوشکەکانم لەگەڵ بەشێکی ئامۆزاکانم لەو شەوەدا هەتا ئاهەنگ بەسەر دەچوو بۆی دادەنیشتین. خواردنی عادەتی لەو شەوەدا دەخرایە دوای سەرەتای ئاهەنگ کە دەوری دە و نیوی شەو دەستی پێ دەکرد، ناوناوە دایکم و بە دەگمەن مامیشم بەینێکی بۆ دادەنیشتن. کەلسوومی ئەوسا کە جارێ دووچاری نەخۆشی نەهاتبوو لە لایەن دەنگەوە هێزێکی بێسنوور بوو، کە دەکرایەوە وەک بورکان دەتەقیەوە خۆی و گوێگرە هەستیارەکانی بەسەر شەپۆلی ئەو دەنگە موعجیزەیەیدا بەرەو «مطلق» و «ازل» و «ابد»ەوە دەبرد کە جۆرێک لە جۆرە تەماوییەکانی «خۆدۆزینەوە»ی لە ناخی نەستدا هەڵدەقوڵاند دەبوو بە مەسڵەتی کردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ بوونەوەردا. لەو دەمانەدا کە دەنگەکەی سنووری وەهم و وڕێنەی دەبەزاند و بەسەر موستەحیلدا زاڵ دەبوو، لە تێکڕای ئەو ئیبداعە ئاسمانییە توانا بەدەرەوە هەستم دەکرد ئەو جوانی و تەواوی و ئارامی و نەرمایی و شیرنایی‌یەی گیانی بنیادەم وەکوو منداڵی شیرە خۆرە بە لێوان بۆی دەگەڕێ وا لە ناو لەپی دەستیدایە پڕی هەناویەتی... لێی دەچۆڕێتەوە. ئاهەنگ لە نێوان ٣،٣٠ – ٤ بەیانی بەسەر دەچوو ئینجا هەر کەسە بە خۆی و زەنگوڵەی ناو دڵی خۆیەوە بۆ زیندەخەوەکانی ڕەنگاوڕەنگی پاش ئاهەنگ و پێش نووستن خشکەی دەکرد. دەمایەوە من کە بەینێکی دیکەش لەگەڵ خۆم و تریفەی بیرکردنەوەدا دەمامەوە...

کەلسووم لە زستانی نێوانی ١٩٤٩ و ١٩٥٠ دا نەساغ کەوت. سەفەری کرد هەمووی ٤-٥ جاران توانی بۆ فەلەکە کۆنەکانی خۆی بەرزبێتەوە، پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٢ بە دوو ساڵێک دیسان تووشی هاتەوە لەم جارەیاندا چوو بۆ خەستەخانەی بەحریەی ئەمەریکا کە تەنها بۆ مرۆی زۆر مەزن کراوەتەوە... ئەمجارەیان چاوەکانی نەختێک لە قەپێلک بە زەقی مانەوە هەتا مردنی لە ١٩٧٥...

لە دوای ساڵی ١٩٤٦وە نەگبەتی داکشانی داهاتی توتن تا ئەوەی لە زۆر باردا تەنها زەرەری بۆ خاوەنی بەرهەم دەهێنا خۆی بە تەواوی دەرخست، لە فەحسی ساڵێکیاندا بە لیژنەی فەحسم گوت کە هەموویان ناسیاوم بوون و پەرتان پەرتانیان بە توتنەکەمان خست، گوتم : سوێندی لەسەربێت دەسەڵاتم هەبوایە هەمووتانم حەبس دەکرد. ساڵی ١٩٤٨ قات و قڕی پەیدا بۆوە دەوامیشی کرد تا دوای ١٩٥٠.

ئەو ساڵەی ١٩٤٨ بە نقەنق دەخشی ئێمەش لەگەڵیدا پاش زەرەرە قورسەکەی کژە توتنی ١٩٤٦-١٩٤٧ وەکوو نەساغ دارەدارەمان بوو. ئەو ساڵە مەلۆتکەی لە هەناودا هەڵگرتبوو، بەغدا دژی موعاهەدەی پۆرتسمۆث هەڵستا، حکومەت بە ئاگر وەڵامی دایەوە... کوشتاری لێ پەیدا بوو... بەغدا دانەمەزرا، شاری دیکەش کەوتنە جموجووڵ... مەکتەبەکانی بەغدا و شوێنی دیکەش داخران... قوتابییەکان کە گەڕانەوە بۆ شارەکانیان کارەساتی بەغدایان دەگێڕایەوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە مەیلی حیکایەت بە قسەگێڕەوەی دەکات و گوێگریش لێی خۆشتر دێت... لە بەرەو کۆتاییی ساڵ بوو (ڕۆژەکەم بۆ دەست نیشان ناکرێت) ساڵح جەبر لێ خرا... دنیا هەڵستا... من لە کۆیێ بووم کە شار سەرلەبەری کەوتە موزاهەرە، ئەو ڕۆژە شیرازەی کۆمەڵایەتی شارەکە، وەکوو هەموو ئەو شوێنانەی موزاهەرەی ئەوتۆیی تێدا بوو، لە بەریەک هەڵوەشا. تا ئەو ڕۆژە کەس خۆی لە کەس ئاشکرا نەکردبوو، بێدەنگ لە ژوورەوە خوێنی خوێن گەرمان دەکوڵا. هەموو چینەکانی شار بەشدار بوون لە پێشیانەوە تاقمی مەلاکان دەڕۆیشتن کەچی (بمرێ، برمێ) دەتەقییەوە. یەکێک لەو خوێن گەرمانەی ئەوسا کە زووتر بە چەند ساڵێک لەبەر نالەباریی ڕەفتارەکەی لە مەهاباد دوور خرابۆوە چی ناڕەوا بوو لە تۆڵەستاندنەوەی خۆیدا بە کوردایەتییەکەی مەهابادی گوت. عەیبی گەورەی لێ گرتن بەوەدا کە (انفصالي) بوون... دز بوون...

موزاهەرە دەوامی کرد هەتا لای نیوەڕۆ عەلی عەبدوڵڵا، بەرپرسی پارتی لە کۆیە، داوای کرد بڵاوەی لێ بکرێت، خوێن گەرمێکی ئەوسا فرتکی بۆ سەر بەرزایییەک بەست و گوتی: چۆن دەچنەوە ماڵتان بێ ئەوەی خوێن بڕژێنن... ماڵەکانتان چی تێدایە؟ خۆ گیاشی لێ نییە وەکوو ئاژەڵ بیخۆن...

٣٨ ساڵ و چەند مانگێک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە تا کاتی نووسینی ئەم دێڕانە ١٢-٧-١٩٨٧. لەو ماوەیەدا دروشمی سیاسی نەبووە موفلیستر لە دروشمی هاندانی کورد بۆ کوشتنی کورد. وەی قوڕ بەسەر نەزان و نەفام!

حەمزە لە عەبباسی چی !!

بە هەمە حاڵ زمانەی ئاگری قەپوقیڕی ناوخۆییی خەباتگێڕان وەها درێژ بۆوە لەبیری بردنەوە (وثبە) بۆچی و دژی کێ ڕووی داوە.

لە نەورۆزی دوای وەسبە کە دەکەوتە مارتی ١٩٤٩ ئیجازەی دوو ئاهەنگ وەرگیرا یەکیان بە ناوی من بۆ پارتییەکان ئەوی دیکەش بە ناوی دڵدار بۆ چەپەکان. بەزمی ئێمە زووتر بوو، من گوتارێکی عەرەبیم

خوێندەوە بە سەرناوی «تحیة الشهداء». تا ئەو دەمە جوانترین نووسینم لە عەرەبیدا ئەو نووسینە بوو. شەوی ئاهەنگەکەی بەدوادا دەهات خەریکی بووم، لای بەیانی لێی بوومەوە. لە وەسفی شەڕی سەر پردەکەی بەغدا شتێکی نازدارم نووسی، دوای باسی هەڵمەت و هەڵمەتی بەرانبەر لە گەنجان و هێزی حکومەتەوە کە مێژوو تێیدا شێوابوو نەیدەزانی سەرکەوتن بۆ کام لا بنووسێت هەر لەبیرمە چیم گوتووە:

وفي هذة اللحظة الحاسمة الخطيرة اذ ارتبك التأريخ المذعور وضاعت معالم النصر والهزيمة قذف بركان الحق من وقود ثورته جمرة مشتعلة الحشا في صورة فتاة، اي وربي فتاة تصطفق في يدها راية ملطخة بالدم وينعكس من عينها بريق من عناد الشعب الثائر وفي صدرها تتماوج صرخة الانسانية المندفعة نحو هدفها الاسمى وترتسم على ثغرها بسمة الأطمئنان الى النصر الأكيد. تقدمت الصفوف فكانت من الطليعة الدامية للحشد الصاخب بمثابة السنان من نصل الرمح، تقدمت واهابت بالحشود الكثيفة ان تقدمي فتدفقت كسيل العرم لا يردها موت ولا يصدها قضاء واكتسحت ما امامها من صروح الظلم و معاقل الطغيان... عند ئذ خفض التأريخ هامتة إجلالا وسجل النصر العظيم للشعب العظيم. وما كان للتأريخ ان يفعل غير ذلك....

ئەم نموونەیە لە کۆتاییەکەیدا گوتەیەکی تاقانەی زێدە بایەخداری خوا لێ خۆش بووی مامۆستا سابیر ئیسماعیلم بە بیر دەهێنێتەوە. دوای ئاهەنگ لە نادی موەزەفان یەکدیمان گرتەوە بە دڵ پیرۆزبایی لێ کردم و گوتی، ئەم «وما كان للتاريخ ان يفعل غير ذلک» بە لامەوە سەرکەوتووترە لە قسەیەکی ئیلیا ئەهرەنبورگ کە لە ئاست بەرگەگرتنی لینینگراددا بەرانبەر هجومی ئەڵمانەکان گوتی «وابى التأريخ أن...» تێبینی مامۆستا سابیر بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە مێشکێکی روونی هەبوو، لە ساکارییەوە قسەی ئەوتۆیی نەدەکرد بە خاترانەش بۆ لای شۆرەت و ناو و دەستەڵاتی دانەدەشکاند، ڕەحمەت لە گۆڕی. لەو گوتارەمدا بایەخێکی زۆریشم دا بە پێویستیی یەکگرتن لە ئاست پلانی دوژمنانی دیمۆکراسی. پاش ئەوەی گوتم لە وەسبەدا هەر تاقمە و هەر بیروڕایە بێنبرکێی بوو بۆ پتر جانفیدایی دەتگوت جوداوازی بیروڕا هێزێکی هەرەگەورەی سەرکەوتنەکە بوو. ئنجا دەڵێم: «ایها العاملون في حقل الوطنية والراسخون فيه قدما!! لا تتفرقوا فتفشلوا فتذهب ريحكم...» ئیتر قسەی دیکەی ئەوتۆیش هاتن کە لەبیرم نەماون. بە داخەوە ئەم گوتارەم لێ ون بوو نازانم چی بەسەرهات...

پاش وەسبە بۆ ماوەیەک کە جارێ گوڕەکەی نەوەستابوو، زوربەی خەباتگێران کە هەرە زۆریان باوەڕی چینایەتییان تێدا خەست بوو وەهایان دەگوت و دەکرد دەتگوت ڕۆژی حەشرە تەرازووی خێر و شەڕان هەڵخراوە خەریکە بەهەشتی و جەهەندەمییان لێک دەکاتەوە. بەڵام دەرکەوت هەمووی وڕێنەی هەرزەکاری بوو بەلامەوە چاکیش بوو تەرازووەکە نەکەوتە دەست هەرزەکار دەنا ئەغڵەب بەهەشتی دەبردرانە جەهەندەم. بەهۆی دووبەرەکی و سێبەرەکییەوە سەرگوڵ و بنکڕی خەباتی ئەو ڕۆژانە و دواتریش وەکوو قاووت ڕەشەبا بردی. بێگومان منیش لەوانە بووم هەوڵی بێفیڕۆیان دابێت بەڵام هەربایی زەکاتی خەڵقەکەم زەرەر لە خۆم و عالەم خستوە چونکە تیژڕۆیی و پەڕگیری لە تەبیاتمدا نەبووە. ئەوەی توندوتیژە هەر بخەوێت سوود دەبەخشێت کە بە خەبەر هات نەعووزو بیللا...

کێشەی یانەی سەرکەوتن

ئیجازەی یانە لە لایەن دەستەیەک لە پیاوە ناسراوەکانی کوردی بەغداوە وەرگیرابوو. سەرۆکی ئەمین زەکی بەگ بوو، ئەمین عامەکەی مامۆستا مەعرووف جیاوۆک بوو، هەر خۆیشی خاوەن دەستەڵات و قسە ڕۆیشتووی یانە بوو. ئەندامەکانی ئیدارەی پیاوی ناسراوی بێتەرەف بوون تەنها مامۆستا بەشیر موشیر سەروکارێکی لەگەڵ قسە و حیکایەتی سەر بە سیاسەت هەبوو، ئەویش لە سنووری وتووێژدا نەک کردەوە.

ساڵی ١٩٤٥ گەنجان کە بەشێکی چالاکیان ئەندامی حیزبی هیوا بوون و تەجرەبەی چالاکیی نهێنییان دیتبوو، هەبوونی یانەیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی لەو ڕێگاوە خزمەتێکی ئامانجەکانیان بکەن. ئەم حیسابەیان ئەگەر چووبایە سەر و دەستیان بەسەر کاروباری یانەدا گرتبایە دەربوونەی خێر و چاکەیەکی بۆ دەکردنەوە ئەویش بە مەرجی بێ هەڵپەیی و ڕازی بوون بە مومکین دەنا لە یەکەم هەنگاوی تیژڕۆیی‌یاندا یانە و سوودی یانەیان دەدۆڕاند.

لەو ساڵەدا ژمارەی قوتابیی کورد لە بەغدا زیادی کردبوو بایی ئەوەی هەموو لایەنێک هەستی پێ بکات، حیزبی هیواش تەمای هەبوو لە چەندایەتی و چۆنایەتیی ئەو گروپە قوتابییە سوود وەربگرێت کە یانەی سەرکەوتن یەکێک لەو بنکە سوودبەخشانە بوو دەشیا لە ڕێی زۆربوونی قوتابیی ئەندام تێیدا ببێت بە ناوچەیەکی ڕۆشنبیری - سیاسی بەرەو قەومایەتی. لەلایەن خوا لێ خۆش بووی مەعرووف جیاوۆکیشەوە چ نابەرژەوەندێک لەوەدا نەبوو قوتابی دۆست و ئەندامی یانە بن، بە پێچەوانەوە قوتابی باشترین سەنگی سیاسی دەبەخشێت بە کەسێکی بیەوێت نمایشت بکات و گرنگیی خۆی بە خەڵق و حکومەتیش ڕابگەیەنێت.

من لەو ساڵەدا ئەندامی ئیدارەی نادی بووم بەڵام نازانم چۆناوچۆنی. لە دوای ئەو ئاهەنگە باس کراوەی کە لە یانەی سەرکەوتن بە بۆنەی تێپەڕینی چل ڕۆژ بەسەر مردنی باوکمدا بەسترا مەرحەبای گەرموگوڕم لە جیاوۆک وەردەگرت، هەروا دۆست بووین هەتا بەهاری ١٩٤٥ کە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕانی یانەی تێدا دەکرا. جیاوۆک گومانێکی نەبوو لەوەی قوتابییەکان ڕێ بەدێییان لەگەڵدا دەکرێت و چ پێشبینیی نەدەکرد لە پەیدا بوونی گرفتێکی گەورە یان بچووک. لە ڕۆژی هەڵبژاردندا جیاوۆک چەند ناوێکی پێشـنیاز کرد بۆ ئەندامەتی، کەچی بەرەی حیزبی هیوا لیستەی خۆی هەبوو. کە دەنگ درا و دەست کرا بە ژماردنی پشکی هەر کەسەی لەوانەی دەنگیان پێ درا بوو دەرکەوت نامزەدەکانی جیاوۆک، لەوانەی کۆن بوون لە ئەندامەتی تاکێکیان دەرناچێت. سەغڵەتی بە جیاوۆکەوە دیار بوو تا بەرەو کۆتاییی ئەژماردنی دەنگەکان ئیتر خۆی پێ نەگیرا و دەربیڕی کە لەبەر بێتاقەتی چی دیکە ناتوانێ لەو ڕۆژەدا سەرپەرشتیی کارەکە بکات و دەبێ پاشماوەی دەنگەکان سبەینێ لە کاتی ئێوارەدا بژمێردرێن و لێک بکرێنەوە. چەندی قوتابییەکان و سەرکارەکانی هیوا هەوڵیان دا ئەو وەخراندنە نەکرێت بێسوود بوو، جیاوۆک سوور بوو لەسەر هەڵوەستی خۆ. ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەندە دەنگەی مابوو نەتیجەی

نەدەگۆڕی بەڵام چ دەکەی لەگەڵ قیلەشەرعان کە دەبێ هەموو دەنگەکان بخوێندرێنەوە و بە سەرپەرشتی کردنی ئەمین عامیش بێت؟ جیاوۆک لە ئیلحاحی قوتابییەکانەوە متمانەی قورسی دا کە سبەینێ لە میعاددا هەڵبژاردنەکە بە ئەنجام دەگەیەندرێت...

سبەینێ جیاوۆک بەیاننامەیەکی لە ڕۆژنامەکان بڵاو کردەوە بە بەتاڵ کردنی ئەو هەڵبژاردنە... چەند هەوڵ درا بۆ گۆڕینی ئەو بڕیارەی بێسوود بوو<٣١>. تەنانەت لای ئەمین زەکی بەگ کۆبوونەوەیەکیش کرا لەگەڵ جیاوۆک منی تێدا بەشدار بووم بە سیفەتی ئەندامیەتیم لە دەستەی ئیدارە... لەو کۆبوونەوەیەدا جیاوۆک وەهای ڕانواند کە من هەر لەوێش نیم، زەکی بەگ نەساغ بوو لە ماڵەوە دەرنەدەچوو کۆبوونەوەکە نەزۆک و بێلزوومیش بوو. دوای ڕۆیشتنی جیاوۆک زەکی بەگ دڵگیریی خۆی دەربڕی لە ئاست ئەوەی ڕوودەدات بێ ئەوەی ناوی جیاوۆک بهێنێت بەڵام مەبەستیشی دیار بوو لە قسەکانی.

من کە گەڕامەوە لای قوتابییەکان ئامۆژگاریم ئەوە بوو واز لە یانە بهێنن و خەریکی خۆ ئامادەکردن بن بۆ ئەزموون، گوتیشم من خۆم لەم دەمەوە کەم و زۆر تێکەڵ بە هیچ سەروبەرێکی ئەم کێشەیە ناکەم... بەڵام بڕیاری هیوا شتێکی دیکە بوو، نەشرەیەکی نهێنیی بەشەو لە بەغدا بڵاوکردەوە هێرش بوو بۆ سەر جیاوۆک و حکوومەتیش. دوو ڕۆژێکی برد و نەبرد کۆمەڵێک لە قوتابی و ئەوانەی پێوەندییان بە هەرای یانەوە هەبوو گیران لە مانە، عەلائەددین سەجادی، عەبدولقادر قەزاز، کاک حەمەی خانەقا، جەوهەر عەزیز دزەیی، کانەبی عەزیز دزەیی، و هی دیکەش.

ڕێکەوتێکی دەگمەن ئەوە بوو، کاکە حەمە نامەیەکی پێ بوو لە میرحاجی وەرگرتبوو بۆ کاربەدەستێکی مفەوەزیەتی ڕووس کە یارمەتیی مستەفا خۆشناو بدات بە سفارش کردنی کاربەدەستانی ڕووس لە دیوی کوردستانی ئێران بەڵکوو یارمەتیی دەدەن تا لەوێ بحەوێتەوە. نامەکە بە ئەسڵ مستەفا بۆ میرحاجی ناردبوو کە بە مفەوەزی ڕووسی بگەیەنێ، ئەویش دابوویە کاکە حەمە چونکە خۆی لە ژێر موراقەبەدا بوو کاکە حەمە ئەم کاغەزەی لە دەست گیرا. بۆی ڕێکەوت کاک حسێنی کاکی تێ بگەیەنێ کە بە میرحاج بڵێ خۆی دەرباز بکات کاک حسێنیش بێوەخران میرحاجی خەبەردار کرد و ئەویش بۆی دەرچوو. لە مانگێک پتر ئەم کۆمەڵە لە حەپس مانەوە. تاوانی کاکە حەمە گەلێک گەورەتر بوو لە هی هەواڵەکانی، بەربوونیشی ئاسان نەبوو. باوکی هاتە بەغدا هەوڵێکی زۆری دا هەتا توانرا لە تۆمەتی کاغەزەکەی مستەفا خۆشناو ڕزگار بێت ئەوسا خوا لێ خۆش بووی ئەحمەد موختار بابان وەزیر بوو، مەردانە بۆی وەستا و هەڕەشەی ئیستیقالەی نایە بەر حکومەت ئەگەر هیچی لێ بکەن... ئەوانەی قوتابی بوون لەو حەپسانە ڕۆژانی ئیمتیحان بە خەفارەتەوە دەنێردران بۆ حقوق، دوای ئیمتیحان دەبردرانەوە بەندیخانە... پاش چەند مانگێک درانە عورفی، بەڵام عورفی مەسەلەکەی بە هەند هەڵنەگرت، تۆمەتە زراوڕژێنەکەی کە ئیعدامی بەدواوە بوو نەچوە مجێزی سەرۆکی عورفی کە دۆستی باوکی هەندێک لە گیراوەکان بوو، بە شایەدیی مامۆستا جەوهەر عەزیزیش کابرا پیاوێکی مەرد و بەشەرەف بوو.

بە چاوێکی بێتەرەفانە سەیری ئەو کێشەیە دەکەم کە لە ماوەی ٤٢ ساڵ دوای ئەویشەوە تەجرەبەی دنیای بۆ ڕوونتر کردووینەوە و دەڵێم چ پێویست نەبوو پرسیارێکی وەها بچووک ئەو هەموو شیر و تیرەی بۆ هەڵبگیرێت. کە بەرژەوەندیش پێوانەمان بێت دەبوو گەنجان ڕێبازێک بگرنە بەر بتوانن تێیدا بەردەوام

بن و بە قۆناغ بگەن. خەبات هەر بریتی نییە لە تێشکان و گیران و بەستران. یانەی سەرکەوتن قەڵای دمدم و (دیان بیان فۆ) نەبوو بە هێز داگیر بکرێت، کەسیش نازانێ ئەنجامی سەرکەوتنی قوتابییەکان لە هەڵبژاردنەکە چی دەبوو، سەری بە کوێ دەگەیاند، گەنجان لە نێوان خۆیاندا چییان بەیەکدی دەکرد... دەبوو جیاوۆک نەترسێن، بە نەرم و نیانی لەگەڵیدا بێن، نەختێک ئارەزۆی ئەو و نەختێکیش هی گەنجان بێتە دی. ئەگەر ئەم ڕەفتارە لە چەژی هیوا و گەنجان شیرن نەبوو پێی نەدەویست لە سەرەتاوە لە یانە نزیک بکەونەوە. جیاوۆک لە ئاکامدا ئەو پەرتان پەرتانەی بە گەنجان یەخست و خۆیشی بوو بە موتەسەڕڕیفی سلێمانی کەوا هەرچەند بە لای منەوە هەڵکشانێک نەبوو ئەو هەموو تاکتیکە نالەبارە بهێنێت بەڵام بە لای جیاوۆکەوە مەبەستێکی بنەڕەتی بوو، ناشزانم بۆچی هیچ هەڵکشانی دیکەی بە دوادا نەهات. بێگومان کەسانی دیکەش هەبوون لە تاریکیدا خەریکی تەڵە نانەوە بوون بۆ ڕاوکردنی سوود و چاکەیەکی لەو هەرایە برەخسێت. لەو ناوەدا گەنجان مازووچنی کون لە پاشۆڵ بوون بە ئەرکێکی لە پێویست بەدەرەوە. (بەغدا، ١٣/٧/١٩٨٧).

پێویستە بڵێم چوونی حەپسەکان لە حەپسخانەوە بۆ ئیمتیحان هەموان ناگرێتەوە، مامۆستا جەوهەر عەزیز دەگێڕێتەوە بۆم کە خۆی و کانەبیی برای بەیەکەوە لە ژوورێک حەپس بوون، ڕۆژانی ئیمتیحان جحێڵەیەکی سەر بە تەحقیقاتی جنائی لەگەڵیان دەردەچوو، جێگەیەکی بە ژووان دادەنا کە نیوەڕۆ لەوێ یەکدی بگرنەوە ئیتر دوای ئیمتیحان و سەردانیماڵەکەیان بە ئارەزۆی خۆیان دەچوونەوە بۆ ژووانەکە، کەیفیان لێ بایە هەڵدەهاتن. کابرای تەحقیقات دەمی چەور دەکرا و چاوی دەپۆشی. بە مامۆستا جەوهەرم گوت ئەمەیە دز و ماڵخۆ یەک بن گا بە کولانکەدا دەبەنە دەر.

بەشێک لە حەپسەکان قوتابی نەبوون تا بچن بۆ ئیمتیحان کاکە حەمەش بە هەڵوەستی ئەحمەد موختار بابان و دۆستەکانی سەیدی خانەقا بەر لە کاتی ئیمتیحان بەردرا، ئەو و من، لە دوو ژووری ئۆتێلی تروکادێرۆ دەژیاین. من ژوورەکەی ئۆتێل ڕەشید، کە بەیەکەوە لەگەڵ دلدار دوو ساڵان تێیدا بووین، دەستی نەدەدا بۆم کە خۆمی تێدا ئامادە بکەم دوای ئەو هەموو غیابە و نەخوێندنە. ماوەیەک بەر لە ئیمتیحان گوێزامەوە بۆ تروکادێرۆ بەڵکوو لەو دەوروبەرە ئاسوودەترەدا بتوانم بەنی ڕۆژگار پتر هەڵبکەمەوە. یوونس هەموو ڕۆژێک لە دوای نانی سبەینەوە لەگەڵماندا دەبوو هەتا دەمی نووستنی شەو، هەندێ جار نانی سبەینەشی دەهێنا لای ئێمە، یوونس بە پێچەوانەی من موتالایەکی باشی کردبوو، تەنها لە دەرسی (اصول الفقه) کەوت... ئاشنایەتیم لەگەڵ مەلایان و عەرەبی زانیم یارمەتیی دام لێی سەربکەوم.

ئاڵقەی دەیەم

ئاڵقەی پێشووتر گەشتمی گەیاندە پاش قۆناغی (الوثبة). لە وەسبەوە بۆ ناوەندەکانی ١٩٥٢ کە قۆناغێکی نوێ لە ژیانمدا دەست پێ دەکات باری سیاسیی وڵات کەوتەوە سەر ڕۆژگاری بەر لە وەسبە، خەڵقێکی زۆر لە شۆڕشگێڕان و موزاهەرەچییان کە هێندەی ناحەزی حکومەت بوون لە نێوان خۆیانیشدا ناحەز بە یەکدی بوون، درانە عورفی و خرانە بەندیخانەوە، وەک بزانم لە بەندیخانەشدا دووبەرەکی و سێبەرەکییان بەردەوام بوو. بەشێک لە ڕابەرەکانی پارتی گیران بەڵام برادەرانی کۆیێ سەلامەت بوون. من لەو چەند ساڵەدا بێ ئەوەی بەرنامەی بژاردەم هەبێت لە خۆوە و بە پێی بڕیاری واقیع و داخوازی تەبیاتی خۆم خەریکی خوێندنەوە و تێفکرین و خۆ دروست کردن بووم. شەوانی زستانەم بە شەونخونی دەبردە سەر، ڕۆژانم هەتا نیوەڕۆ شەو بوو... پەجامەم دەدڕاندنەوە... ناوناوە بەشداریی شاییەک وەیا داوەتێکم دەکرد. ڕێکەوتێکی خۆش بوو کە لە سەرەتای بارانان بوو بە کۆمەڵ لە کۆیە چووین بۆ مووسڵ، شەوەکیشی لێ بووین، بووکێکمان بۆ برادەرێکی دێرینم، خوا لێ خۆش بووی حەمیدی تاهیر چەلەبی هێنا کە لەو بەینانەدا (ضابط تجنید)ی کۆیێ بوو... بووکەکەش کۆیی بوو بەر لە چەند ساڵێک ماڵی باوکی (قادر ئەفەندی حاجی ئاورەحمان) بۆ مووسڵی ڕاگوێستبوو. لەبیرمە کە بەیانی بەرەو هەولێر هاتین تازە بەفرەکەی قەندیل و هەڵگورد و هەندێک لە شاخەکانی سنووری کوردستانی تورکیا وەک هێلکەی سپی دەچۆوە... نانی سبەینەمان لە «کەسنەزان» خوارد کە لە مووسڵەوە بۆمان خرابۆوە ناو ئۆتۆمۆبیلەکان دەنا کەسنەزان لە ماستی ترش و چایەی زەردی بەولاوەی لێ بەدەست نەدەکەوت، ماڵی بووک بۆ ماوەی ڕێگای کۆیێ بە مێوانی خۆی هێشتینەوە.

مامم لەو ساڵانەدا چەند ئیجازەیەکی‹٣٢› بە موستەعیدەکانی خۆی دا. ئاهەنگی ڕێک و پێک بۆ ئەو ئیجازانە ڕێک دەخرا و قەڵەباڵغیەکی بەرچاوی تێدا کۆدەبۆوە. ئەو داب و دەستووورە پاشماوەی بەرچاو ناکەوێت... لە هاوینی ١٩٥٢ مامم لە کۆیێ دووچاری قەزا و قەدەرێک هات کە بە زاهیر لەوانە نەبوو ئاکامی گرنگی هەبێت کەچی چاوێکی تاریک کرد. بۆ تەداویی ئەو چاوە چووە هەولێر، من و کاک مەجید و کۆمەڵێکیش لە خزم و کەس بەگەڵی کەوتین، لە تەداویدا بوو دووچاری نەساغیەکی دیکە بوو، یوریای لە خوێنی زیاد کرد، هەتا لە ڕۆژانی نیوەی دووەمی تەمووزی ١٩٥٢ کەوا چەند ڕۆژێک بوو شۆڕشی ٢٢ی یۆلیەی میسر دەستی پێ کردبوو بەیانیەکیان کۆچی دوایی کرد.

مەرگی مامم بۆ من کەلێنێک بوو کە پێم پڕ نەدەکرایەوە، ئەو دوای مەرگی باوکم جێنشینێکی لێ هاتووی شیاو بوو، تا ئەوەی باوکم دەیگوت لە براگچکەکانی جەلیزادان نوورەدین لە هەموان مەلاترە. دوای ئەو دەبوو من بچمە شوێنیان بەڵام بە هیچ کلۆجێک دڵم بەو جێگرتنەوەیە تێراو نەدەبوو چونکە خەیاڵی مەلایەتی لە دڵ و مێشکمدا یەک تاکە ڕیشەی نەبوو. سەرەتا خەڵقەکە موبارەک بادیشیان لێ کردم و وەهایان زانی غەیری پڕکردنەوەی شوێنی باپیران چ ڕێگەیەکی دیکە ناگرمە بەر.

لە مانگی ئاب کۆیەم بەجێهێشت بەرەو بەغدا، لە ئەیلوول بووم بە حاکم و لە سلێمانی دامەزرام. ئەم بڕیارەم تاکە ڕێچکۆلەیەک بوو پێیدا بڕۆم چونکە مانەوەم لە کۆیێ بێ ئەوەی شوێنەواری باپیران پڕ

بکەمەوە و ببم بە مەلا شتێک نەبوو بە تەسەوردا بێت.

لێرەدا پێویستە بڵێم ڕێکەوت وەها بوو خوالێخۆشبووی جەمال بابان وەزیری عەدل بوو، کاکە زیاد تەکلیفی لەبەر نا بۆ حاکمایەتی من. ئەویش بێ ئەوەی لەگەڵ مندا شناسایی هەبێت تەکلیفەکەی هەڵگرتەوە و بێوەخران مەرسوومی دەرچوواند بۆ تەعیینم. لەلایەکی دیکەشەوە ناچار بووم سەد دینارم لە ئەحمەداغای حەمەدەمیناغای دزەیی وەرگرت بۆ سەفەری بەغدا و گوێزانەوەی بەشەماڵێکم بۆ سلێمانی. ئەحمەد لە برام لێم نزیکتر بوو، تەقیە لە نێوانماندا نەبوو. وەختێک لە ١٩٦٤ بوومە وەزیر، لە سەفەری هەوەڵ جارم بۆ ڕانیە دوای بوونم بە وەزیر، ئەحمەد ئاوارە بوو نەی دەوێرا بەرەو ماڵ ببێتەوە بۆ هەولێر و دووگرتکان. تەکلیفم لەبەر نا ئەو سەد دینارە و زیادییەکی کە پێویستیش بێ لێمی وەربگرێ، دوای زێدە ئیلحاح دەستی گەیاندە بیست دینار، هەزار ڕەحمەتت لێ بێ جوانەمەردی کوردایەتی. لە پاش مەرگی ئەو هەشتا دینارەم بە مل کاکە وریای کوڕەگەورەیدا دا، چەندێکی پەلەی کرد لێم نەسەلماند و تێم گەیاند کە بە شەرع ئەو پارایە لێم حەرامە چونکە ئەحمەد منداڵی بچووکی لەپاش بەجێ ماوە «لاتقربوا مال اليتيم» م بە بیردا هێنایەوە. وەی کە ئەم تەرزە بیرەوەرییە بە سفتوسۆیە، ئەمما زیندووکردنەوەشی هەستێکی مرۆیانە لە خاوەن دڵ و دەروونداندا دەبزێوێت.

خوا لێ خۆش بووی، مەلا مەعسوومی هەورامی، کە مجازی باوکم و برادەری خۆم و دۆستی بنەماڵەی جەلیزادان و هەڵکەوتووی زمانی عەرەبی و زانستەکانی ئیسلام بوو، لە پاش ئەزموونی ڕەسمی، بوو بە خەتیبی مزگەوتی گەورە. ئەم مرۆیە خۆی دەست چێنی باوکم بوو، لە هەموو مەلایەکیش پتر بە دەوری باوکمەوە بوو. گەلێک لایەنی گەشی تێدا کۆببۆوە بە کەڵکی مەلایەتی و خۆدەرخستن بێت. لە عەرەبی یەکجار باخەبەر بوو. لەبیرمە جارێکیان بە نامە لێم پرسی وشەی (بله) چ ئیعرابێک دەداتە وشەی دوای خۆیەوە. بۆی نووسیمەوە، سێ واتای هەیە یەکیان (کیف) بەو پێیە وشەی دوایەوە (مرفوع) دەبێ، دوەمیان (دع) وشەکە (منصوب) دەکات، سێیەمیان (ترک) خۆی دەبێتە (مضاف) و وشەی دوای (مجرور) دەبێت لەمەوە دەردەکەوێ کە دەشێ بگوترێ: (بله رجل، بله رجلا، بله رجل). جارێکیش مامۆستای عەرەبی لە سانەویی کۆیە بە قوتابیەکانی خۆی گوتبوو: لە خۆم بەولاوە کۆیێ کەسی تێدا نییە بزانێ (سفرجل) چۆن جەمع دەکرێت، جەمعەکەی دوو جۆرە، یان (تاء الوحده)ی پێوە دەلکێت و دەبێتە (سفرجلات) یاخود بە (جمع التکسیر) دەبێتە سفارج. قسەکە بە مەلا مەعسووم دەگات، دەڵێ: دەبوو بشڵێ ئەگەر پیتی سێیەمی وشەکە یەکێک لە پیتەکانی وشەی (أنسیتموها) بوایە دەشیا لە جەمعدا ببێتە (سفاجل) وەک کە (جحمرش) دەبێتە جحامر و جحارش. لەو ناوەدا کەس نەبوو بەقەد ئەو (حافظە)ی بەهێز بێت. مەلا قادری کانی دەربەندی، لە قوتابییەکانی باوکم، دەگێڕێتەوە دەڵێ: جارێکیان بە تاقیکردنەوەی ئەزبەرکردن دەرکەوت هەتا من دەزنوێژم شووشت و نوێژم کرد مەلا مەعسووم یازدە لاپەڕەی کتێبێکی ئەزبەرکرد (من ناوی کتێبەکەم لەبیر نەماوە).

من کە باسی ئەم مرۆیە دەکەم ڕاستیی لێ دەگێڕمەوە بێ ئەوەی خوانەخواستە پایەی مەلا و بنەماڵە عیلمییەکانی کۆنینەی کۆیێ لەبیر بکەم کە هەموویان، کاریان لای خوا ڕاست بێت، لێ هاتووی خزمەت گوزاری ڕاست و دروست و خواناس بوون. گەلێک جاران کە لای باوکم کۆمەڵیان دەبەست و مەجلیسیان

به جۆرەهای بابەتی عیلمی و ئەدەبی دەرِازایەوە دەبوو هەر تێیانەوە ڕامێنیت. تکام لە هەموانیش کردووە کە کورتەی مێژووی بنەماڵەی خۆیانم بۆ بنووسن، تا ئێستا بەداخەوە تەنها لە ماڵی مەلا سادقەوە چەند دێڕێکی کەمم بۆ هاتووە لە لایەن مامۆستا مەلا زاهیر و عەبدورِڕەحمانی برایەوە، کۆنە هەڤاڵی خوێندنی سەرەتاییم، کەوا بەڕاستی زۆر کەمترە لەوەی بنەماڵەکەیان بە بەریەوە هەیە. لەو چەند دێڕەدا هەر ئەوەندە دەزاندرێ مامۆستا مەلا زاهیری ئەدیب و موددەریس و خاوەن کتێبی چاپ کراو کوڕی مامۆستا مەلا سادیقە (مجازی مەلای گەورەیە).

مەلا سادیق بە ئەزموون لە مووسڵ بۆتە موفتیی ڕانیە (دیارە ئەمە لە سەردەمی عوسمانلی بووە) ئەویش کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا مەحموود کوڕی مەلا حوسێن کوڕی مەلا مستەفا کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدوڵلا کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ ئەبووبەکر کوڕی شێخ عوسمان کوڕی شێخ یەعقوب کوڕی شێخ ئیسماعیل و بەرەژوورتر.

ئەم زنجیرەیە لە مەلا زاهیر بە پێشەوە چواردە پشت دەگرێتەوە ناشزانین چەند پشتی دیکە بەرەژوور بۆتەوە بۆ مەلایەتی و شێخەتی. وەک دەزانم لە هەندێ جاروباردا بە لەقەبی (دایە خەجێی سدیقی) هەڵدراونەتەوە. خۆم لە پەراوێزی کتێبێکی دەست نووسم خوێندۆتەوە نووسەرەکەی دەڵێ لە مزگەوتی دایە خەجێی کۆیەم نووسیوەتەوە، نووسینەکەشی بۆ لای ٢٥٠-٣٠٠ ساڵێک دەچێتەوە. بە هەمە حاڵ سووچی من نییە نووسینەکەم لەم تەرزە بابەتە دەست بەتاڵ بێت.

مامۆستا مەلا سادق لای باوکم زۆر لەپێش بوو، تەنانەت لەهەر وەختێکدا هاتبێتە لای بێ دەرگە لێدان یەکسەر بۆ دیوی حەرەم هەتا ژوورەکەی باوکم ڕانەدەوەستا و بێ گرفت لای دادەنیشت. کە پرسیار و ئیشێکی مەیلەو ئەستەم هاتبایە پێش، خاوەن مەسەلە تکای لە مەلا سادق دەکرد ئەرکی ڕوونکردنەوەی هەڵکەوت بۆ لای باوکم هەڵگرێت... هاوڕێیەکی دەمی فەقێیەتی خۆی هەبوو، کە ئەویش مجازی باوکم بوو، مامۆستا مەلا عەلی باداوەیی مدەرسی مزگەوتی منارە، هەمیشە بەیەکەوە وەک دوو برای حەقیقی بوون. مەلا عەلی چەند ساڵێک زووتر کۆچی دوایی کرد، بەڵام برادەریی ئەو و مەلا سادق بۆ مەلا محەمەدی مەلا عەلی و مەلا ظاهری مەلا سادق بەجێ ما کە هەمیشە گەشت و گەڕان وسەردانی خەڵقیان بەیەکەوە دەکرد. تەنانەت هاوینان بەیەکەوە دەهاتنە سەردانم لە چنارۆک. مەلا محەمەد دە ساڵێک بەر لە مەلا ظاهر ئاودیوی ئاخرەت بوو.

سەرتان نەیەشێنم لە سلێمانی بە حاکمایەتی سەرپەرشتیی مەحکەمەی چوارتام دەکرد. یەکەم سەردانم لەو مەحکەمەیە بە هاوڕێیی مامۆستا ئەنوەر یەکتای حاکمی یەکەمی دادگەی سلێمانی و حاکم برهان سلێمانی کەونە هەڤاڵی خوێندنی هەولێر و بەغدام بوو. قایمقام لە چوارتا عومەراغای محەمەداغا بوو کە ئەویش هەر دۆست و ئێستاش دۆستمە. زۆری خزمەت کردین، لە دوو سەردانی دیکەدا تەنها بووم هەر جارەش عومەراغا ماڵی ئاوا بێت بەولای پێویستەوە پێوەم ماندوو دەبوو. معاونی پۆلیس عەبدولواحد بابان بوو، نەشم زانی لە بابانایەتیدا سەر بە کێ دەگەیەنێ. جارێکیان لیستە ناوێکی کوردی ئێرانی بۆ هێنام کە بە تۆمەتی تێپەڕ بوون لە سنووری ئێران بۆ عێراق فەرمانی گرتنیان ئیمزا بکەم، ئەشەدوبیللا دەستم نەیهێنا ئیمزام بهاوێمە سەر ئەو فەرمانە. عەبدولواحد زۆر سەغڵەت بوو، حەقیشی هەبوو لە

سەغڵەتییەکەی، کە نەیدەزانی چۆن بێ بڕیاری دادگا لە حەبسیان بهێڵێتەوە و چۆناوچۆنی خۆراکیان پێ بدات، گوتم ئەمە سەریەشەی خۆتە... ئیتر نەمزانی چی کردەوە لەم مەتەڵە. لە دەمی ئەم نووسینەدا ۱۹۸۷/۱۰/۲۹ چەندێکی ویستم شتێک لەبارەی بابانایەتی عەبدولواحدەوە بزانم هیچ چنگ نەکەوت.

لێرەدا نوکتەیەک دەگێڕمەوە: لە سەفەری یەکەم جارم بۆ چوارتا حاکم بورهان لە هەورازە ڕک و پێچاوپێچی ڕێگاکەی شاخی ئەزمەڕ ترسی وەرگەڕانی گەڕۆکەکەمانی هەبوو، ناوناوە لە لێخۆڕەکەی دەبزرکاند: ئەها چت کرد، کوڕە نەکەی... پێم گوت گرەوت لەگەڵدا دەکەم گەڕۆک وەرناگەڕێ، ئەگەر وەرگەڕا من سەد دینارت بدەمێ ئەگەر نا تۆ پێنج دینارم بدەیێ. لەودەمە نارەحەتەدا کاک بورهان بۆ ئەوە نەچوو کە ئەگەر وەرگەڕانی بۆ بنی شاخ سەد دینارەکە لە خۆوە دەسرێتەوە، هەر ئەوەندەی بۆ هات وەک دادپرسێک لە دەعوای مەدەنی بڵێ چۆن دەشێ سەد دینار بەرانبەر پێنج دینار بێ؟ ئێستاش ئەو پێنج دینارەم قەرزدار دەبوو...

لە سلێمانی چەند مانگێکی حاکمەتیم لە خانوویێک ڕابوارد دەیانگوت هی حاجی مارفە، من خاوەنیم نەدیت بەڵام وەها دەزانم دەبێ باوکی د. ئاوڕەحمانی برا و برادەرم بووبێت، لە سەراوە نزیک بوو لە چاو حاڵ و باری ئەم سەردەمەش ڕێک و پێک و هەرزان بوو. ماڵی کۆیەم هەر ئاوەدان مایەوە. بۆ من ڕابواردن و گوزەران لە سلێمانی بەلای خۆشیدا بوو، ناسیاوم زۆر بوون، کاتی وەڕز بوون لە دەفتەری ڕۆژانەمدا جێی نەبوو وەزیفەکەشم هی ئەوە نەبوو چاوسوورکەرەوەی بە سەرەوە بێت، مامۆستا یەکتاش هیچ نەیدەپرسییەوە کەی دێم، کەی دەچم.

من لە ۳-۱۰-۱۹٥۱ بە هۆی دەردێکی سەرمای لەنکاوی سەرەتای پاییزەوە بۆ ماوەی شەووڕۆژێک خواردن و خواردنەوە و جگەرە و هەرچی چووبایە هەناو لێیان دزام، نەمدەتوانی سەیریشیان بکەم. کە ئەو دەردە جگەرەی لە پێش چاوم خست، هەر چونکە زۆرم زەرەر لێ دەدیت، دوای بەسەرچوونی دەردەکە، بە بێدەنگی، خۆم لە جگەرە نەیار کرد. یەک دوو ڕۆژ تێپەڕی بێ ئەوەی مجێزم بۆی ببزوێت. لە حەفتەیەکدا چی گلەیی هەمبوو لەلایەن کۆخە و سینگ ئێشە و هەناسەوە نەما و ئارەزۆشم بەتەواوی بۆ جگەرە کپ بوو. کە ساڵ دەوری دایەوە و کەوتینە مانگی دەی ۱۹٥۲، لە سلێمانی، بە جۆرێک ئارەزۆم بۆ جگەرە زیندوو بۆوە تاقەتی لێ بڕیم. وادەبوو لە ڕێگە دەڕۆیشتم نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم. پازدە ڕۆژێکان بەم جۆرە لە عەزابێکی گەورەدا بووم. عەجایب ئەوە بوو ئەو ئارەزووە کوشندەیە وەها سواری هەست و هۆشم بووبوو وەک یەکێکی کوتەکی لە بناگوێی درابێت، کاتێک هەستم بە خۆم کردەوە چەند ڕۆژێک بوو مەیلی جگەرەم لە بنەڕەتدا نەماوە. ئیتر جارێکی دیکە لێم بەخەبر نەهاتەوە.

لەگەڵ خوا لێ خۆش بووی حاکم (سعاد مبارک) بەیەکەوە لە ژوورێکدا بووین، شارەزای تەبیاتی یەکتر و کۆنە برادەریش بووین لە دەمی خوێندنی حقوقمانەوە. ڕاستییەکەی بە خاترانە من لە سلێمانی بە (حاكم اضافي) داندرام هەتا نەخرێمە قەزایێکەوە دەنا دەبوو بچم لە چوارتا خێوەتێک هەڵبدەم ئیتر سەرپەرشتی کردنی ئەوێیان خستە سەر ناوی وەزیفەکەم، مانگی دوو جاران وەیا کەمتر، سەردانی ئەوێم دەکرد.

ئەوسا سلێمانی لە چاو شاری دیکەی وڵات، جگە لە کەرکووک، خۆی بە گەورە دەنواند بەڵام لە چاو

ئێستاکەی شارۆچکە دەردەچوو. وەک لە سەرژمارەکەی ساڵی ١٩٥٧ دەرکەوت ٣٣ هەزار دانیشتووی هەبوو، هەولێر ٢٧ هەزار بوو، کۆیێ ٧٨٠٠ بوو، بەڵام جموجووڵی خەڵقەکەی چ لە رووی رۆشنبیری چ رامیاری چ توجاری و هەر بارێکی دیکەوە بێت بە زیادەوە هێزوپێزی پێوە دیار بوو. سەرکزەڵەیی لەو شارەدا نەدەدیترا. کەسێکی نانی شەوانەی هەبوویێت تەڕدەماغ و شەن دەردەکەوت. بە زۆری شەوان لە ماڵی برادەرێک و ناسیاوێک کۆبوونەوەمان دەبوو، خانەخوێ هەمیشە وەک حاتەم دەهاتە کایەوە. کە دڵۆپە منی دەگرتەوە نیوەرۆژەم بۆ سازدەدان...

لە کولانەی وەزیفەی حاکمایەتییەوە دیتم گەلێک باری نالەباری ئاژاوە و فیراری و تۆمەتی تاوانباری لە هیچە بە نەزانی وەیا دڵ کرمێیی مووچەخۆرە زلەکان سەری هەڵدەدا. بە نموونە لە ناحیەیەکەوە فایلی گومان لێکراوێکی فیرارم بۆ هات بە شایەدی زۆرەوە لەسەر هەندێ کە کابرا رووخێنەر و شیوعی و نازانم چییە، هەموو (دلیل) و (مستمسک)یش ئەوەبوو لە ماڵەکەی دەفتەرێکی شیعری حەماسی و دووسێ وێنەی منداڵانەی قاچ و دەستی بە کۆتەوە گیرابوو... شایەدەکانم هێنا بێ چاوڕاو پێم گوتن درۆ نەکەن دەنا دەعواکە دەچێتە عورفیی بەغدا، ئەوانیش بە دەعواوە بۆ ئەوێ بەڕێ دەکرێن. هەر لەبیرمە چۆن بزڕکان و سوێندیان لەسەر هێندێ خوارد کە ئەو فیرارە چ خراپەی نییە و چییان لێ بەدی نەکردووە کە جێی گلەیی بێت... دەعواکەم هەنارد بۆ بەغدا کە بڕیاری داخستنی لەوێ دەربچێت چونکە لەو دەمانەدا حاکمی تەحقیق دەیتوانی خەڵق بگرێت، بەرەڵڵا کردنیان لە دەستەڵاتی عورفیی بەغدا بوو... لە حەفتەیەکدا دەعواکە بەو شێوەیەی داوام کردبوو گەڕایەوە. ئەو تۆمەت لێ کراوە مەحکەمەشی نەدیت رەها بوو لە تۆمەتەکەی.

نموونەیەکی دیکە لەم بابەتە، کە هەرای کۆتایی ساڵی ١٩٥٢ لە بەغدا بەرپا بوو، سەری کێشایەوە بۆ هاتنی حکومەتی فریق نوورەددین مەحموود (سەرەک ئەرکانی سپای ئەو دەم) ترس هەبوو لە پەرەسەندنی ئاژاوە. موتەسەڕریفی سلێمانی هاتە لای ئێمەی حاکمانی دادگای سلێمانی، دەری بڕی کە بۆ بەردەوام کردنی هێمنایەتی لە سلێمانی پێویستە بە چەند کردەوەیەکی پارێزگاری وەک گرتنی کەسانی ئاژاوەساز و یاساغ کردنی کۆبوونەوە و شتی ئەوتۆیی. لێی داواکردین کە ئەگەر پەسەندی رایەکەی بکەین دەبێ سەرپێچی نەکەین لە دەرکردنی بڕیاری قانوونی بەپێی داخوازی هەڵکەوت. هەر چوار حاکم یەک دەنگ گوتمان رازی نین بەوەی چ کەس بگیرێ وەیا هیچ کردەوەیەکی خەڵق شێوێن بکرێت بێ ئەوەی خراپە رووی دابێت، ئەوساش قانوون چ بڵێت ئەوە پەسەند دەکەین. خوا هەڵناگرێ موتەسەڕریف بە قەناعەتەوە نەک لە بێدەسەڵاتییەوە قسەی سەلماندین و سلێمانی لە باری ئاساییدا مایەوە.

موتەسەرریفی سلێمانی لەو دەمەدا جەلال خالد بوو کە کە لە رۆژگاری هەرای رەشید عالی گەیلانی ساڵی ١٩٤١ موتەسەرریفی بەغدا بوو، دەستیشی تێدا بریندار بوو. پەنجەیەکی یەک لە دوو دەستەکانی کەم بوو. چەند ساڵێک [دوای بەربوونی لە حەبسییەکی کورتیلە] بە ناگزووری رابوارد. لەگەڵ کاکە زیاد و گرووپی برادەرانی نزیکی خۆی شناسایی هەبوو توتنەوانیان بۆ لە بیتوێن دادەمەزراند و منیش لەو

ساڵانەدا هەر لە ڕێی ئەو دۆستانەیەوە شناساییم لەگەڵی پەیدا کردبوو. کە حاکم بووم لە سلێمانی هەوەڵ جار ئەو هاتە دیدەنیم، هێندەش یارانی و گەرموگوڕ بوو لە دۆستایەتی باس ناکرێت. ئەو دڵ فەراحییەی بوو وەهای کرد بێ دەمەتەقە قسەمان لێ بسەلمێنێ، نوکتەچییەک بوو تاکی نەبێ. لە هەشتاکاندا کۆچی دوایی کرد.

هەر لەو سێ چوار مانگەدا بە خوێندنەوەی فایلی جزائی و بە قسە وەرگرتن لە برادەری ڕاستگۆ زانیم زۆر کەس هەن قاچاغی حکومەتن بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆیان کردبێت داخوازی ئەو هەموو توندوتیژییە لە کاربەدەستانی ئیدارە و پۆلیس بکات. مەرحوم شێخ ڕەئووفی<٣٣> شێخ مەحموود لەگەڵم دوا لە بارەی چەند قاچاغێکی ئەوتۆیی کە لە لای شێخ لەتیف بوونەتە پەنابەر. بەڵێنم دا بە هەوڵی بێدرێغ بۆ چارە کردنی کێشەی ئەو تاقمە. وەک لە خوێندنەوەی فایلەکان و لە قسەی خەڵقی بێلایەنیش حاڵی بووم چی شێخ ڕەئووف بۆی گێڕابوومەوە ڕاست بوو. بە پێی ئەوەی کابراکان سەر بە قەزای چوارتا بوون چارەسەرکردنیان لە دەست خۆمدا بوو. من کەوتمە باری توێژینەوە لەو مەسەلانە، هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلەمان هاتە پێش و منی لە سلێمانی دوور خستەوە بۆ هەرای هەڵبژاردنەکەی کۆیێ. بەداخەوە مەسەلەی ئەو قاچاغانە بەبێ چارە کردن مایەوە، ناشزانم دوای من چۆناوچۆنی قاڵبی بەست.

چۆن بووم بە نوێنەری کۆیە

فەریق نوورەددین مەحموود کە بە خۆی و کەسایەتیی عەسکەرییەوە بوو بە سەرەک وەزیران بۆ کوژاندنەوەی نمایشتەکانی بەغدا لە کۆتاییی ساڵی ١٩٥٢ وەهای پەسەند کرد بۆ دڵدانەوەی خەڵق هەڵبژاردنێکی تازەی نوێنەران بسازێنێت. بڕیار دەرچوو بە هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی ئەوسا بۆ هەڵبژاردنی یەکێکی نوێ. من خەریکی سەرپەرشتی کردنی پێداویستی هەڵبژاردنی قەزای چوارتا بووم جەلال تاڵەبانی نوێنەری حیزبی دیمۆکراتی کورد لە کۆیێ هاتە سلێمانی...

شەو لە ماڵی ئەمیناغای حاجی مەلا موحیەددین چوار قۆڵی: برایم ئەحمەد سکرتێری پارتی، مام جەلال و ئەمیناغا و من کۆبووینەوە. دیارە بە ڕۆژ مام جەلال لەگەڵ برایم ئەحمەد ئەو کۆبوونەوەیان بەو جۆرە پەسەندکردووە دەنا من لە خۆوە نەمدەزانی کۆیێ ڕاسپاردەی هەیە بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەی لەسەر دەکرێت.

مام جەلال گوتی، برادەرانی حیزبی دیمۆکراتی کورد لە کۆیێ وایان پەسەند کرد بۆ ئامادە بوون لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن بکەونە چالاکییەوە. هەوەڵ هەنگاوی سەرکەوتوویان ئەوە بوو کەوا هەموو لیژنەکانی هەڵبژاردن کەوتە دەست ئەم «لایەنە» کە ئیتر بە زەحمەت حکومەت پێی دەکرێ فێڵبازی لەو هەڵبژاردنەدا بکات، مەگەر چاووڕاو و خەڵق ترساندن دەنا ڕێگەی فێڵ و سندۆق گۆڕین و شتی ئەوتۆی لێ بەستراوە، ترساندنیش شتێک نییە، ئەم لایەنە، لە چالاکیی خۆی بگێڕێتەوە. بە ڕێکەوت حاکمی ئەوسای دادگای کۆیەش، مامۆستا جەوهەر عەزیز دزەیی سەر بەم لایەنە بوو، ئەمیش هێزێکی زلی ڕەسمییە بە دەست لایەنەکەوە. ئامۆژگاریی لیژنەی کۆیە ئەوەیە، یەکێک پاڵاوتە بکات و تاقیکردنەوەیەکی